


### لە ٦٢ هەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا

# دەبێت هەستی بەرپرسیاریەتیمان لە ئاستی مێژووی پڕشکۆی پارتیدا بێت




## ڕێبازی بارزانی
## پێش دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كوردستان

پارتی دیموكراتی كوردستان كە پێش ٦٢ ساڵ لەمەوپێش لەسەر دەستی باوكی نەتەوەیی كورد مستەفا بارزانی دامەزرێنرا، وەك پێویستیەك بۆ ڕێكخستن و بەردەوامی بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان دامەزرا،بەڵام پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت بزوتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان وەك بزوتنەوەیەك كە سەرجەم پێكهاتەكانی كوردستان لە خۆی بگرێت دەستی پێكردبوو، مستەفا بارزانی لە گەڵ دەسپێكی شۆرشی دووەمی بارزان سنوری ناوچەگەریی و سۆرانی و كرمانجی بەزاندبوو، عەبدولرەحمان عەزام پاشای ئەمینداری كۆمكاری عەرەبی ئاگاداركرابۆوە هەتا كێشەی كورد چارەسەر نەكرێت رۆژهەڵاتی ناوەراست ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت هەڤاڵانی لیژنەی ئازادی بە ڕێبەرایەتی مستەفا بارزانی داواكارییە رەواكانی شۆرشی كوردستان درابووە حكومەتی پادشایەتی عێراق و لە ڕێگەی ماجد مستەفاوە (كەوەزیر بوو لە حكومەتی ئەوكاتی عێراق ) دانوستاندن لە نێوان شۆڕش و حكومەتی عیراقدا دەستی پێكردبوو، پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت مستەفا بارزانی بریاریدابوو كە كوردستان یەك كوردستانە و كێشەی كورد هەمووی یەك كێشەیە و بوار بۆ هەر پارچەیەك بێتە پێشەوەو لە هەرپارچەیەكدا خۆری ئازادی هەڵبێت هەموو پارچەكانی دیكەی

**هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری پێویستی بە پارتێکی سیاسی پێشڕەو هەیە**



کودستانیش ڕووناك دەکاتەوە، پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت، مستەفا بارزانی بڕیاری دابوو ئەرکی شۆڕش و پێشمەرگە پاراستنی ئاڵای کوردستانە و هەرکەسێ دژی ئەو ئاڵایە بێت دژی سەرجەم نەتەوەی کوردە، پێش ئەوەی پارتی دابمەزرێت مستەفا بارزانی بڕیاریدابوو کەدەبێت هەموو پێکەوە بۆ ڕزگاری و سەرفرازی کوردستان خەبات بکەین و دەبێت هەموو پێکەوە سەربەرز و سەرفرازبین، شۆڕشیش بۆ ئەوەیە لە خزمەتی خەڵکدا بێت.

## دامەزراندنی پارتی
## وەک ڕێکخەری بزووتنەوەی کوردایەتی

کورتکردنەوەی ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (پارتی) یەکێکە لە سەروەرییەکانی مێژووی پڕ سەروەریی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیاکردنەوەی تایبەتمەندی دروست بوونی پارتی دیموکراتی کوردستانە وەك پارتێکی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا، هەربۆیە لەسەر زاری هەر چوارپارچەی کوردستان پارتی ناسنامەیە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرەکەی مستەفا بارزانی،ئەمڕۆ کە یادی ٦٢ هەمین ساڵیادی پارتی دەکەینەوە دەبێت هەموومان لەسەر ناساندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پارتی هەڵوەستە بکەین و لەوە وردبینەوە بۆ گەلی کوردستان بە جیاوازی نەتەوەو ئاینەوە ئەم نازناوەیان بە پارتی بەخشی و وەك پارتی سەرجەم گەلی کوردستان بە جیهانیان ناساند، لێرەدا ئەگەر ئەندامانی پارتی خاوەنی ئەو شانازییە بن کە پارتەکەیان کێشەی گەلی کوردستانی وەك کێشەی گەلێکی زۆر لێکراو بە جیهان ناساندبێت، دەبێت هەموو ئەندامانی پارتی خۆیان بە قەرزاری گەلی کوردستان بزانن کە پارتیان وەك نوێنەری خۆیان بە جیهان ناساندووە و وەك پارتی خۆیان بە جیاوازی ئاین و نەتەوەو بیروباوەڕی سیاسیشەوە لە ناو ئەو شۆڕشەدا گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی کە پارتی ڕێبەرایەتی کردووە، دەبێت لە ٦٢ هەمین ساڵیادی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەندامان و لایەنگرانی پارتی چاوەڕێی ئەوە نەبن خەڵك بێت پیرۆزباییان لێبکات، بەڵکو دەبێت ئەندامان و لایەنگرانی پارتی لە هەرشوێنێك هاوڵاتیەکی کوردستانیان بینی بە تورکمان و کلدو ئاشوری و سریان و تەنانەت عەرەبەکانی هاوڵاتی کوردستانیش دەستی یەکەیەکەیان بگوشێت و ئەو سەردەم و ڕۆژگارە زیندوو بکاتەوە، کە هەموو گەلی کوردستان پارتیان بەڕەشماڵی کۆکردنەوەی سەرجەم بیروبۆچوونی جیاواز و کۆکردنەوەی سەرجەم نەتەوەوئاینەکان سەیردەکرد، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی هەموو کات بەگشتی و لە ساڵیادی ڕۆژی دامەزراندی پارتیدا بەتایبەتی، پێناسەی ڕاستەقینەی پارتایەتی لەناو پارتیدا بۆ گەلی کوردستان بکاتەوە نەك تەنیا لە ڕێکخراو ناوچەو لقەکانی پارتیدا .

دەبێت ئامانجە سیاسییەکانی پارتی لە دروشمە حیزبیەکاندا بچووك نەکاتەوە و بەڵکو دەبێت ئامانجە سیاسیەکانی دروشمی پارتی بێت ئەو پارتەی لە ناخی هەموو کوردێکدا پارتییە وەك ڕەشماڵی کۆکردنەوەی سەرجەم گەلی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکانیەوە، نەك حیزبێکی سیاسیی سنوردار یان ئایدۆلۆژی .

ئەم تایبەتمەندیانەی پارتی و ئەو جیاوازییەی کە پارتی لەهەر حیزبێکی سیاسیی دیکە جیادەکاتەوە . پارتی بۆتە ئەو ناوەندەی ڕێکەوتنە سیاسیەی نیوان سەرجەم بیروبۆچوونە جیاوازەکان و سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان کە یەك ئامانج کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش ڕزگاری و سەرفرازی کوردستانە، پارتی جیا لەهەر پارتێکی سیاسی لە مێژووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێش دروست بوونی کۆمەڵێك ئەرك وئامانجی بۆ دیاریکراوە کەدەبێت ئەو پارتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەرك وئامانجانە بەرنامەی بۆ دابنرێت و لە پێناوی ئەو ئەرك و ئامانجە خەبات بکات، هەربۆیە هەر کەس و تاکێك لەگەل ئەو دروشم و ئامانجانە یەکبگرێتەوە کە پارتی لە پێناویدا دامەزراوە خۆی لە ناو پارتیدا دۆزیوەتەوە، یان ئەگەر هەڵگری بیروباوەڕێکی تایبەتی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژی چەپ یان ڕاست بووبێت لە ناو پارتی یان لەژێر سێبەری پارتی ئۆقرەی گرتوەو وەك پارتی بە جیاوازی بۆچوون و بیروباروەرییەوە لەگەڵ پارتیدا بۆتە هاو ئامانج و هەریەك لەو کەسانەش لە پێناوی ئەو هاوئامانجیە شەهید بووبێت وەك شەهیدی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ کراوە و هەمان مافی ئەو پێشمەرگە شەهیدەی هەبووە کە ئەندام یان کادری پارتی بووە.

ئەم جیاوازی و تایبەتمەندیانەی پارتی چەند مایەی شانازییە بۆ ئەندام و لایەنگرانی پارتی هێندەش ئەرکی ئەندام و لایەنگرانی پارتی قورستر دەکات و دەبێت هێندەی مێژووە پرشکۆکەی پارتی هەست بەبەر پرسیاریەتی بکات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروست بوونی پارتی، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەك ؟ بێگومان گەڕانەوە بۆ مێژوویەك کە ئەم ڕەهەندانەی لێ بخوینرێتەوە:

١- یەکریزی و یەکگرتن و ڕێککەوتن.

مێژووی دروست بوون یان بیرۆکەی دروست بوونی پارتی و

ڕۆڵی پارتی لە ناو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستاندا وەك مستەفا بارزانی باوکی نەتەوەی کورد لە بەرنامەی بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە گوتارەکەی باکۆ کەوەك ڕێبەری نەتەوەی کورد بەرنامەی بۆ کۆماری کوردستان دارشتووە، بوونی پارتی سیاسی بۆ ڕێکخستنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی لەم سێ خاڵە گرنگەدا چردەکاتەوەو پێی وایە هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری پێویستی بە پارتێکی سیاسی پێشرەو هەیە هەتا یەکریزی و یەکگرتوویی و ڕێککەوتن لەناو بزوتنەوە شۆڕشگێریەکەدا دروست بکات و هەربزوتنەوەیەکی شۆڕشگیری ئەگەر پارتێکی سباسی لەپشتەوە نەبێت سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت ئامانجەکانی قۆناخی ڕزگاری کە سەرفرازییەو ئامانجەکانی دوای قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی کە بونیادی کیانێکی سیاسیە بەدیبهێنێت .کەواتە لەساڵیادی پارتیدا دەبێت ئەم سێ ئامانجە (یەکریزی، یەکگرتن،ڕێککەوتن ) ڕەنگدانەوەی هەموو دروشمەکانمان بێت، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی وەك خۆی ئەم سێ ئامانجە ڕاڤە بکەن و خەباتی لە پێناو بکەن، لای پارتی ئەم سێ ئامانجە بە پلەی یەکەم بۆ ناو ریزەکانی گەلی کوردستانە نەك بۆ ناو ریزەکانی پارتی، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی لە ناو قوتابخانەی پارتیدا ئەم سێ ئامانجە بوبێتە بەشێك لە ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەیان و لە هەوڵی جێبەجێکردنیدا بن لە ناو ریزەکانی گەلی کوردستاندا، بێگومان دەبێت لە جێبەجیکردنیشدا هۆشیاربین نابێت ئەم هەوڵانەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی بۆ پروپاگەندەی حیزبی و بە پارتیکردنی خەڵك بێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە ئامانجی پارتی هاو ئامانج بوون و هاوهەڵوێستی سەرجەم گەلی کوردستانە بۆ مەسەلە سەرەکی و چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستان نەك بەرنامەو ئایدۆلۆژیەتی پارتی، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی شانازی بە هاو ئامانجی و هاو هەڵوێستی سەرجەم گەلی کوردستانەوە بکەن نەك هاو ئەندامی لە ریزەکانی پارتیدا، دەبێت ئەو ڕۆژە پرسەرەوەرییانەی پارتی لە شۆڕشی ئەیلولدا بەیادی خۆیان و سەرجەم گەلی کوردستان بهێنەوە، بەوەی ڕاستە پارتی ڕێبەرایەتی ئەو شۆڕشەی دەکرد بەڵام زۆر لە پێشمەرگەی ئەم شۆڕشە گەورەیە ئەندامی پارتی نەبوون و بەڵکو لەهەندێك حاڵەتدا حزبێکی گەورەی وەك حزبی شیوعی کە ئەوپەری چەپ بوو، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد( کاژیك) کە ئەوپەری ڕاست بوو، ئەمە بێجگە لەچەندین حیزبی تایبەت بە نەتەوەکانی دیکەی کوردستان هەموویان پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول هەموو ئەوانەش لەرێگەی حیزبی خۆیانەوە و بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان خەباتیان بۆ ئەو ئامانجە دەکرد کە لەگەل پارتیدا یەکیان دەگرتەوە، هەرئەمەش ببوە هۆکاری ئەوەی کە تێکرای پارت و هێزە سیاسیەکانی کوردستان مستەفا بارزانیان وەك سەرۆك و ریبەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەیر دەکرد و لە چوارچێوەی شۆڕشدا بریار و ڕاسپاردەکانی بارزانی وەك بریارو ڕاسپاردەی سەرۆکی هەموو کوردستان لەلایەن هەموو گەلی کوردستان و سەرجەم پارت و لایەنە سیاسیەکان جێبەجێ دەکرا .

ئەم سیمایەی یان ئەم تایبەتمەندییەی پارتی بریاری سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسیی پارتی نەبووە و بەزەبری هێز بەسەر خەڵکدا نەسەپێنراوە، بەڵکو لەبنەرەتدا دروست بوون و دامەزراندنی پارتی ڕێککەوتنێکی سیاسی نێوان زۆربەی پارتە سیاسیەکانی ئەوکاتەی کوردستان و کەسایەتیەکانی کوردستان بووە کە بوونی پارتێکی



سیاسی وەك ڕێکخەر بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان پێویستیەکی ئەو قۆناخە بووە و دروست بوونی پارتی پێوێستیەك بووە لە ناقۆناخێکی پر لە نائومێدیدا بۆ ژیانەوەی ئومێد و خوێنتێزانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان و خۆئامادەکردن بووە بۆ هەستانەوەو درێژەپێدان بە ڕێبازی بارزانی کە لە ماوەی ساڵی ١٩٤٥-١٩٥٨ ڕێبەری شۆرش جەنابی مستەفا بارزانی ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بووبوو.

٢- تەوافق و نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان

ئەمەش بنەمایەکی گرنگ و تایبەتمەندیەکی دیکەی پارتی و نهێنیەکی دیکەی مانەوەو بەردەوامی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بێگومان لەوانەیە بۆ ئەمرۆ وەك ساڵی ١٩٤٦ ئەم خاڵە ناخمان نەهەژێنێت، بەلام بۆ سەرەتای دامەزراندنی پارتی کە پێشتر مستەفا بارزانی سنوری ناوچەگەری بەزاندبوو، شۆڕشی سەرتاسەری لەکوردستاندا بوونی نەبوو، هەربۆیە بۆ زیاتر چەسپاندن وڕێکخستنی ئەو ئامانجەی مستەفا بارزانی هەنگاوی بۆ هەڵگرتبوو، دەبوو لە سەرکردایەتی پارتیدا هەموو پێکهاتەکانی کوردستان پێکەوە کۆبکرێنەوەو پێکەوە بەرپرسیاریەتی پێکەوە گرێدانەوەی کوردستان بکرێتە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەك، ئەم هەنگاوە پێکەوە گونجان وپیرۆزکردنی هەر بستە خاکێکی کوردستانی لای تەواوی تاکەکانی کوردستان پیرۆزکرد، ئەو جیاوازییەی نەهێشت کە ئەمە

●●●

**هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگیری ئەگەر پارتێکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت سەرکەوتوو نابێت و ناتوانێت ئامانجەکانی قۆناخی ڕزگاری کە سەرفرازییەو ئامانجەکانی دوای قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانی کە بونیادی کیانێکی سیاسیە بەدیبهێنێت**

●●●



**لەبنەڕەتدا دروست بوون و دامەزراندنی پارتی ڕێککەوتنێکی سیاسی نێوان زۆربەی پارتە سیاسیەکانی ئەوکاتەی کوردستان و کەسایەتییەکانی کوردستان بووە کە بوونی پارتێکی سیاسی وەک ڕێکخەر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان پێویستیەکی ئەو قۆناخە بووە**

هەولێرە یا سلیمانیە یان دیاربەکرە یان مهاباد، ڕۆڵەکانی کوردستان ئامادەباشیەکیان تیا دروست بوو کە هەموو ناسنامەی کوردستان بە ناسنامەی خۆیان بزانن، لە دیالۆگ و دانوستاندنەکانی نێوان شۆرشی ئەیلول و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا هەموو کات داکۆکی کردن لەسەر مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەکانی کوردستان خاڵە گرنگەکانی نێوان شۆرشی کوردستان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی کوردستان بووە و جێگەی شانازییە بۆ مێژووی گەلی کوردستان کە مستەفا بارزانی هێندەی داکۆکی لەمافی نەتەوەی تورکمان و کلدو ئاشوری کردووە هەرهێندە داکۆکیشی لە مافەکانی کورد کردووە، هەروەها بۆ چەسپاندنی لێبوردەیی ئاینیش لە کوردستاندا هەموو کات پارێزەری ڕێزگرتن لە هەموو ئاینەکانی کوردستان بووە بە ئیسلام و مەسیحی و ئاینی یەزیدیشەوە،نوێنەری هەموو ئەم پێکهاتانەش لەسەرکردایەتی پارتی وسەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولدا بونیان هەبوەو بە قەوارەی خۆشیان لەریزەکانی پارتی خەباتیان کردووە و لە ناو شۆرشی ئەیلولیشدا بە قەوارەی خۆیان قوربانیان داوە، ئەم ڕێبەرایەتییەی بارزانی بۆ شۆرشی رزگاری کوردستان، گەلی کوردستانی بە جیاوازییەکانییەوە لە نێو ناسنامەی کوردستانیبووندا کۆکردبۆوەوە، هەربۆیە رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق کاتێك نەیاندەتوانی درزو کەلێن بخەنە نێو ریزەکانی گەلی کوردستان، شێتانە لەیەك کاتدا مزگەوت و دێر و کەنیسەیان بەیەك جۆر بۆمبا دەروخاند، لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنی شۆریشیش کە ئەوکات زیاتر ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن لەبەردەستی سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان بوو، دەنگی سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بوو، هاوکات لەگەڵ پەخشی زمانی کوردی بەزمانی تورکمانی و سریانیش پەخشی بەرنامەکانی بۆ نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان دەکرد، بەمەش هەموو گەلی کوردستان لە ناو شۆرشی ئەیلولدا ببوە ئەو خێزانەی کەلە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەش بن، ئەمەش بۆ یەکەمجار بوو لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان ئەم وەرچەرخانە گەورەیە بێتە ئاراوە، هەربۆیە پارتیش بووە پارتی پێشرەوی سەرجەم کوردستان و مستەفا بارزانیش بووە سیمبولی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەسەرتاسەری کوردستاندا .بۆ ئێستا و لەمساڵیادەدا پێویستە ئەم تایبەتمەندیە گرنگەی پارتی جارێکی دیکە جەختی لەسەر بکرێتەوەو دەبێت ئەندامانی پارتی لەناو حکومەتی کوردستاندا کاتێك دەبینین سەرکەوتنی حکومەت پێویستی بەو تەوافق و پێکەوە سازان هەیە و پێویست بەوەیە کە لە بوارێکدا ناهاوسەنگیەك هەیە دەبێت خۆی دەستپێشخەربێت و شوێنەکەی خۆی بۆ نوینەری ئەو پێکهاتەیە چۆڵ بکات بۆ ئەوەی هاوسەنگیەکە ڕاست بکاتەوە، نەك پارتی بکاتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لەسەر حسابی پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان شوێنی خۆی بکاتەوە، ئەم خاڵە کە گەوهەری لە خۆبوردیی و بواردان بۆ خەڵکی دیکەیە لە ڕێبازی بارزانی و بەرنامەی پارتیدا، دەبێت ئەندامانی پارتی وەك چاوی خۆیان بیپارێزن، نەك بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان وایان لێبکات پێشلیبکەن.

**٣- هاو ئامانجی و هاو هەڵوێستی**

پارتی هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لەسەر بنەمای هاوهەڵوێستی و هاو ئامانجیەوە دروست بووە،واتە ئەوەی گرنگە لای پارتی ئەوەیە خەڵکی کوردستان لەسەر مەسەلە سەرەکیەکان هاو ئامانج و هاو هەڵوێست بن، هەربۆیە ئەندامانی پارتیش هێندەی جەختیان لەسەر پرانسیپە گشتیەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و پرانسیپی کوردایەتی کردۆتەوە، هێندە جەختیان لەسەر پرانسیپە حیزبیەکان نەکردۆتەوە، هەر ئەم پرانسیپە گرنگەی پارتییە کەوای لە سەرۆك مسعود بارزانی کردووە هەموو کات ئامادەبێت لە پێناوی هاوئامانجی و هاوهەڵوێستی خەڵکی کوردستاندا قوربانی بەهەموو شتێکی پارتی بدات تەنها ناوی پارتی نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ناوی پارتی هاوکۆکی خەڵکی کوردستانە کەدەبێت پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی پارتی بێت،دامەزرێنەرانی پارتی، پارتی دیموکراتی کورد پاشان پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندووە، بەڵام پارتی نازناوی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو پارتەو هەروا لە خۆراش ئەم هاودەنگیە بۆ ناوی پارتی دروست نەبووە،

**دروست بوونی پارتی پێویستییەک بووە لە قۆناخێکی پڕ لە نائومێدیدا بۆ ژیانەوەی ئومێد**



هەر سەبارەت بەم خاڵەو ئامانجی پارتی بۆ هاو هەڵوێستی و هاوئامانجی خەڵکی کوردستان زۆر لەو خەڵکە شۆرشگێرەی بە ناوی پارتی ولەسەر ناوی بارزانی لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێرو دهۆك لەلایەن رژێمە یەك لەدوایەکانی عێراقەوە گیران ولەسەر ئەوەی داوایان لێکرا پاکانە لە پارتیبوونی خۆیان بکەن و قسەی نەشیاو بە جەنابی مستەفا بارزانی بڵێن،جێبەجێیان نەکرد، هەموویان بەزیندووی خرانە ژێرگڵەوە، ئەوە جێگای شانازییە پارتی لەم رۆژەدا یادی ئەو قارەمانانە بکاتەوە کە ئەندامی پارتی نەبوون، بەڵام ئامادەبوون بەزیندووی بخرێنە ژێرگلەوە، بەڵام بە سوکایەتیان زانی پاکانە لە پارتی بکەن و قسەی نەشیاو بە رێبەرەکەیان بڵێن، بۆ ئەمرۆ دەبێت ئەم مێژووە پرشکۆ و سەروەرییە هەموومان بەهۆش خۆمان بهێنێتەوەو خۆمان بخەینە بەردەم ویژدانی ئەو شەهیدانەو داوای لێبوردنیان لێبکەین ئەگەر رۆژێك لە پارتیمان بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکار هێنابێت و هەستی بەرپرسیاریەتیمان لەئاستی ئەو مێژووە مەزنەدا نەبووە .

## پارتی و کەرکوک

پارتی یەکەمین حیزبی کوردستانییە کە یەکێك لە کۆنگرەکانی خۆی لە کەرکوك گرێداوە و یەکەم پارتی کوردستانیشە کە لە پێناوی کەرکوك قوربانی بەهەموو خەبات و سەروەریی و شۆرشی مەزنی ئەیلول داوە . پەیوەندنی نیوان کەرکوك و پارتی وەك پەیوەندنی نێوان دڵ و جەستەی هەر تاکێکی کوردستانە و ئەرکی ئەندام و لایەنگرانی پارتییە کە ئەم گرنگیەی کەرکوك لە رێبازی بارزانی و پەیرەو پرۆگرامی پارتیدا بۆ دۆست و دوژمن روونبکاتەوە، بەتایبەتی لایەنی بەرامبەرو ناحەز دەبێت ئەو خەوە لە خەیاڵی خۆی بباتە دەرەوە کە بیەوێت دانوستاندن لەسەر ناسنامەی کوردستانیەتی کەرکوك لەگەڵ کوردا دابمەزرێنێت،تێگەیشتنی بەرامبەر لەم راستییە کە مستەفا بارزانی بریاری لەسەرداوە، برینی نیوەی رێگای کەرکوکە بۆ گەرانەوە بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان، تێگەیشتن لەم هەڵوێستەی کە راسپاردەی باوکی نەتەوەیی کورد و دامەزرێنەری پارتییە، مانای پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجان دەخاتەوە سەر ئەندام و لایەنگرانی پارتی بۆ ئەوەی ئەم گیانە جارێکی لەناو سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستاندا رەنگبداتەوە، زیندووکردنەوەی پرانسیپەکانی شۆرشی شۆرشی ئەیلولە کە خوینی سەرجەم پێکهاتەکانی لەنێو سەنگەرەکانیدا تێکەڵ بەیەکتری دەکرد و هەر لە ناوسەنگەرەکانی شۆرشی ئەیلولیشدا بە دەستی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان ئاڵای کوردستان بەرزدەکرایەوە .

## پارتی و رێکخستنی زمان و کەلتور دابەشکردنی بەرپرسیاریەتیەکان

مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها مێژووی سەنگەرو خەباتی چەکداری و سیاسیی نییە، هەربۆیە کاتێك خەڵك روودەکاتە پارتی یان کاتێك پارتی لەدەسەڵاتدا دەبێت خەڵکی کوردستان هەموو داواکارییە نەتەوەیی و کەلتوری ورۆشنبیری و پێداویستیەکانی رووبەرووی سەرکردایەتی پارتی دەکاتەوە، ئەم داواکردنەش تەنها داوای نەتەوەی کوردستان نییە لەکوردستاندا، بەڵکو وەك لە دوایین سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ کەرکوك بینیمان سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان داوای مافەکانی خۆیان، چارەسەری کێشەی رۆژانەیان تەنانەت یەکگرتنەوەی نێوان زانایانی ئاینی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی خالێکی پشکنین و بەردانی بەندکراوەکانیان و چەسپاندنی مافی نەتەوەکان لە دەستوری کوردستاندا رووبەرووی سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەنەوە . بێگومان ئەم داواکردنەی خەڵك پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئێستا سەرۆك بارزانی بەفەرمی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بەڵکو پەیوەندی بە دیدی پێکهاتەکانی کوردستانەوە هەیە کەچۆن سەیری سەرۆك بارزانی دەکەن، سەرۆك مسعود بارزانی بەرلەوەی بەفەرمی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بەرپرسیاریەتی لە دیدی خەڵکی کوردستاندا هەمان بەرپرسیاریەتی بووە و هەربۆیە کێشە سەرەکیەکان رووبەرووی ئەو کراونەتەوە، دیدوبۆچوونی سەرۆك بارزانیش بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان زیاتر ئەم بەرپرسیارییەتیەی چەسپاندووە و سەرۆك بارزانی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە پێش هەر کەس و لایەنێك بریاربدات نابێت وشەی کەمینە بۆ نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بەکاربهێنرێت و نابێت فەزلی ئاینێك بدرێت بەسەر ئاینێکی تردا و لیستی پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ

●●●

**ئەم رێبەرایەتییەی بارزانی بۆ شۆرشی رزگاری کوردستان، گەلی کوردستانی بە جیاوازییەکانییەوە لە نێو ناسنامەی کوردستانیبووندا کۆکردبۆوەوە**

●●●

●●●

**جێگای شانازییە پارتی لەم رۆژەدا یادی ئەو قارەمانانە بکاتەوە کە ئەندامی پارتی نەبوون و ئامادەبوون بەزیندووی بخرێنە ژێرگڵەوە، بەڵام بە سوکایەتییان زانی پاکانە لە پارتی بکەن و قسەی نەشیاو بە رێبەرەکەیان بڵێن**

●●●

**دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی بروایان بەوە هەبێت چۆن هەمەڕەنگی و فرەیی لە ریزەکانی پارتیدا هۆکارێک بووە بۆ بەهێزبوونی پارتی، بەهەمان شێوە دەبێت بروایان بەوە هەبێت کە فرەیی و هەمەڕەنگی پێکهاتەکانی کوردستان هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی کوردستان**



هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ و دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان شاهیدە کە لە کۆی ١٠٠ پالێوراو تەنها ٣٤ پالێوراو ئەندامی پارتی بوون و ٦٦ ئەندام نوینەری چین و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بووە و لە ناو پەرلەمانی کوردستانیشدا شەهید فرەنسۆ هەریری کە یەکێك بوو لە کریستیانە شۆرشگێرەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢- تا ١٨یشوباتی ساڵی ٢٠٠٠ شەهیدکرا،

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە پەرلەمانداو نوێنەراتی لە ٥١٪ی سەرجەم خەڵکی کوردستانی لەپەرلەمانی کوردستاندا دەکرد و لە دامەزراندنی یەکەم دادگای باڵای شۆرشیش لە شۆرشی ئەیلولدا دیسان هەر کریستیانێکی دیکە سەرۆکایەتی یەکەم دادگای باڵای شۆرشی کوردستانی لەیەن مستەفا بارزانیەوە پێسپێرابوو کەئەویش خوالێخۆشبوو جەرجیس فەتحوڵا بووە . ئەم مێژووە لەگەڵ ئەوەی مێژوویەکی پرشانازییە بۆ سەرجەم گەلی کوردستان بە گشتی وئەندام و لایەنگرانی پارتیش بە تایبەتی، بەڵام دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی ئەوە بزانن کاتێك دەبنە بەشێك لەم مێژووە کە ئامادەباشیان تێدابێت بۆ پاراستنی ئەم مێژووە قوربانی بدەن و شەو نخوونی بکەن و واز لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بهێن و لە پێناوی بەرژەوەندی گشت گەلی کوردستاندا خەبات بکەن، هەنگاوەکانیان رەنگدانەوەی ئەم خاڵانەبێت :

١- دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی بروایان بەوە هەبێت چۆن هەمەرەنگی و فرەیی لە ریزەکانی پارتیدا هۆکارێك بووە بۆ بەهێزبوونی پارتی، بەهەمان شێوە دەبێت بروایان بەوە هەبێت کە فرەیی و هەمەرەنگی پێکهاتەکانی کوردستان هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی کوردستان .

**دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی چۆن بروایان بە مافی نەتەوەی کورد هەیە و خەباتی لە پێناودا دەکەن، دەبێت بەهەمان شێوە بروایان بە مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەبێت**



٢- دەبێت ئەندام ولایەنگرانی پارتی چۆن بروایان بە مافی نەتەوەی کورد هەیە و خەباتی لە پێناودا دەکەن، دەبێت بەهەمان شێوەبروایان بە مافی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان هەبێت و ئەو دەسکەوتانەی پارتی و رێبازی بارزانی بۆ نەتەوە جیاوازەکانی غەیرە کورد لە کوردستاندا بەدەستی هێناوە بیانپارێزێت و هاوشانی بەرەو پێشەوە چوونی مافەکانی کورد لە کوردستاندا خەبات بۆ بەرەو پێشەوە چوونی مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بدات.

٣- دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی چۆن هەوڵ بۆ پێشخستنی زمانی کوردی دەدات بە هەمان شێوە خەباتیش بۆ بەرەو پێشەوە چوونی زمانە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان بدات، دەبێت ئەندام و لایەنگرانی پارتی پارێزەری بریارە مێژوویەکانی مستەفا بارزانی بن و هەوڵبدەن رەنگدانەوەی ئەو بریارو هەڵوێستانەی مستەفا بارزانی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان رەنگبداتەوە و دەبێت ئەندامانی پارتی ئامادەبن لەلایەن پێکهاتە جیاوازەکانی غەیرە کوردەوە دادگایی بکرێن ئەگەر هاتوو پێشکەوتنی کەلتور و زمانی هاو نیشمانیانی کوردستانی بە هاوشانی زمان و کەلتوری کوردی پێشنەکەوتبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی پشتگوێ خستنی ئەو مافانە لادانە لەرێبازی بارزانی کەپارتی لەسەر دامەزراوە.

## پارتی لە نائومێدیدا، ئومێدی بۆ گەلی کوردستان دروستکردەوە

## دەبێت ئێستاش جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان بێت

کە دەڵین دەبێت ئێستاش پارتی جێگەی ئومێدی خەڵکی کوردستان بێت، ئەمە بەو مانایە نییە بمانەوێت هەموو خەڵکی کوردستان لە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆیان ببینەوە و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بن، یان کەدەڵێن پێویستە ئەمرۆ پارتی رۆڵی پارتی پێشرەوی کوردستانی بگێرێت، بەو مانا عەرەبی و رۆژهەڵاتیە ناڵێن کە پارتی ببێتە ( الحزب الگلیعیی ) و هەنگاو بەرەو دیکتاتۆریەت هەڵبگرێت، هەربۆیە زۆرگرنگە ئەندام و لایەنگرانی پارتی لەشیکردنەوەی ئەم زاراوانە وردبن، پارتی وریبازی بارزانی چۆن بە کردەیی ئەم زاراوانەیان لەژیانی رۆژانەی خەباتی چەکداری وسیاسیی و ئیداریدا پیادەکردووە، بەهەمان شێوە لەخەڵك وهاونیشتمانیانی کوردستانی بگەیەنن، کەمانای ئومێد لەفەرهەنگی پارتیدا بەمجۆرەیە:



١- ئومێدی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کوردستان ئازاد و سەرفراز بێت وهەمــوو پێکهاتەکانی مافەکانیان پارێــزراو بێت . پارتی لە ســەرەتاوە بۆ ئەم ئامانجە دامەزراوە و لــە کاتێکدا پارتی دامەزرا خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئەم ئامانجە لەو پەری نائومێدیدا بوون، پارتی بە خەباتی بەردەوامی خۆی ئومێدی بۆ خەڵکی کوردســتان دروستکردەوە کە خۆری ئازادی نزیکەو هەر ئەم ئومێدەبوو شۆڕشی مەزنی ئەیلولی هەڵگیرســاند و هەرشۆڕشــی ئەیلولیش بوو دوای سەدان هەزار شەهید حکومەتی عێراقی ناچار کرد رێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ئیمزا بکات .

٢- پارتی پێشرەو بوو بۆ هێشتنەوە و پارێزگاریکردنی جیاوازیەکانی کوردســتان، پارتی چۆن داکۆکی لە کورد کردووە لەدژی سیاسەتی بەعەرەبکــردن و راگوێزان بە هەمان شــێوە و بگــرە زیاتریش دژی ئەو سیاســەتە رەگەزپەرستانەی رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عیراق راوەســتاوە کە دژی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان بە ناوی راســتکردنەوە ناســنامەی نەتەوەیی ( تصحیح القومیە) لە دژیان پیادەدەکرا، نەیهێشــت ئەو نەتەوە جیاوازنەی کوردســتان بتوێنەوە و بکرێن بەعەرەب.

٣ - پارتی بروای بە کاری فرەیی و دەستەجەمعی نیوان پێکهاتە جیاوازەکان و بیروبۆچوونە جیاوازەکان هەبووەو پێشرەو بووە بۆ زەمینە رەخســاندنی ژیانی فرە حزبی لە کوردســتانداو توانیویەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژیــای ئەو پــەری چەپ تا ئەوپەری راســت بگونجێت و هەموویان لە چوارچێوەی یەك شۆڕشدا کۆبکاتەوە.

٤- پارتی هاوشانی خەباتی چەکداری وسیاسی، پێشرەو بووە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئیداری بۆ رێکخستنی ژیانی هاوڵاتیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی شــۆرش و جێگەی شانازییە بۆ پارتی کە هاوشان لەگەڵ خەباتی چەکداری و قۆناخی مقاوەمەتدا لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش دەرگای قوتابخانەکان والا بوون ولەژێر گوشاری بۆمب و فرۆکەدا پرۆسەی پەروەردەو خوێندن لە کوردستان رانەوەستا .

## ئەرکەکانمان بۆ ئەمرۆ

ئەمرۆ کوردســتان بە قۆناخێکــی زۆر هەســتیار و گرنگەدا تێدەپەرێت، راســتە ئاسۆی رووداوەکان بۆ کوردستان جێگەی ئومێد و دڵخۆشــیە، بەڵام لە هەمان کاتیشــدا هەورازەکانی بەردەممان لە لوتکــە نزیکبۆتەوە و کوورتر و پێویســتیان بــە گرو تینی زیاتر هەیە، ئەمرۆ لە قۆناخێکداین دەبێت بریار بدەین، بریارێك کە ئێســتا



وئاینــدەی نەوەکانی داهاتوومان دیاری دەکات، راســتە ئێســتا لە کوردستاندا بێجگە لە پارتی چەند حزبێکی سیاسیی دیکە هاوشان بۆ هەمان ئامانج خەبات دەکەن و دەست لە ناو دەست لەگەڵ پارتی هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەڵوێست و هەنگاوەکانی پارتی کاریگەریان لەسەر تەواوی رەوتی رووداوەکان هەیە، هەربۆیە دەبێت ئەندامان ولایەنگرانی پارتی بەئاســتی شکۆ و پێگەی پارتی ســەیری هاوکێشە سیاســیەکان بکەن و لە گەڵ رووداوەکان مامەڵە بکەن، هەربۆیە زۆرگرنگە لەم قۆناخەشدا پارتی هەم ببێتەوە جێگەی ئومێدی نەوەکانی ئێســتا وئایندەو پێشــرەویش بێت بۆ دارشــتنی بریارێك کە ئایندەی کوردســتان دیاریی بکات، بۆئەمەش زۆرگرنگە:

١- هەموو هەوڵمان بۆ پاراســتنی یەکریزی خەڵکی کوردســتان بێت.

٢ - خەباتمان بۆ پاراســتنی هاو هەڵوێستی بێت لەگەڵ سەرجەم پارت ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان بە پارت و لایەنەکانی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکانی کوردستانەوە .

٣- دەبێت دەســت پێشــخەربین بۆ زیاتر پتەوکردنــی پەیوەندی نیوان پارتی دیموکراتی کوردســتان ویەکێتی نیشتمانی کوردستان و جێبەجێکردنی رێککەوتنی شتراتیژی نێوان هەردوولا .

٤- دەبێت بروامان بەبەشــداری سەرجەم هێز و لایەنەسیاسیەکان و نوینەرانی ســەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان هەبێت، بۆ ئــەوەی هەموو پێکەوە بەرپرســیایەریەتی ئــەم قۆناخــە مێژوویە هەڵبگریــن و پێکەوە ئالای کوردســتان بەرزبکەینەوە.

●●●

**شانازییە بۆ پارتی کە هاوشان لەگەڵ خەباتی چەکداری و قۆناخی مقاوەمەتدا لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشدا لەژێر گوشاری بۆمب و فرۆکەدا پرۆسەی پەروەردەو خوێندن لە کوردستان رانەوەستا**

●●●

●●●

**دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەڵوێست و هەنگاوەکانی پارتی کاریگەرییان لەسەر تەواوی رەوتی رووداوەکان هەیە**

●●●



# سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ ئێران
# سەنگی هەرێمی کوردستانە لە هاوکێشە ئیقلیمیەکاندا

راگرتنی هاوسەنگی و پەیوەندی دۆستانەی نێوان دراوسێکان لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و پرکێشـــمەکێش و ململانێدا، یەکێکە لە ئاماژەکانی حکومرانی سەرکەوتوو، بەتایبەتیش کە ناوچەیەکی وەك هەرێمی کوردســـتان لە نێو کۆمەڵێك هاوکێشەی ئاڵۆز و لێکتێنەگەیشـــتن و هەروەها تێڕوانینی دراوسێکان بۆ پێگەی هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە لۆژیکی کەسێکی وەك نێچیرڤان بارزانی هەیە کەبتوانێت زمانی چەك و هەڕەشـــە بگۆڕێت بۆ زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشـــتن و لایەنی بەرامبەر بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، ئەوەی بە ئاشتی و زمانی دیالۆگ چارەسەردەکرێت بەشەر و هەرەشە چارەسەر ناکرێت .

لەوانەیە لە دەســـپێکی ئەم هەوڵە هاوچەرخانەیەدا، هەست و



سۆز ببێتە گوشارێك بۆسەر بڕیاری سیاسیی دروست، بەڵام لێهاتووی سەرۆکی حکومەت لەسەر ئاستی خاوکردنەوەی توندی شەقامی سیاسی و هاندانی بەرامبەر بۆ پەیوەندی دۆستانە لەسەر بنەمای رێز و بەرژەوەندی هاوبەش و سەرخستنی ئەم هەوڵانە بە ئاراستەی سوود و قازانجی هەمەلایەنەی هەردوولا و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی کە سەرەنجام دەبێتە بەشێك لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی،بۆتە سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر ئەمەش بۆتە ئەو ئاماژە ئیجابییەی کە وەرچەرخانی بەسەر دیدوبۆچوونی دەوربەر و جیهان هێناوە و لەبری ئەوەی بەچاوی هەرەشە و مەترسی سەیری کیانی هەرێمی کوردستان بکەن، ئێستا هەست دەکرێت وەرچەرخانێکی گرنگ بەم ئاراستەیە دەبینرێت و هاوسێکان ئامادەباشیان تێدایە راستەوخۆ وەك کیانێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن و بەفەرمی سەرۆکی حکومەتەکەی بانگێشت دەکەن بۆ ئەوەی لە سەر پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتە دراوسێکانی ئەنجامبدرێت .

## هێزی لۆژیکی حکومەتی کوردستان
## بەرامبەر لۆژیکی هێزی دەوربەر

بەرێوەبردنی دیبلۆماسیەتی سەرکەوتوو لە پێگەیەکی جوگرافیدا کە لۆژیکی هێز بەسەر هێزی لۆژیکدا باڵادەست بێت، کارێکە کەمتر لەرۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، نەریتی سیاسەت و دبلۆماسیەت لە تێکرای وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، هەمووکات دبلوماسیەتی هێز و هێزی دبلۆماسی دوانەی هاوکێشەی

وتو وێژ و دانوستاندنەکانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێی و پەیوەندییە ئقلیمیەکان بووە، هەربۆیە کاتێك کێشەیەك یان ئاڵۆزییەك لە نێوان لایەنەکانی رۆژهەڵاتدا دروست دەبێت .، دەبینن مانۆرە سەربازییەکان دەنبە سەرەتایەك بۆ دروست بوونی مەترسیەکی گەورەو پاشان بۆ رەوینەوەی ئەم مەترسییە لایەنی سێەمی میانگیر دیتە ناو کێشەکەو لە خاڵێکی هاوسەنگی هێزی نێوان هەردوولادا تەنها شەرەکە دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئامادەباشی هەردوولا بۆ دووبارەبوونەوەی کێشەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە و سنوری نێوانیشان لە گرژی و ئالۆزی بەردەوامدا دەبێت، ئەم شێوازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەرگیز نەبۆتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆ بنبرکردنی هۆکاری تەنگژەکە، بەڵکو هۆکارەکان وەك خۆیان ماونەتەوە تەنها رووبوروبونەوەی راستەوخۆی نیوان هێزی چەکداری هەردوولا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و لە هەر ساتێکیشدا مەترسی تەقینەوەو سەرلەنوی دروست بوونەوەی کێشەکەی لێدەکرێت و زیاد لەمەش بەردەوام هەموو لایەنەکان لە هەوڵی خۆ پرچەککردن و کرینی تەکنەلۆژیای نویێ سەربازیدان بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر وڵاتەکانیان کەمبکەنەوە، هەربۆیە هیچ جێگەی سەرسورمان نییە ئەگەر بڵێن کێشەی سنوری نێوان یەمەن و عەرەبستانی سعودیە کە رەگەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەربەخۆیی یەمەن تائێستاش چارەسەرنەکراوە، هەروەها کێشەی نیوان جەزائیرو مەغریب هەمووکات هۆکارێکی لەبارە بۆ درێژە پێدانی شەری هەمەجۆرە لە نێوان ئەو دووڵاتە، ئەمە بێجگە لە کێشەی سوریا لەگەل ئیسرائیل لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان و کێشەی میسر لەسەر سنوری سینا، ئەم باردۆخە ئاڵۆزە وایکردووە کە هەمیشە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ژمارەی سوپا و تەکنەلۆژیای سەربازی پێشەنگی سوپا گەورەکانی جیهان بێت، بەڵام لە بواری پەرەپێدان و بوژانەوەی ئابوری و خۆشگوزانی هاوڵاتیانیان لەریزی دەوڵەتانی ئەفریقیا و



جیهانی باشور پۆڵێن بکرێن .

ئەم چەند دێرە گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئاماژە بە ستراتیژیەت و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین .، کەچۆن لەسەردەمی حکومرانی نێچیرڤان بارزانیدا شێوازیکی تازەی سەردەمیانە لە نێو ئەم نەریتە باوەی رۆژهەڵاتدا پیادەکرێت وسەرکەوتنی بەرچاویشی بەدەست هێناوە و دەوربەریش خەریکە لەسەر ئەم شێوازە تازەیەی دیبلۆماسیەت و رێگە چارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان رادێن و هەست دەکەین لە میانەی سەردانە فەرمیەکانی نێچیرڤان بارزانیدا رەنگدانەوەی پۆزەتیفانەو ئاکامی سەرکەوتوانەی لێدەکەوێتەوەو دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- چەند مانگێك لەمەوبەر رێکخراوی ناتۆ و یەکێتی ئەورپا و تەنانەت ئەمریکاش نەیانتوانی رێگە لە هەرەشەکەی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٧ی سوپای تورکیا بگرن،تەنانەت ئەم هەرەشەیە بووە هۆکارێك بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیا و ئەوەبوو لە ٢٢ تەموزی ساڵی ٢٠٠٧ پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، بەڵام پارتی داد و گەشە پێدانیش لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا وای پیشاندەدا کە دژی چارەسەری سەربازییە، ئەویش نەیتوانی رێگە بەو لەشکرکێشیە بگرێت، ئەوەبوو لە مانگەکانی سەرەتای ٢٠٠٨ تورکیا بۆ ماوەی هەفتەیەك هێرشێکی سنورداری کردەسەرهەرێمی کوردستان، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم هێرشە بەربڵاوە گۆرا بۆ هێرشێکی سنورداری کورتخایەن، بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تۆماری هەوڵە دبلۆماسیەکان پێمان دەڵێت : بەرێز نێچیرڤان بارزانی کە راستەوخۆ سەرکردایەتی ژووری عەمەلیاتی بۆ بەرێوەبردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشە ئالۆزە خستە ئەستۆی خۆی ئاراستەی رووداوەکانی لە چەندین لاوە گۆڕی، لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین :

یەکەم : نێچیرڤان بارزانی هەوڵی یەکەمی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم کێشەیە لە وروژاندنی رای گشتی جیهانیەوە دەستی پێکرد وبە جیهانی راگەیاند ئەو کێشەیە بە و رێگەیە چارەسەرناکرێت کە سوپای تورکیا هەوڵی بۆ دەدات و ئەو داوایەی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان دەیکات نەك هەر لەتوانای سەربازی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا نییە، بە ڵکو سوپای تورکیاش کە گەورەترین سوپایە لە ریزی دەوڵەتانی پەیمانی ئەتلەسی خۆی لە ئاستیدا دەستەوەستانە و بۆی چارەسەرناکرێت و تەواوی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیش کە ئێستا لە عێراقدان ئەم کێشەیەیان بە رێگە چارەی سەربازی بۆ چارەسەر ناکرێت لەبەر ئەوەی لەبنەرەتدا کێشەکە سیاسیە و سەربازی نییە و دەبێت بە رێگە چارەی سیاسیانە چارەسەر بکرێت.


دووەم : پیشاندانی ئامادەباشی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداربوون لە هەر چارەسەرێکی ئاشتیانە و سیاسیەنەدا بۆ ئەم کێشەیە.

سێیەم: هێشتنەوەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکان لەگەڵ تورکیا و مامەڵەی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیا و بزنسمانەکانی تورکیا نەگۆرا، ئەمە لە بنەرەتەوە تەواو جیاوازە لەگەڵ شێوازە تەقلیدیەکەی بەرێوەبردنی تەنگژە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، نەریتی رۆژهەڵاتی بەو جۆرەیە لەگەڵ دروست بوونی بچوکترین کێشەدا پەیوەندییە ئابوری و بازرگانیەکان کۆتاییان پێدێت و کرێکار و پیاوانی کار و کۆمپانیاکان دەنێردرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، هەروەك چۆن عێراق لەسەردەمی رژێمی پێشوودا کریکارە میسریەکانی رەوانەی میسر کردەوە بە هەمان شێوە سعودیە و لیبیاش، بەرێز نێچیرڤان بارزانی ئەم نەریتەی گۆری هەموشمان ئاکامە پۆزەتیفەکەیمان بینی .

●●●

**لە سەردانی هەفتەی رابردووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین مەسەلەی گرنگی وەک پتەوکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان و بەشداری کاراتری ئێران لە بونیادنانەوەی کوردستان و دەسپێکی بەشداری فراوانی ئێران لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ هەموو عێراق چوونە قۆناخێکی نوێوە**

●●●



چوارەم: سوپای تورکیا بە هاتنە ناو خاکی هەرێمی کوردستان رووبەری نارەزاییەکی گەورەی نێو دەوڵەتی بووە، هۆکاری نارەزەییەکە ئەمجارەیان بەزاندنی سنور و سەروەریی عێراق نەبوو، بەداخەوە لەو کاتە هەستمان کرد ئەوانەی شیوەن بۆ سنور و سەروەری عێراق دەگێرن سەری رەزامەندییان بۆ هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەلەقاند، کاتێکیش داوا لەپەرلەمانی عێراق کرا کە هەڵوێستی ئاشکرای خۆی بەرامبەر بەم سنوربەزاندنە دیاریی بکات، زۆر لە پەرلەمانتارەکان و تەنانەت یەکێك لە راوێژکارە نزییەکانی سەرۆکی حکومەتی عێراق پێیان گوتین: (کورد تەنها ئەو کاتە خۆی بە عێراقی دەزانێت کە دەکەوێتە تەنگانەوە) ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوان پشتگیرییان لە هاتنەناوەی سوپای تورکیا دەکەن، هەربۆیە نەك هەر سنور و سەروەری عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆ گوشارێك نەبوو لەسەر تورکیا بەڵکو هۆکارێك بوون بۆ سوربوونی سوپای تورکیا بۆ زیاتر هاتنە ناوەی سوپای تورکیا، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە بووە هۆکاری نارەزایی نێو دەوڵەتی و تەنانەت پێشنیارەکەی ریچارد هۆلبرۆگیش کە دەبێت هێزەکانی ناتۆ هەرێمی کوردستان بپارێزن ..ئەو سیاسەت و ستراتیژە بوو کە نێچیرڤان بارزانی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکە و هەوڵەکانی بۆ بەردەوامی و پاراستنی ئەم پەرەپێدان و بەرەوپیشەوە چوونەی کوردستان گرتبوویە بەر، ئەمە گەورەترین وانەی سەرکەوتن بوو بۆ هەموو مێژووی دبلۆماسیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و وەرچەرخانێك بوو بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان .

٢- لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا کە ماوەیەکە بەردەوام تۆپبارانی ناوچە سنورییەکان دەکرێن، سەرۆکی حکومەت وەك لە دیمانەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)ئاماژەی پێکرد بەوەی راستەوخۆ داوای لەبەرێز ئەحمەد نەژادی سەرکۆماری ئێران کردووە کە ئەم تۆپبارانە رابگیرێت وەك لە سەردانی هەفتەی رابردووی بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆبونەوەی لەگەڵ بەرێز ئەحمەد نەژاد بینیمان نەك هەر ئەم کێشەیە دەرگای چارەسەرکردنی بەرووداوالابووە بەڵکو چەندین مەسەلەی گرنگی دیکەش وەك پتەوکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان و بەشداری کاراتری ئێران لە بونیادناوەی کوردستان و دەسپێکی بەشداری فراوانی ئێران لە رێگەی کوردستانەوە بۆ هەموو عێراق چوونە قۆناخێکی نوێ و، وەك لە کۆبونەوەی بەرێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ پیاوانی کار و سەرمایەدار و کۆمپانیاکانی ئێران لە تاران بەدیاردەکەوێت، هەموو ئامادەباشیان پیشانداوەو خۆشحاڵن بۆ ئەوەی ئەم بوارەیان لەبەردەمدا دەکرێتەوە بۆئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایە و کۆمپانیاکانیان بە گەر بخەن .

٣- بەرێز نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی حکومرانی عێراق و پەیوەندی نیوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا و کارکردن لە چوارچێوەی یاسا و دەستوری عێراقدا گۆرانکاری بەسەر شێواز و ئەقلیەتی دەسەڵاتی بەغدا هێنا و هەموو ئەو کێشانەی هاتونە نێوان پەیوەندیەکانی نیوان هەردوو حکومەتی هەولێرو بەغدا، هەوڵیداوە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوریەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا یەکلاییبکاتەوە و لەکاتێکدا کەسێکی وەك حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق هەرەشەی هەڵوەشانەوەی کۆنتراکتەکانی حکومەتی هەرێمی لەگەڵ کۆمپانیا پەترۆلیەکانی جیهان دەکرد و زیاد لەمەش هەرەشەی لیستی رەشی لەو کۆمپانیانە دەکرد، بەرێز نێچیرڤان بارزانی فێری کردن کە لەمەودوا لە عێراقدا کێشەکان بەزمانی هەرەشە چارەسەر ناکرێن و میکانیزم و رێوشوێنی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی

●●●
**نێچیرڤان بارزانی فێری کردن کە لەمەودوا لە عێراقدا کێشەکان بەزمانی هەڕەشە چارەسەر ناکرێن و ئەگەر گومانتان لەوە هەیە ئەو کۆنتراکتانە لەسەرووی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوەن ئەوە دادگای باڵای دەستوری لەعێراقدا هەیە بۆ ئەوەی کێشە دەستوریی و یاساییەکان یەکلایی بکاتەوە**
●●●




**سەردانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا کە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن لەو پەری ئالۆزیدایە، ئاماژەیە بۆ سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندییەکانی خۆی لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دادەمەزرێنێت و ئێرانیش کە دەوڵەتێکی گرنگ و هاوسێی عێراق و کوردستانە پێویستە باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت**

بگیرێتەبەر و ئەگـــەر گومانتان لە وەهەیە ئەو کۆنتراکتانە لەســـەرووی دەســـەڵاتی حکومەتی هەرێمەوەن ئەوە دادگای باڵای دەســـتوری لەعێراقدا هەیە بۆ ئەوەی کێشە دەستوریی ویاســـاییەکان یەکلایی بکاتەوە، بۆ ئـــەوەی ئەم ئەرکەش بۆ دادگای باڵای دەستوری عێراق ئاسان بکات، جارێکی دیکە بۆ بەراوردکردنی یاســـای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی لەگەڵ دەســـتوری عێراق، ئەکادیمیەکی یاسایی نێودەوڵەتی راسپارد کەبەشـــێوەیکی بیلایەنانە ئەو بەرراوردکارییە بکەن و ئەگـــەر حکومەتی هەرێم لە هەرخاڵێکدا ئەو دەســـەڵاتانەی بەزاندبێت کە دەستوری عێراق بۆی دیاریکردووە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەباشی تێدایە ئەو خاڵانە راستبکاتەوە، هەربۆیە هەرەشـــە و گورەشەکانی حوســـێن شەهرستانی نەك هەر لەسەر ئاســـتی کۆمپانیا پەترۆلیەکانی جیهان لەبەر چاو نەگیرا، بەڵکو کۆمپانیـــا گەورەکانی پەترۆلی جیهانی زیاتر هاتنە پێش و گرێبەستی زیاتریان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێدا .

٤- ئەم سیاسەت و ستراتیژە کە بەتەواوی بۆتە رەنگدانەوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، توانی وینەیەکی گەشی کوردستان لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پیشان بدات و توانی ئاسایش و سەقامگیری و پەرەپێدانی دیموکراسی لە ئاژاوەو ناســـەقامگیری عێراق جیابکاتـــەوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قەناعەت پێکرد کە هەرێمی کوردستان بەشێك نیە لەو وێنە ناشـــرینەی ئاژاوە و تیرۆر و توندوتیژیەی عێراق کە لـــە میدیاکاندا دەبینرێت، هەربۆیە کە راســـتی ئەم واقیعەی کوردســـتان وەك خۆی گوازرایەوە بۆ رای گشتی جیهان هەر رۆژئاوا خۆیان ناویان لە هەرێمی کوردســـتان نا ( عێراقێکی دیکە –The other Iraq)ئەمەش بەو مانایەی راســـتە هەرێمی کوردســـتان بەشـــێکە لە عێراق بەڵام ئەو عێراقە پڕ ئاژاوەو توندوتیژییە نییە کە لە میدیاکانی رۆژئاوا پیشاندەدرێت و هەرێمی کوردســـتان عێراقێکی ترە کە تیایدا بێجگە لەوەی کە ئاسایش و سەقامگیرە لە هەمانکاتدا مژدەی سەرکەوتنی دیموکراسی و پەرەپێدانی ئابورییە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و ئومێدێکە بۆ سەرکەوتنی دیموکراسیش لەعێراقدا.

## ئێران دەوڵەتێکی گرنگ لە ناوچەکە و دراوسێیەکی نزیک بۆ هەرێمی کوردستان

ســـەردانی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەداوەتی فەرمی بۆکۆماری ئیســـلامی ئێران و پێشـــوازیکردنی لەســـەر ئاســـتی بەرێز ئەحمەد نەژادی ســـەرکۆماری ئیسلامی ئێران و عەلی لاریجانی ســـەرۆکی پەرلەمانی ئێران و گەورە بەرپرسانی ئێرانەوە، ئاماژەیە بۆ بایەخی هەرێمی کوردستان لە دیدی کۆماری ئیسلامیە و هەوڵدانە بۆ رێکخستنی پەیوەندیەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دیالۆگ و پەیوەندی و رێزی هاوبەشدا، هەربۆیە لە ســـەرجەم کۆبونەوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لە گەڵ سەرکۆماری ئێران و گەورە بەرپرسانی دیکەی کۆماری ئیسلامی دەبینن کۆمەڵێك دۆسێی فـــرە لایەن و هەجۆر بـــووە کەتـــەواوی پەیوەندیەکانی کۆماری ئسلامی و هەرێمی کوردستان لە خۆی دەگرێت وەك:

١- پتەوکردنی پەوەندییە ئابورییەکان .

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لە نێوان هەردوولادا .

٣- هاتنی ســـەرمایە گوزارو پیاوانـــی کاری ئێران بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان لە هەرێمی کوردستاندا بخەنەکار.

٤- کوردســـتان ببێتە هەنگاوی یەکەم بۆ بەشـــداری ئێران لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا .

ئەم خاڵانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی و هەرێمی



کوردستان هەریەکەیان بۆ ئەوەی دیکە فاکتەری تەکامولی یەکترین لەسەر ئاستی ئیقلیمی و هەریەکەیان بۆ ئەوی دیکە گرنگە و سوود وەرگرتنیش لەم گرنگییەی هەرلایەك بۆ ئەوی دیکە پێویستی بەوەیە پەیوەندیەکی پتەو هەیە کە لە نێوان ڕێزی هاوبەشدا دابمەزرێت .

لایەنێکی دیکەی ئەم گرنگییەی هەردوولا بۆیەکتری ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بەردەوامی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێویستی بە کەشو هەوایەکی ئارام و سەقامگیر و لێکتێگەیشتنە و پاراستنی ئەم کەشوهەوایەش دەبێتە ئەرکی هاوبەشی هەردوولا و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەکانی هەردولادا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها سەردانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا کە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆن لەو پەری ئاڵۆزیدایە، ئاماژەیە بۆ سیاسەت و ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیەکانی خۆی لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان دادەمەزرێنیت و ئێرانیش کە دەوڵەتێکی گرنگ و هاوسێی عێراق و کوردستانە پێویستە باشترین پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت، بێگومان ئەم هەڵوێستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشوازی گەرمی سەرکۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و گەورە بەرپرسانی دیکەی کۆمارئیسلامی ئێران لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەنگی دابۆوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەمیانەی لێدوانەکانیدا بایەخ و گرنگی کۆماری ئیسلامی ڕاشکاوانە خستە ڕوو ئاماژەی بەوەکرد کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژە سەختەکاندا بەردەوام دەرگای بۆ ئێمە واڵا بووە و هەر کاتێکیش پێویستمان بە ئێران بوبێت هاریکاری کردوین، هەربۆیە لەروانگەی ئەم ئاماژە گرنگەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، ئەمرۆش هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامیە، بەڵام پێویستی ئەمرۆمان داوای هاریکاری کردن نییە کە شەر بکەین، بە ڵکو پێویستی ئەمرۆمان بە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هاریکاریکردنمانە لە بونیادنانەوەی کوردستان و بازرگانی بەردەوام و بەگەرخستنی سەرمایەو کۆمپانیاکانی ئێرانە بۆ ئەوەی بێن لەم پرۆسە گرنگەدا بەشداری بکەن و کۆماری ئیسلامی ئێران وەك دەوڵەتێکی گرنگی ناوچەکە ودراوسێیەکی گرنگی هەرێمی کوردستان، پێویستە بە ئاست و سەنگی خۆی ڕۆڵی خۆی لە کوردستان و عێراقدا بگێرێت .ئەم بنەمایەش دەبێتە هەوێنی بەرژەوەندی هاوبەش لە چوارچێوەی ڕێزی هاوبەشداو بە سوودی هەردولاش دەشکێتەوە .

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بۆ کەلتوری دبلۆماتی ئێران لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بکەین و ڕۆژئاواییەکانیش کە لەم حاڵەتەی ئێستا کەمتر بەبەرژەوەندی ئێران قسە نەکەن، بەڵام سەبارەت دیبلۆماتی لۆژیکانەی ئێران لەسەر ئاستی ئیقلیمی و پەیوەندی دراوسێیەتیدا ئاماژە بەوەدەکەن کە ئێران مێژوویەکی دێرینی سەدان ساڵەی لە دیبلۆماتی سەرکەوتوو هەبووەو بە درێژایی چەند سەدەیەکە هێرشی نەکردۆتە سەر دراوسێکانی و هەرەشە نەبووە بۆ سەر دراوسێکانی ئەمە لە کاتێکدا ئێران وەك دەوڵەتێکی گەورە لە ناوچەکەدا لە زۆربەی دراوسێکانی بەهێز ترو گەورەتر بووە، ئەمجارەش لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و سەردان و پێشوازیکردنی لە سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش دراوسێکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەوت و کەئەمەش لە پێشبرکێی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانەوێت وەك دەوڵەتی سوپەر پاوەری ئیقلیمی و ڕۆل و کاریگەری خۆیان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا دیاریبکەن، کۆماری ئیسلامی هەنگاوێك پێشیان کەوت و ئەگەر زوو بە خۆیاندا نەچنەوە ئێران چەند هەنگاوێکی دیکەش پێشیان دەکەوێت .



# عێراق بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو دەنێ
# حکومەتی سەنترالّی و سوپای بەهێز
# دیکتاتۆرییەت بەرهەم دەهێنێت نەک دیموکراسی

پشتگوێخستن و کارانەکردنی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان کە بەپێی رێککەوتنی ناو پەرلەمانی عێراق دەبوایە لە مانگی نیسانی رابردوو بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوە زیاتر لە ٤ مانگی بەسەردا تێپەڕیووەو هیچ کەسێك باسی ناکات، ئەمەش بەر مانایە تەفسیری بۆ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی هەندێ دەنگی بچووك بە ئاراستەی پێکهێنانی هەرێمی باشوور کە پارێزگای بەسرەو یەك دوو پارێزگای دیکە لە خۆی بگرێت جار جار بەرزدەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ئاراستەیە لەگەڵ بۆچوونی لایەنە شیعەکانی دیکە یەکناگرێتەوە کە داوا دەکەن هەرێمی باشووری بەغدا پێك بێت و هەر ٩ پارێزگاکەی باشوور بگرێتەوە، بۆیە ئەو دەنگانەش کاریگەرییەکی ئەوتۆیان دروست نەکردووە.

بوونی عێراق بە چەند هەرێمێکی فیدراڵی و کەمکردنەوەو سنووردارکردنی حکومەتی فیدراڵی ناوەند، تەنیا رێگەیە بۆ دابینکردنی سەقامگیری لە عێراقدا بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە رێکخستنە لەگەڵ ئاراستەی بەشی زۆری عەرەبی شیعەو سوونە یەکناگرێتەوە، هەربۆیە ئاراستەکان بەرەو گەڕانەوە بۆ حکومەتی سەنتراڵی و بونیادی سوپایەکی بەهێز بۆ سەپاندنەوەی ئەو حکومەتە بەسەر عێراقدا خەریکە هەنگاوی جدی بۆ هەڵدەگیرێت، ئەمەش هەروا لە خۆڕا نییەو چەندین فاکتەری گرنگی لە پشتەوەیە لەوانە:

١- ئەو حکومەتەی ئێستا هەوڵدەدرێت لە عێراقدا دروست بێت و بە حساب حکومەتێکی فیدرالی دەبێت بۆ عێراق، بەڵام دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی ناوەند لە دەسەڵاتی حکومەتە

هەرێمییەکان زیاتر دەبێت، دەقاودەق لە حکومەتەکەی ژەنرال پەرویز موشەرەف دەچێت و زیاتر سیمایەکی عەسکەرتاری باڵی بەسەر حکومەتدا دەکێشێت و پرۆسەی سیاسی عێراق لە ناو حکومەت و پەرلەماندا وەك سەرجەم سیستەمە سیاسییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بێجگە لە گەمەیەکی کارتۆنی هیچی دیکە نابێت.

-٢ بەو پێیەی لە عێراقدا سیستەمی پەرلەمانی پیادە دەکرێت، سەرۆك وەزیران بەرزترین دەسەڵاتی راپەڕاندو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش دەبێت، ئەگەر ئەم حکومەتە حکومەتێکی بەهێزی سەنتراڵی بێت، ئەوا پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت وەك پەرلەمان و دامەزراوەکانی سەردەمی رژێمی سەدام حوسێنی لێدێت، زەبری دەسەڵات و سوپایەکی بەهێز هەموو ئامانجەکانی سەرۆك وەزیران جێبەجێ دەکات.

-٣ لەگەڵ ئەوەی بەڕێز گریگۆری گۆس کە یەکێکە لە پسپۆرو تایبەتمەندەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ ئەم راپۆرتە تایبەت بە گوڵان رایگەیاندووە کە پایەکانی دروستبوونەوەی حکومەتی مەرکەزی بەهێز لە عێراقدا بوونیان ماوە، بەڵام نابێت ئەو راستییە لەبەر چاو نەگرین کە سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق سەر بە حزبی دەعوای عێراقەو، ئەم حزبەش حزبێکی ئایدیۆلۆژی ئیسلامییەو لە هەندێك قۆناخەکانی خەباتی ئۆپۆزیسیۆندا بڕوای بە کاری توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز هەبووە، ئێستاش هەمان ئایدیۆلۆژییەت لای سەرۆك وەزیران بوونی ماوەو، ئەگەر سەرنجی رووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق بدەین، دەبینین هەڵوێستی مالکی لە دوای شەڕی بەسرە کە بەجۆرێك لە سەرکەوتنی سەربازی بۆ د. مالکی شکایەوە، گۆڕینی بەرچاوی بەسەردا هاتووەو ئەم جۆرە حزبە ئایدیۆلۆژیانەش کە بەپێی گەمەی دیموکراسی کەمینەك زیاتر پێکناهێنن هەوڵدەدەن بە زەبری هێز خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات بهێڵنەوە.

-٤ بێجگە لەوەی حزبی دەعوا بە تەنها کەمینەیەك بە هاوشێوە کەمتر لە تەیاری سەدر پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا هاوبەندی یەکگرتووی عێراقیش کە پێی دەڵێن لیستی ئیسلامی شیعە، ئێستا وەك پێشان نەماوە لە کۆی ١٣٨ کورسی پەرلەمان کە رێژەی ٪٥١ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن ئێستا لەبەر یەکهەڵوەشاوە بۆ نزیکەی ٧٠-٧٥ کورسی ئەمەش دەکاتە نزیکەی ٪٢٨-٪٢٧ی کورسییەکانی پەرلەمان پێکدەهێنن و مەترسی لە دەستدانی حکومیان لە پێشەوەیە هەربۆیە زیاتر جەخت لەسەر مەرکەزی بەهێز دەکەنەوە بۆ ئەوەی گەمەی دیموکراسی ببێتە گەمەیەکی کارتۆنی بەناوی دیموکراسییەتەوە دیکتاتۆرییەت بگێڕنەوە.

## حکومەتی مەرکەزی و گەڕانەوە بۆ کودەتای سەربازی

لە سیستەمی تۆتالیتاری و حکومی سەنتراڵی بەهێزدا، دەستاو دەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات بوونی نامێنێت و ئەو کەس و لایەنە دەسەڵاتدار دەبێت کە خاوەنی گەورەترین نفوز دەبێت لە ناو سوپادا، ئەمەش بەو مانایە دێت کە پرۆسەی سیاسی و مەدەنی دەبێتە پرۆسەیەکی میلیتاری و سەر لە نوێ بازنەی کودەتا سەربازییەکان دەست پێدەکاتەوە، هەروەك کودەتا سەربازییەکەی ئەم ماوەیەی مۆریتانیا.

پاشماوەکانی رژێمی بەعس و کەمینەی عەرەبی سوننە کە ئەزموونێکی گەورەیان لەسەر کودەتای سەربازی هەیەو ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵ بە رێگەی کودەتای سەربازی حکومەتی عێراقیان کردووە، لەم هاوکێشەیەدا لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراق یەکدەگرنەوەو ئەو ترسەشیان نەماوە کە حکومەتی عێراق فراکسیۆنێکی گەورەی پەرلەمانی لە پشتەوە بێت، هەربۆیە وەك بە هاوشێوەی کەمینەی سوننە دەبێت پەنا بۆ پتەوکردنی سوپا ببان هەتا لە دەسەڵاتدا بمێنێتەو، بۆ ئێستا هەردوولا واتە سەرۆکی ئێستای حکومەتی عێراق و لایەنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق یان کوتلەی پیلانی ٢٢ی تەمموز، باشترین رێگە ئەوەیە دژایەتی کورد بکرێت و کورد لە پرۆسە سیاسییە کە گۆشەگیر بکرێت، بۆ ئەوەی هەندێك لایەنی پیلانەکەیان پێ بشارنەوە، کەواتە ئێستا پرۆسەی سیاسی عێراق بەدیدی مالکی و عەرەبی سوننە بۆتە خۆ بەهێز کردن لە سوپادا بەمجۆرە:

-١ هەرچی سەرۆك وەزیرانی عێراقە ئێستا نفوزێکی باشی لە ناو سوپای عێراقدا هەیەو، هەوڵدەدات لە ماوەیەکی دیاریکراودا بە رێگەی ئەم سوپایە هەیبەتی خۆی بەسەر عێراقدا بسەپێننەوە.

-٢ عەرەبی سوننە کە ئێستا بە رێگەی تێکەڵاوکردنی هێزەکانی سەحوە هەوڵدەدات هاوسەنگی لە ناو سوپای عێراقدا دروست بکەن و، وەك هەنگاوی یەکەم ببنەوە خاوەن نفوز لە ناو سوپای عێراقدا، لە هەمانکاتدا هەوڵدەدات ئەم هێزە بکەن بە جێگەی متمانەی سەرۆك وەزیران و پێکەوە شەڕی کوردی پێبکەن.

-٣ ئەگەر ئەم ئامانجەیان سەری گرت، ئەوکاتە پارسەنگی هێزو دەسەڵات بەلای سووننەدا دەشکێتەوە، لەبەر ئەوەی، ئەم رەفتارەی حکومەتی عێراق دەبێتە هۆکاری لێکردنەوەی بەشێکی گەورەی شیعە لە حکومەتەکەو راستەوخۆش دەبنە دوژمنی کورد، ئەوکاتە هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا نامێنێت بێجگە لەوەی پەنا بۆ عەرەبی سووننەی عێراق بەرێت، لەم حاڵەتەشدا پەنابردن بۆ کودەتای سەربازی لەلایەن عەرەبی سووننەوە بۆ گرتنەوەی دەسەڵات لە عێراقدا دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ و سەر لە نوێ بازنەی توندوتیژی لە عێراقدا دەست پێدەکاتەوە.

ئەم سیناریۆیە لەگەڵ ئەوەی پێناچێت سەرکەوتووبێت، بەڵام بەردەوام هەوڵی لەم جۆرە لە ئارادان و پێشتریش بە هاریکاری چەند دەوڵەتێکی عەرەبی پیلانی لەو جۆرە بۆ لابردنی د. مالکی چنرابوو، بەڵام کە ئەو پیلانە سەری نەگرت ئەوا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کورد دژی ئەو پیلانە بوو، کورد بڕوای بە کودەتای سەربازی و توندوتیژی لە عێراقدا نییە، بەڵام کاتێك مالکی هەوڵبدات کورد لە خۆی بکاتەوە ئەوکاتە کەس بە فریای ناکەوێت و تێکڕای پیلانەکانیشیان سەرکەوتوو دەبێت.


●●●
هەڵوێستی مالکی لە دوای شەڕی بەسرە کە بەجۆرێك لە سەرکەوتنی سەربازی بۆ د. مالکی شکایەوە، گۆڕینی بەرچاوی بەسەردا هاتووەو ئەم جۆرە حزبە ئایدیۆلۆژیانەش کە بەپێی گەمەی دیموکراسی کەمینەك زیاتر پێکناهێنن هەوڵدەدەن بە زەبری هێز خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات بهێڵنەوە
●●●

●●●
پاشماوەکانی رژێمی بەعس و کەمینەی عەرەبی سوننە کە ئەزموونێکی گەورەیان لەسەر کودەتای سەربازی هەیەو ماوەی زیاتر لە ٤٥ ساڵ بە رێگەی کودەتای سەربازی حکومەتی عێراقیان کردووە
●●●

## داڤید کۆرترایت

بەڕێوەبەری ئامۆژگای کرۆکی نێودەوڵەتی بۆ دیراساتی ئاشتی بۆ گوڵان:

# ئەگەری ئەوە هەیە سوپا بەهێزەکەی عێراق دژی گەلانی عێراق بەکاربهێنرێت



**پرۆفیسۆر داڤید کۆرترایت کەنوستادی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆی نیویۆرک، بەڕێوەبەری ئامۆژگای کرۆک (KROEK)، بۆ دیراساتی ئاشتی و لە ساڵی ١٩٩٢ەوە سەرۆکی دامەزراوی، فۆرس فریدوم فۆرمە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و گۆڕانکارییەکان گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کۆرترایت کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

### ئەمریکا زیاد لە پێویست پشتگیری لە سوپایەکی بەهێز بۆ عیراق دەکات

*** بۆ ئەوەی عیراق ببێتە خاوەنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز ئەمریکا پشتگیری لە سوپایەکی بەهێز بۆ عێراق دەکات، ئایا تا چەند دروستکردنەوەی ئەم سوپا بەهێزەی عێراق مەترسییە بۆ سەر گەلانی عێراق؟**

- پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاد لە پێویست جەختی لەسەر دروستکردنەوەی سوپایەکی بەهێز کردۆتەوە، کە ئەگەری ئەوە هەیە بۆ سەرکوتکردنی کەمینەکانی وڵاتەکە بەکاربهێنرێت. بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر رەوشی ئاسایش لە عێراق و لە ناوچەکەدا. من پێم وایە دەبێت مەسەلەی بڕیاردان لە سەر ئاستی بەهێزی ئەو سوپایەی لە عێراقدا بونیاددەنرێتەوە بۆ پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە جێبهێڵرێت. دەبێت بڕیارەکە بە شێوەیەکی دیموکراسی بێت، لە ناو پەرلەمان و لە نێوان پارتە سیاسییەکاندا بدرێت، نەک لە لایەن ئەمەریکاوە بسەپێنرێت. هەربۆیەشە روودانی هەر ناکۆکی و پێکدادانێك لە نێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا مایەی کارەساتە .

***ئایا پێداگیری لە سەر پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز مەترسی سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکەی وەك سەددام حوسێنی لێناکرێت؟**

- من پێم وایە چەسپاندنی ئاستێك لە فیدراڵیزم گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق بتوانن پێکەوە کاربکەن و ئایندەیەکی باشتر بۆ وڵاتەکەیان بنیات بنێن، من هەمیشە پشتگیری جێگیرکردنی فیدراڵیزمم کردووە بۆ عێراق و هەڵساوم بە هاندانی پیادەکردنی ئەم سیستەمە، لەبەر ئەوەی پێم وایە ئەمە بەرەوپێشچوونێکی تەندروستە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوچە و هەرێمەکانی وڵاتەکە ئاستێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، لە هەمان کاتدا پێکەوە کاربکەن، کە من پێم وایە ئەم خواست و پەرۆشیە لای عێراقییەکان هەیە و دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیریان بکات لەم رووەوە

*** لە ناو شیعە و سوننەکاندا هەڵوێستێکی هاوبەش هەیە دژی کوردەکان لەبەر ئەوەی ئەو تێڕوانینە هەیە کە کوردەکان هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوونە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتویی کوردەکان لە پرۆسە سیاسییەکەدا کە لە دەرئەنجامدا کاریگەری ئەمەریکاش کەم دەبێتەوە، ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەیە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق لە شکست و هەرەسهێنان بپارێزێت؟**

- دەبێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەمووو هەوڵ و کۆششەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکانی عێراق پێکەوە کاربکەن و رێگە لە سەرهەڵدانی گرفت و ناکۆکی چەکداری بگرێت لە نێوانیاندا، دەکرێت لە رێی هاندانی شێوەیەك لە دابەشکردنی دەسەڵات و پاراستنی هاوسەنگی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکەوە ئەم ئامانجە بهێنرێتەدی، بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتە و لایەنانە بەردەوام بن لە هەماهەنگی و هاوکاری و هەل و مەرجەکە هەڵنەکشێت بۆ ناکۆکی و گرژی و ئاڵۆزی. من دووپاتی دەکەمەوە کە دابەشکردنی دەسەڵات و راگرتنی هاوسەنگی گرنگی خۆیان هەیە لەم رووەوە و ئومێدەوارم کە نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتگیری عێراق بکات بۆ هێنانەدی شێوەیەکی گونجاو لە دابەشکردنی دەسەڵات.و هیوادارم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری سەرهەڵدان و دروستبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە نەکات، تا ئێستا ئەمەریکا پشتگیری سازدانی هەڵبژاردنەکان و جێگیرکردنی جۆرێك لە دابەشکردنی گونجاوی دەسەڵاتی کردووە. رای گشتی ئەمەریکاش خوازیاری ئەوە نییە ئەمەریکا پشتیوانی لە دروست بوونی دیکتاتۆری بکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدایە کە پشتگیری لە دابەشکردنی دەسەڵات و پرۆسەی دیموکراسی بکات، کە من پێم وایە ئەمە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ئەمەریکایە و ئومێدەوارم بەردەوام بێت. هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی ئەمەریکا خوازیاری گەڕاندنەوەی دیکتاتۆرییەت نین و خوازیاری ئەوە نین کە پارتەکانی باشوور هیچ دەست درێژییەك بکەن بۆ سەر کوردەکان لە باکووردا. ئەمەریکا پشتیوانی لە فیدراڵیزم و دابەشکردنی دەسەڵات و پرۆسەی دیموکراسی

دەكات.

***بەڵام عەرەبەكانی عێراق هەوڵ دەدەن ماوەی هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكا ئیستیغلال بكەن و بیكەن بە دەرفەتێك بۆ دروستكردنی گوشار لەسەر ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ ئەوەی لە عێراقدا بكشێتەوە، ئایا هەڵسەنگاندن و لێكدانەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- ئەوە راستە كە ئەمەریكا لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا بڕیاری گەورە نادات و دەبێت تا كانونی یەكەم و دووەمی ساڵی داهاتوو چاوەڕێ بكەین، تاوەكو سیاسەتێكی نوێ دەگرێتەبەر. من پێم وایە هەردوو پاڵێوراوی سەرۆكایەتی لە رێی گفتوگۆوە لەگەڵ حكومەتی مالیكی دەگەنە رێككەوتنێك لە سەر چۆنییەتی كشاندنەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا، بە چەشنێك كە زۆربەی هێزە جەنگاوەرەكانی ئەمەریكا لە ساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا بكشێنەوە و باقی هێزەكانی دیكە لە ماوەی چوار بۆ پێنج ساڵی داهاتوودا بكشێنەوە، ئەم لە رووی سیاسییەوە لە ئەمەریكا پشتگیری لێدەكرێت، بە هەمان شێوە لە ناو كۆنگرێسیشدا. من پێم وایە ئەمەریكییەكان هەست بە بەرپرسیارێتی دەكەن و دەیانەوێت بە شێوەیەكی گونجاو هێزەكان بكشێننەوە. ئیدارەی داهاتووی ئەمەریكا بەردەوام دەبێت لە سەر پشتگیریكردنی فیدرالیزم و رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی ناكۆكی چەكداری لە ناو عێراقدا، هەروەها لە پێگەیەكی بەهێزتر و باشتردا دەبێت لە رووی سیاسییەوە بۆ ئەم كارە. من پێم وایە جێگیركردنی هێزێكی نێودەوڵەتی بۆ سەقامگیركردنی بارودۆخەكە بە چەشنی ئەوەی لە كۆسۆڤۆ و بۆسنیادا جێگیركران، لە دوای كشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرەكانی ئەمەریكا رەنگە كارێكی باش بێت بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی ناكۆكی و پێكدادانی سەربازی لە نێوان پێكهاتەكانی ولاتەكەدا، بە چەشنێك ئەو هێزە بۆ چەند ساڵێك لە عێراقدا بمێننەوە و هەندێكیان لە كوردستاندا جێگیر بكرێن و باشترە لە ژێر سەرپەرستی نەتەوە یەكگرتووەكاندا بێت.

*** ئەی ئەمەریكا تاچەند پشتگیری كوردەكان دەكات لەم حاڵەتەدا؟**

- ئەمەریكا پشتگیری جێبەجێكردنی دەستوور و سازدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاكان دەكات، بەڵام زۆرێك لە ئەمەریكییەكان و چەند كەسایەتییەكی ناو كۆنگرێس خوازیارن كوردەكان پێداگیری نەكەن لە سەر فراوانكردنی هەرێمە ئۆتۆنۆمیەكەیان كە رەنگە ببێتە سەرچاوەی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان پێكهاتەكانی عێراقدا و وەك هەنگاوێكی ئیستفزازی لێكبدرێتەوە، پێشنیارەكە ئەوەیە هاوسەنگیەك بپارێزرێت لە شاری كەركوكدا كە جۆرێك لە دابەشكردنی دەسەڵات بهێنرێتەدی، هەرچەندە ئەوە هاوسەنگییەكی ناسك هەستیار دەبێت.

***ئایا تا چ رادەیەك گەشبینیت بە ئایندەی عێراق؟**

- ئایندەی عێراق دژوارە، نەك تەنها ئایندەی سیاسیی نادیارە، بەڵكو ئەدای ئابووری ولاتەكەش لاوازە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەمەریكا و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری عێراق بكەن، هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سەقامگیركردنی بارودۆخەكەوە، بە هەمان شێوە پشتیوانی دیبلۆماسیش بكەن بۆ هاندان و پشتیوانیكردن لە پارتە عێراقییەكان بۆ دابەشكردنی دەسەڵات و پەرەپێدانی ئایندەی سیاسیی كە ئایندەیەكی سەقامگیر بێت.




**تا ئێستا ئەمەریكا پشتگیری سازدانی هەڵبژاردنەكان و جێگیركردنی جۆرێك لە دابەشكردنی گونجاوی دەسەڵاتی كردووە. رای گشتی ئەمەریكاش خوازیاری ئەوە نییە ئەمەریكا پشتیوانی لە دروست بوونی دیكتاتۆری بكات**

**ئایندەی عێراق دژوارە، نەك تەنها ئایندەی سیاسیی نادیارە، بەڵكو ئەدای ئابووری ولاتەكەش لاوازە**

رۆبەرت مایەرز

تۆژەر لە ئامۆژگای هۆڤەر بۆ گوڵان:

# لەم کاتەدا ئیدارەی ئەمەریکی ناتوانێت بڕیاری گەورە لەسەر ئایندەی عێراق بدات



**پرۆفیسۆر رۆبەرت مایەرز کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ستاندفۆردو، تۆژەر و لە ئامۆژگای هۆڤەر و ماوەی ١٦ ساڵ کاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) دا کردووە و نووسەری کتێبی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەسەدەی بیست و یەکەمدا) یە، ئەمەش یەکێکە لەو کتێبانەی کە بەناوی (ئەو کتێبانەی پێویستن بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا) پۆلێن کراوە؟ پرۆفیسۆر مایەرز سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## بروام بە ئیدارەی ئەمەریکا نییە
## کە بتوانێت لەم کاتەدا بڕیاری دروست بدات

*** ئایا تا چەند دروستکردنەوەی سوپایەکی بەهێز بۆ عێراق مەترسییە بۆ سەر گەلانی عێراق و ئاسایشی ناوچەکە؟**

-ئەگەر وەڵامێکی کورتتان بدەمەوە، ئەوا عێراق پێویستی بە سوپایەکی بەهێز نییە، لەبەر ئەوەی بوونی سوپایەکی لەم چەشنە تەنیا دەبێتە سەرچاوەی گیروگرفت. من کەسێکی بڕیار بەدەست نیم و ئەگەر بڕیار بەدەست بومایە ئەم شەڕە هەڵنەدەگیرسا. لە راستیدا من باوەڕ و متمانەیەکی زۆرم بە حکومەتەکەی خۆمان نییە بۆ ئەوەی لەم ساتەوەختەدا کارێکی راست و دروست بکات.

من لە گەڵ ئەوەدانیم کە هەمان سیاسەت و رەفتاری رابردوو دووبارە بکەنەوە بە دوورخستنەوە و پەراوێزکردنی پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتەکە بە چەشنێك نەتوانن لە سوپادا خزمەت بکەن.

*** لە کاتێکدا عەرەبی سوونەو شیعە دژی مافەکانی کورد هاوهەڵوێست دەبن، ئایا تا چەند ئەمەریکا ئامادەیە پرۆسە سیاسییەکەی عێراق لە شکست و هەرەسهێنان بپارێزێت ؟**

من خوازیاری ئەوەم ئەگەر عەرەبە شیعە و سوونەکان یەکیان گرت لە دژی کوردەکان، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا دەستێوەردان بکەن و بیوەستێنن.

*** ئەی ئەگەر تەنیا رێگاچارەی بەردەوم کوردەکان شەڕکردن بێت، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە و تاچەند هاوپەیمانان پشتگیری کورد دەکەن؟**

-بە داخەوە ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێت ئەوا پشتگیری لە کوردەکان ناکرێت لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوە نەوتییەکانی وڵاتەکە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدایە. لەبەر ئەوەی هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بە داهات و پارەوە. بەڵام نازانم لە حاڵەتی بەرپابوونی ئەو شەڕەدا وڵاتانی دیکە چ کاردانەوەیەکییان دەبێت.

*** کەواتە هەر لەبەر ئەمەیەعەرەبەکانی عێراق هەوڵ دەدەن ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ئیستیغلال بکەن و بیکەن بە دەرفەتێك بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی لە عێراقدا بکشێتەوە، ئایا هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- من پێم وایە ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا هەوڵ دەدات هەموو کێشەکان بۆ سەرۆکی داهاتوو جێبهێڵێت، تەنانەت ئەگەر رووداوێکی گەورەش رووبدا پێویستی بە بڕیارێکی گەورە و جیددی هەبوو، ئەوا بۆ ئیدارەی داهاتووی جێدەهێڵێت.

***ئایا تا چەند کێشەی عێراق لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکارهێنراوە؟**

- من پێم وایە شەڕی عێراق یەکێکە لە مەسەلە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، یەکێکە لە سێ مەسەلە سەرەکییەکە، کە یەکەمیان بریتییە لە ئابووری، دووەمیان بریتییە لە بەرزبونەوەی نرخی نەوت و مەسەلەی شەڕی عێراقیش رۆڵێکی گەورەی هەیە لەسەر ئەوەی کێ لەو هەڵبژارنانەدا سەرکەتوو دەبێت.

***بە بێ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق ناتوانرێت یەکێتی عێراق بپارێزرێت، حاڵی حازر تەنیا کوردەکان هەوڵی جێبەجێکرنی دەستوور دەدەن، بەڵام بە بێ پشتگیری ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کوردەکان ناتوانن لایەنەکانی دیکە ناچاربکەن پابەند بن بە دەستوورەوە، ئایا ئەمەریکا پشتگیری کوردەکان دەکات لەم هەڵوێستەیاندا؟**

- لە راستیدا ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ سەرکەوتوو دەبێت لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، ئەگەر ئۆباما بێت ئەوا رەنگە پتر هاوسۆزبێت لە گەڵ کوردەکاندا، بەڵام نەك مەککاین لەبەر ئەوەی هەمان سیاسەتی سەرۆك بۆشی هەیە.

ئەگەر شتێك لە مێژووی ئەو وڵاتانەوە فێربووبیت ئەوا ئەو راستییە بەدی دەکەین کە هەمیشە ئەو وڵاتانە لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیدا پیاوانی ئاینی و خێڵەکان رۆڵیان هەبووە هەر ئەوان یەکلایان ئەو کێشەیان یەکلایی کردۆتەوە نەك لە پرۆسەی دیموکراسیدا بڕیاری لەسەر بدەن.

من ئومێدەوارم کە هەر لە بنەڕەتدا شەڕەکە روینەدایە و هیوای ئەوە دەخوازم کە هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکە بە کوردەکایشەوە مافێکی یەکسانیان هەبێت لە وڵاتەکە و لە بەڕێوبردنی کارەکاندا.

**بە داخەوە ئەگەر شەڕ هەڵبگیرسێت ئەوا پشتگیری لە کوردەکان ناکرێت لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرچاوە نەوتییەکانی وڵاتەکە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدایە. لەبەر ئەوەی هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بە داهات و پارەوە**

## كۆلۆنێل ئەلیستەر كامیل

### بەڕێوەبەری ئامۆژگای پادشایی بەریتانی بۆ دیراساتی بەرگری ئاسایش بۆ گوڵان:

# جارێكی دیكە سەرهەڵدانی دیكتاتۆرییەت لە عێراقدا قبوڵ ناكرێت



كۆلۆنێل ئەلیستەر كامیل كە ئێستا بەڕێوەبەری ئامۆژگای پادشایی بەریتانیا (RUSI)یە بۆ دیراساتی بەرگری و ئاسایش لە ولاتی قەتەر، لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٣ بەڕێوەبەری پەیوەندییەكانی تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو و لە ساڵی ١٩٩٤-٢٠٠٣ ڕاستەوخۆ لەگەڵ تۆنی بلێر كاریكردووە و زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە ریزی سوپای بەریتانیا كاریكردووە و ماوەی نزیكەی ٩ ساڵ كاری لەسەر ئەو سەرمایەیە كردووە كە ولاتانی عەرەبی بۆ دیبلۆماتییەتی بەرگری سەرفی دەكەن.
كۆلۆنێل ئەلیستەر ئێستا لە قەتەر دادەنیشێت و سەبارەت بە ئایندەی عێراق و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دیكتاتۆرییەت و بونیادنانەوەی سوپایەكی بەهێز لە عێراقدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**مەترسی ئەوە هەیە حكومەتی مەركەزی بەهێز سەدام یان هیتلەرێكی دیكە بەرهەم بهێنێت**

*** خەریكە زمانی دیالۆگ و لیكتێگەیشتن لەنێو پێكهاتەكانی عێراقدا رووبەڕووی دەرگایەكی داخراو دەبێتەوە و زمانی پیلان و هەڕەشە جێگەی دەگرێتەوە ئەمەش بەو مانایە دێت پەنا ببرێتە بەر هێز و توندوتیژی ئەگەر عێراق بەم ئاراستەیە هەنگاوی هەڵگرت ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- هەمیشە مەترسی و نیگەرانی ئەوە هەیە كە لە عێراقدا دەرئەنجامی خراپ رووبدات، بەڵام كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئومێدی ئەوەی هەبوو كە لە رێی گفتوگۆ و دانوستاندنی دیموكراسییەوە لەسەر كەركووك، لەسەر یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاكان و لەسەر سروشتی فیدراڵیزم لە عێراقدا ببێتە هۆی هێنانەدی رێككەوتن و سازش لە نێوان لایەنەكاندا. بە چەشنێك تێكڕای عێراقییەكان بە كوردەكانەوە هاوبەش بن لە داهاتەكان نەوت و گاز و سەرچاوە سروشتییەكانی دیكە. ئامانجەكە ئەوە بوو كە رێككەوتنێك بێتە ئاراوە هەموو لایەك پێی رازی بن. بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە رەوشی ئەمنی بەرەوپێشچوونی بەخۆوە بینیوە بە بەراورد بە هەژدە مانگ پێش ئێستا، ئەمەش دەرفەتێك دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەڕێی گفتوگۆوە بتوانن چارەسەرێك بۆ ئەو مەسەلانە بدۆزنەوە. نەك پەنا بۆ توندوتیژی و شەڕی تایفەگەری بەرن. هەروەها مەترسی ئەوە هەیە كە كەسێكی بەهێز جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست. رەنگە بوونی پیاوێكی بەهێز لە دەسەڵاتدا بۆ ماوەیەكی كورت باش بێت، بەڵام كێشەكە ئەوەیە ناتوانرێت دەسەڵاتی لێ دابماڵرێت لە دواییدا، بۆ نموونە سەددام كاتێكی دەسەڵاتی گرتە دەست خراپ رەفتاری كرد، هەروەها هیتلەر كە بە شێوەیەكی دیموكراسی هەڵبژێردرا و دواتر كەسێكی خراپ دەرچوو.

***سەدام حوسێن لەبەر ئەوەی سوپایەكی بەهێزی لەبەر دەست بوو، بۆیە بوو بە دیكتاتۆرێكی درندە، ئێستاش ئەمەریكا دەیەوێت سوپایەكی بەهێزی دیكە بخاتە بەردەستی سەدامێكی دیكە، ئایا مەترسی بونیادنانەوەی سوپایەكی بەهێز تاچەند بۆ ئایندەی عێراق مەترسیدار دەبێت؟**

-كێشە لە بوونی سوپایەكی بەهێزدا نییە، بەڵكو كێشە لە بەكارهێنانی ئەو سوپا بەهێزەدایە، ئایا بە گرتنەبەری رێوشوێنی دیموكراسی و بە شێوەیەكی شەفافانە ئەو سوپا و دامەزراوە سەربازییە كۆنترۆڵ دەكرێت. من پێموایە عێراق لە هەشتاكاندا سوپایەكی بەهێزی هەبوو، بەڵام ئەمە بۆ نەوەتەكان راست نییە، لەبەر ئەوەی كەلوپەلی سەربازی پێویستی نەبوو. كەواتە هەروەك ئاماژەم پێكرد كێشەكە ئەوەیە چۆن بتوانین بە شێوەیەكی بەرپرسیارانە سەركردایەتی ئەو سوپایە بكەین.

**ئەمەریكا ئامادەنییە فەزڵی كورد بدات بەسەر پێكهاتەكانی دیكەی عێراقدا**

*** ئایا تا چەند ئەمەریكا ئامادەیە پرۆسە سیاسییەكەی عێراق لە شكست و هەرەسهێنان بپارێزێت؟**

-من پێم وانییە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و ولاتانی ئەوروپا فەزڵی كوردەكان بدەن بەسەر پێكهاتەكانی دیكەی عێراقدا، ئەوان بە یەكسانی مامەڵە لە گەڵ كورد و شیعە و سوونەكاندا دەكەن و پێیان وایە دەبێت ئاشتەوایی نەتەوەی و دابەشكردنی دەسەڵات و گیانی پێكەوە كاركردن لە ناو عێراقییەكاندا پەرەی پێ بدرێت. پێكەوە كاركردنی شیعە و سوونەكانیش كارێكی باشە و نیگەرانییەكی زۆر لە ئارادانییە كە ئەمە ببێتە هۆی دروستبوونی بەرەیەك دژی كوردەكان، ئەوەی تا ئێستا لە عێراقدا روویداوە ئەوەیە كورد و شیعەكان پێكەوە كاریان كردووە و سوونەكانیان پەراوێزكردووە، ئەمەش شتێكی هەڵەیە و دەبێت سوونەكانیش رۆڵ و دەنگی خۆیان هەبێت لە پرۆسەكەدا، ئەگەرچی لە هەڵبژاردنەكانی یەكەمدا بەشداریان نەكرد.
من پێم وایە ئەگەرچی پێشتر ولاتانی سعودیە و توركیا ئاسودە بوون بە بوونی دیكتاتۆرێك لە عێراقدا لەبەر ئەوەی تێكڕای وولاتەكەی كۆنترۆڵ كردبوو، بەڵام ئێستا ئەو راستییە دەزانن كە چیتر سەرهەڵدانی دیكتاتۆرێك لە عێراقدا شتێكی وارد نیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەن لە گەڵ وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و هێزە هاوپەیمانەكان رێگە لە شكستهێنان و لەبەریەكهەڵوەشانی عێراق بگرن و عێراق بە شێوەیەكی گونجاو كارەكانی خۆی بەڕێوەببات.

*** ئێستا كورد هەموو هەوڵی بۆتە ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بكرێت، ئایا ئەمەریكا لەم هەوڵەدا تاچەند پشتی كورد دەگرێت؟**

- دەستووری عێراق بەڵگەنامەیەكی بێ كەموكوڕی نییە، هەروەها جێی رەزامەندی هەموو لایەك نییە، لە هەمان كاتدا بە پەلە نووسراوەتەوە. لە لایەكی دیكەوە ئەوە روونە كە دەبێت هەندێ لە بڕگەكانی دەستووری جێ بەجێ بكرێن و من ئەو راستیە دەزانم كە كوردەكان هەوڵ و كۆششێكی سەخت دەكەن لەم رووەوە و دەبێت لایەنەكانی دیكەی عێراقیش هان بدرێت بۆ ئەم مەبەستە. بەڵام دەبێت ئەو راستییەتان لەبەرچاو بێت كە هیچ لایەك رێگە بە جیابوونەوە و سەربەخۆیی كوردستان نادات و ئەگەر كوردستان هەوڵبدات لە چوارچێوەی وولاتەكەدا بمێنێتەوە و كاروبارەكانی خۆی بەڕێوەببات ئەوا پشتگیری دەكرێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك گەشبینیت بە ئایندەی عێراق، لە كاتێكدا هیچ ئومێدێك نییە بە پرۆسەی دیموكراسی لە عێراقدا؟**

- من تا رادەیەك گەشبینم بە سەركەوتنی عێراق وەك دەوڵەت و وەك نەتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێكی ئاشتیخواز و گەشەكردوو، كە پەیوەندی باشی هەبێت لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێكانیدا، ئەگەرچی رووبەڕووی مەترسی و سەختی دەبێتەوە. بەڵام لە مەسەلەی پەیوەندی عێراق بە دەوڵەتە دراوسێكانەوە، ئەوا عێراق پێویستی بە هاوكاری و پاڵپشتی دەوڵەتەكانی دراوسێ دەبێت، بە تایبەتی ئێران و سعودیە و سوریا.

گریگۆری گۆس
بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانكۆی ڤێرمۆنت بۆگوڵان:

# ئەگەر پێشمەرگەو سوپای عێراق شەڕ بکەن دەوڵەتێک نامێنێت ناوی عێراق بێت




**پرۆفیسۆر گریگۆری گۆس ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسته لە زانكۆی ڤێرمۆنت و پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و دەوڵەتانی كەنداو، دیراسەتەكانی لەسەر ئەم ناوچەیە لەناوەندەكانی ئەكادیمی و سیاسەتی ئەمەریكا دا لەبەرچاو دەگیرێن، چەندین كتێبی لەسەر كێشەكانی كەنداو هەیە لەوانە: (نەوتی میرنشینەكان، سیاسەتی ناوخۆو تەحدیدیەكانی ئاسایشی لەوڵاتانی كەنداو پەیوەندی نێوان یەمەن و سعودیە، سیاسەتی ناوخۆو فاكتەرە دەرەكییەكان) هەروەها خاوەنی چەندین دیراسەتە لەسەر تیرۆریزم لەوانە (ئایا دیموكراسی تیرۆر رادەگرێت) بۆ قسەكردن لەسەر ئایندەی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرۆفیسۆر گۆی بەمجۆرە بۆگوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## پایەكانی دروست بوونی حكومەتی مەركەزی بەهێز لەعێراقدا بونیان نەماوە

***هەلومەرجی عێراق لەوەدایە پێبنێتە قۆناغێكی ئاڵۆزەوە، لەبەرئەوەی حكومەتی عێراق بەرەو پێكهێنانی حكومەتێكی مەركەزی بەهێز هەنگاو دەنێت ئایا پێداگیری لە سەر پێكهێنانی حكومەتێكی مەركەزی بەهێز مەترسی سەرهەڵدانی دیكتاتۆرێكی دیكەی وەك سەددام حوسێنی لێناكرێت؟**

- من پێموانییە لە حاڵی حازردا یان لە ئایندەیەكی نزیكدا، ئەگەری ئەوە هەبێت لە عێراقدا حكومەتێكی مەركەزی بەهێز بە چەشنی حكومەتەكەی سەددام حوسێندا سەرهەڵبدات. ئەو پایە و كۆڵەگانەی بناغەی حكومەتەكەی سەددام بوون بریتی بوون لە:_حزبی بەعس، بوونی دەزگایەكی بیرۆكراسی مەركەزی بەهێز كە كۆنترۆڵی داهاتی نەوتی دەكرد، هێزەكانی پۆلیس و سوپا كە بە تەواوەتی لە لایەن سەددام حوسێنەوە كۆنترۆڵ كرابوون_ ئێستا ئەمانە چیتر بوونیان نەماوە. حاڵی حازر عێراق حكومەتێكی مەركەزی زۆر لاوازی هەیە. پرسیارەكە ئەوەیە ئایا ئەم حكومەتە هەروا بە لاوازی دەمێنێتەوە یاخود تا رادەیەك بەهێز دەبێت. لە كاتێكدا كە كێشەی كەركوك كێشەی ڕۆژە، بەڵام ئەو مەسەلەیەی كە گرنگییەكی زیاتری هەیە بۆ بەهێزبوونی حكومەتی مەركەزی لە ئایندەدا لە ئاست هەرێم و پارێزگاكاندا بریتییە لە كۆنترۆڵكردنی داهاتی نەوت. ئەوەی روونە ئەمە پەیوەندی بە كەركوكەوە هەیە، لەبەرئەوەی شارێكی بەرهەمهێنەری نەوتە.

## ئەمەریكا بێجگە لەبونیادی سوپایەكی بەهێز لەعێراقدا بەدیلی دیكەی نییە

***ئەمەریكا كە ڕژێمی سەددام حوسێنی رووخاند، هۆكاری سەرەكی ئەوەبوو ئەو ڕژێمە سوپایەكی بەهێزی هەبوو كە هەڕەشە بوو بۆ سەر گەلەكەی و دەوڵەتە دراوسێكان و ئاسایشی جیهانی، بەڵام حاڵی حازر ئەمەریكا سەرقاڵی بنیاتنانی سوپایەكی بەهێزە بۆ عێراق، ئایا تا چەند دروستكردنەوەی ئەم وسوپا بەهێزەی عێراق مەترسییە بۆ سەر گەلی عێراقی؟**

- ئەمە یەكێكە لە سەرسوڕهێنەرترین لایەنەكانی سیاسەتی ئەمەریكا لە عێراقدا. تا رادەیەك، ئیدارەی سەرۆك بۆش بەم كێشەیەوە گرفتار بوو. سوپای سەددامی تێكشكاند، بەڵام نەیتوانی ئەو بۆشاییە پڕبكاتەوە. لەو كەشەدا، میلیشیاكان باڵادەست بوون بە سەر شەقامەكاندا و ئەمەش سەری كێشا بۆ پشێوی لە ساڵانی سەرەتای دوای سەددام حوسێندا لە ناوچە عەرەبییەكانی عێراقدا. بۆ كۆتایی هێنان بەو پشێویە، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پشتگیری لە بنیاتنانی سوپایەكی نەتەوەی نوێ كرد كە لە ژێر كۆنترۆڵی حكومەتی نوێدا بێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو گروپانە زاڵ بوون بەسەر حكومەتە نوێیەكەدا كە پەیوەندی نزیكیان هەبوو بە ئێرانەوە، وەك ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و حزبی دەعوە، ئەوا سوپاكە دەكەوتە ژێر كاریگەری و دەستڕویشتوویی سەركردایەتی سیاسییەوە. ئەمە شتێكی حەتمی بوو. من گومانم هەیە لەوەی ئیدارەی سەرۆك بۆش لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا رای دەگەیاند، ئەمەش یەكێك بوو لە ئامانجەكانی ئێمە لە عێراقدا. بەڵام دواتر بوو بە بەشێك لە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لەبەرئەوەی هیچ بەدیلێكی عەمەلی دیكە نەبوو.

## حكومەتی مالیكی لەگەڵ فراوانكردنی سنووری هەرێمی كوردستان نییە

***ئێستا جۆرێك لە گرژی لەنیوان هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و سوپای عێراق هەیە، لە كاتێكدا پێشمەرگە بەشێك بوون لە هێزە هاوپەیمانەكان بۆ روخاندنی ڕژێمی پێشوی عێراق، هەروەها بە پێی دەستوور بەشێكن لە سوپای عێراقی، بە هەمان شێوە بۆ ماوەی پێنج ساڵیشە ئاسایشی هەرێمی كوردستان و هەندێ ناوچەی دیكەی عێراق دەپارێزن، بەڵام حكومەتی ئێستای عێراق هەوڵ دەدات هەندێ ناوچە لە هێزی پێشمەرگە بستێنێتەوە، ئایا هەر گرژی و پێكدادانێكی سەربازی لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا چی كاریگەریكی دەبێت لەسەر ئایندەی عێراق؟**

- ئەگەر سوپای عێراق و هێزەكانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەكی درێژخایەنەوە تێوەگلان، ئەمە مانای كۆتایی هاتنی عێراقە وەك دەوڵەتێك. هیچ گومانێك نییە لەم رووەوە. مەسەلەكە ئەوەیە ئایا حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامادەی قبوڵكردنی ئەم سنوورانەی ئێستای هەرێمە كوردستانە، یان پێداگیری لەسەر ئاوێتەكردنی دەستبەجێی چەند بەشێكی پارێزگاكانی موسڵ و كەركوك، لە نێویاندا شاری كەركوك دەكات بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان. پێموایە ئەگەرچی حكومەتی مالیكی هێشتا هاوپەیمانی پارتە كوردیەكانە لە ناو پەرلەمان و حكومەتدا، بەڵام لەگەڵ فراوانكردنی سنوورەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا نییە.

هاوكاری سوونە و شیعەش دژی كورد لە پەرلەمانی عێراقدا،

بە ئامانجـی دژایەتیکردنی ئەوەبوو کە پێیـان وابوو هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی بۆ ئەو شـوێنانەی ئەوان پێیان وایە خاکـی عەرەبن، هەروەها بـۆ ئەوەی کوردەکان نەتوانن نەوتـی کەرکوک کۆنترۆڵ بکەن ئـەوان یەکیان گرت .بـەڵام من پێموابییە ئـەو یەکگرتنەی ٢٢ی تەمووز کوتلەیەکی سیاسـی یەکگرتوو بن، لەبەرئەوەی جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێو لایەنەکانیدا. واشنتۆن خوازیاری گەیشـتن بە ڕێککەوتن و سازشێك بوو لەسەر کێشەی کەرکوك کە ببێتە هـۆی ڕێگەگرتن لە سـەرهەڵدانی ڕووبەڕووبونەوە لە نێوان هاوپەیمانە گەورەکانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا پارتە کوردییەکان و حکومەتی مالیکی.

**ئەوکاتە ئەمەریکا شکستی هێنا کەنەیتوانی حکومەتێکی دیموکراتی و سەقامگیر لە عێراقدا دابمەزرێنێت**

*** ئـەوەی مایەی دڵتەنگی ئێمەیە ئەوەیە وڵاتانی سـعودیە و تورکیـا هاوهەڵوێسـتن لە گەڵ تێڕوانینـە عەرەبەکاندا بۆ پێکهێنانـەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، ئەمەش لەگەڵ تێڕوانینەکانـی حزبی بەعسـدا یەك دەگرێتەوە و مەترسـی سـەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرییـەت و پیلانگێـڕان و کودەتای سـەربازی لێدەکرێت، ئایا ئەگەر عێراق سـوور بوو لە سـەر گرتنەبەری ئەم هەڵوێسـتە، ئەو کاتە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا شکست ناهێنێت؟**

-ئەتوانین بڵێین ئەو کاتە ئەمەریکا شکستی هێنا کە نەیتوانی حکومەتێکـی دیموکراتـی سـەقامگیر لە عێراقدا پێك بهێنێت کە دەبوو بە مۆدیلێك بـۆ گۆڕانـی سیاسـی لە ناوچەکەدا. هـەردوو وڵاتی سعودیە و تورکیا بەرژەوەندی سـتراتیجیان هەیە لە عێراقدا کـە بەرژەوەندیگەلێکـی ناسـراو درێژخایەنن. کەواتە هەڵوێسـتەکانیان جێـی سەرسوڕمان نییە.

*** مێژووی هەشـتا ساڵەی عێراق پێمـان دەڵێـت، هەر گەڕانەوەیەك بۆ دیکتاتۆری و کودەتای سەربازی و پیلانگێران سەردەکێشـت بـۆ دووبـارە بوونەوەی بازنەی توندوتیژی و ناکۆکـی، بـە دڵنیاییەوە ئەو کاتـە دەبێت کـوردەکان ڕووبەڕووی ئەم شەڕە ببنەوە، ئایا ئەگەر تەنها ڕێگاچارەی بەردەوام کوردەکان شـەڕکردن بێـت لـە دژی حکومەتی عێراق، ئەمە چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە؟**

- ئەمە سـیناریۆیەکە کە من پێشبینی ناکەم، هەروەها دڵنیام کە واشنتۆنیش بە هەمان شـێوە پێشبینی ناکات. حاڵی حازر مەزندەی ئەوە نەکراوە سـیناریۆکە، کە بـاس لە کودەتایەکی سەربازی دەکات لە بەغدا، ڕوودات. ئەگەر مەزندەش بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە چەند دەرەئەنجامێك هەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. کارێکی ژیرانەی نییە باس لە شـتە دیاری کراوەکان بکرێت، لەبەرئەوەی پێویست بە زانینی هەلومەرجی حکومەتە نوێیەکە و سیاسـەتەکەی دەکات، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچە کوردیەکان بزانرێت.

*** بە بێ جێبەجێکردنی دەسـتووری عێراق ناتوانرێت یەکێتی عێراق پارێزرێت، حاڵی حازر تەنها کوردەکان هەوڵی جێبەجێکرنی دەستوور دەدەن، بەڵام بە بێ پشتگیری ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کوردەکان ناتوانن لایەنەکانی دیکە ناچاربکەن پابەند بن بە دەسـتوورەوە، ئایا ئەمەریکا پشتگیری کوردەکان دەکات لەم هەڵوێستەیاندا؟**

-کێشـەکە ئەوەیە دەسـتووری عێراق زۆر تەم و مژاویە لەسەر مەسـەلەی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ حکومەتـی ناوەندیـدا. بـە دڵنیاییەوە لە چەندین شـوێنی دەستووردا ئاماژەی ئەوە بەدی دەکەین کە دەسەڵات لە دەستی هەرێمەکاندایـە، بـەڵام ئاماژەی دیکەش بـەدی دەکەین کە دەسـەڵات لە دەسـتی حکومەتی مەرکەزیدایە. من پێموابییە هیـچ لایەك پاڵپشـتییەکی دەستووری تەواوی هەبێت بۆ هەڵوێستەکانی.

*** ئایا تـا چ ڕاددەیـەك گەشبینیت بە ئایندەی عێراق، لـە کاتێکدا هیـچ ئومێدێك نییە بە پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا؟**

- تـا ڕاددەیەکی گەورە، ئەو گرژیەی ئێسـتا لە ئارادایە لەسـەر شـاری کەرکـوك هۆکارەکەی بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کـە دیموکراسـیەتێکی زۆر هەیە لە عێراقـدا. کوردەکان دیانەوێت پارێزگای کەرکوك بەشـێك بێت لـە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دەتوانین گریمانەی ئەوەش بکەین کە عەرەبەکانی عێراق نایانەوێت ئەمـە ڕووبدات. هـەردووڵا دەتوانـن دیموکراتییانـە گوزارشـت لە خۆیان بکەن، ئەمەش هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانەیە.




●●●
**بوونی دەزگایەکی بیرۆکراسی مەرکەزی بەهێز کە کۆنترۆڵی داهاتی نەوتی دەکرد، هێزەکانی پۆلیس و سوپا کە بە تەواوەتی لە لایەن سەددام حوسێنەوە کۆنترۆڵ کرابوون_ ئێستا ئەمانە چیتر بوونیان نەماوە**
●●●


●●●
**ئەو کاتە ئەمەریکا شکستی هێنا کە نەیتوانی حکومەتێکی دیموکراتی سەقامگیر لە عێراقدا پێک بهێنێت کە دەبوو بە مۆدیلێک بۆ گۆڕانی سیاسی لە ناوچەکەدا**
●●●

●●●
**دەستووری عێراق زۆر تەم و مژاویە لەسەر مەسەلەی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا**
●●●



# سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا لە ماوەی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیدا






لە ماوەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمەریكادا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا جۆرێك سڕبوون بەخۆیەوە دەبینێت و كاردانەوەكان و هەڵوێستی ئەمەریكا لەهەمبەر كێشە جیهانییەكان سنووردا خۆی دەنوێنێت، هەر بۆیە نەیارانی ئەمەریكا هەوڵدەدەن ماوەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن بە فرسەت وەربگرن و ئەو كارەی پێشتر نەیادەتوانی لە ترسی كاردانەوەكانی ئەمەریكا ئەنجامبیدەن لەو ماوەیەدا هەوڵدەدەن ئەنجامی بدەن.

سەبارەت بەم دیاردەیە بیروبۆچوونی پسپۆڕان هەمە جۆرە هەندێك پێیان وایە ئەو بۆچوونە تا رادەیەكی زۆر راستە، باشترین بەڵگەشیان بۆ سڕبوونی كاردانەوەكانی ئەمەریكا هێرشی رووسیایە بۆ سەر جۆرجیا، بەڵام هەندێكی دیكە لە پسپۆڕان پێیان وایە ئەو بۆچوونە تا رادەیەكی دیاریكراو راستە و ئەگەر هەڕەشەكانی بگاتە ئەو ئاستەی كە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی ئەمەریكا دروستبكەن، ئەوا حكومەتی ئەمەریكا وەك پێش هەڵمەتی هەڵبژاردنەكان كاردانەوەی پێویستی دەبێت مەترسییەكە دەرەوێنێتەوە.

بۆ زیاتر بە دواداچوونی ئەو پرسگە گرنگە گوڵان راوبۆچوونی كۆمەڵێك پسپۆڕ و شارەزایی وەرگرتووە كە راستەوخۆ بەشداریی لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا ، ئەمەش دەقی بۆچوونەكانیانە.

## شیرین هەنتەر
## بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامی لە (CSIS) بۆ گوڵان:

# ئەگەر مەترسییەکان ببنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەڵبژاردنەکان ڕێگرنابن لە کاردانەوەی پێویستی ئیدارەی ئەمەریکا



*** هەموو نەیارانی ئەمەریکا گرەو لەسەر ئەو چەند مانگە دەکەن کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا دەست پێدەکەن و پێیانوایە لەو ماوەیەدا دەتوانن زۆرشت بکەن و ئەمەریکاش وەڵامدانەوەی ئەوتۆی نابێت، ئایا لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوەش سڕدەبن؟**

- من هاوڕانیم لە گەڵ ئەو لێکدانەوەیەی کە کاریگەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ساتەوەختی هەڵبژاردنەکاندا بە تەواوەتی رادەوەستێت، لەبەر ئەوەی لە کێشە بنەڕەتی و سەرەکییەکاندا کە کۆدەنگی هەیە لەسەرە ئەم کاریگەرییە هەر بەردەوام دەبێت، سەرەڕای سازدانی هەڵبژاردنەکانیش.

راستە مەسەلەیەکی وەك ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری ئەمەریکا لە هەڵبژاردانەکاندا گرنگی خۆی هەیە، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد چەند کێشەیەکی بنەڕەتی هەن کە پەیوەستن بە ئاسایشی ئەمەریکاوە ئەوانیش بە هەمان شێوە گرنگن، ئاسایش بە مانای سەلامی سوپای ئەمەریکا و دانیشتوانی ئەمەریکا دێت، هەندێ لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاش کاریگەریان هەیە لە سەر ئاسایشی ئەمەریکا، وەك شەڕ و ناکۆکی عێراق و ئەفغانستان، هەروەها ئەو شەڕەی ئێستا لە نێوان روسیا و جۆرجیا سەری هەڵداوە لە ناوچەی قەوقازدا.

*** ئایا بەرای تۆ تاچەند هەردوو پاڵێوراو کێشەی عێراقیان لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەکارهێنراوە؟**

- من پێم وایە سەرەڕای ئەوەی ساڵێك پێش ئێستا، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو هەبوو لە هەڵوێستی نێوان هەردوو پاڵێوراوی سەرۆکایەتی ئۆباما و مەککایندا، بەڵام پێدەچێت پتر هەڵوێستەکانیان لە یەکتر نزیك بێت، بۆ نموونە چیتر ئۆباما رای ناگەیەنێت کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا دەست بە جێ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات، بەڵکو باس لەوە دەکات ئەمە کاتی دەوێت و بە راوێژکردن لە گەڵ حکومەتی عێراقیدا ئەم کارە دەکات.

ئێستا هیچ کەسێك لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا باس لە کشانەوەی پێشوەختە و کتوپڕ ناکات، کەس باس لە پاشەکشەی دەست بە جێ ناکات، لەبەر ئەوەی کەس خوازیاری ئەوە نیە کە ئەو دەستکەوتانەی لە ماوەی رابردوودا بەدەست هێنراون، دووچاری مەترسی و لە ناوچوون ببنەوە، هەروەها هیچ لایەك خوازیاری ئەوە نییە دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ بازنەی شەڕ و پشێوی و توندوتیژی، رەنگە دوای باشتربوونی ئەدای هێزە عێراقییەکان، دوای بەهێزبوونی حکومەتی عێراق و سەقامگیربوونی بارودۆخەکە بتوانین باس لە دانانی خشتەیەکی زەمەنی بکەین بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا.

***لەلایەکی دیکەوە دیسان عەرەبەکانی عێراق ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکایان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی گوشار بخەنە سەر کورد لە عێراقدا، ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت، ئایا بێدەنگ دەبێت یان هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت؟**

- **من پێم وانییە عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە ببینێت ئەگەر پێکهاتەیەکی عێراق هەستی کرد بەشدار نیە لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی وڵاتەکەدا**، دەبێت هەموو پێکهاتەکانی عێراق هەست بکەن بەشدارن لە وڵاتەکەدا و بەرژەوەندییەکانیان دەهێنرێتەدی، بە دڵنیاییەوە ئەمە کوردەکان دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی دووچاری نەهامەتیەکی زۆر هاتن لە سەردەمی سەددام حوسێندا، هەروەها عەرەبە شیعە و سوننەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها من پێم وایە دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق سوود لە ئەزموونی کوردستان وەربگرن بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکە و بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە، دەبێت هەموو لایەك ئەو راستییەیان لەبەرچاو بێت کە بەرژەوەندییەکانیان پێکەوە گرێدراون و دەبێت هەموویان رۆڵیان هەبێت و کەس پەراوێز نەکرێت، بە پێچەوانەوە سەرنجامەکە باش نابێت.

هەربۆیە ئەگەر بارودۆخەکە گەیشتە ئەو رادەیەی کە دەستکەوتەکانی ئەمەریکا و عێراق دووچاری هەڕەشە و مەترسی بوونەوە، ئەوا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاری پێویست دەگرێتەبەر، لەبەر ئەوەی سازدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بە مانای ئەوە نایەت کە ئەمەریکا حکومەتی نییە، ئەم حکومەتە تاوەکو ٢٢ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ بەردەوام دەبێت کە دواتر سەرۆکی هەڵبژێردراو دەست بەکار دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر شتێك رووبدات پێویست بە کاردانەوە بکات، ئەمەریکا رێ و شوێنی پێویست دەگرێتەبەرە هەڵبژاردن هەبێت یان نا. لەبەر ئەوەی لە گەڵ دەست پێکردنی هەڵبژاردنەکاندا، بەرپرسیارێتی حکومەتی راناوەستێت. هەروەها من پێم وانییە هیچ لایەنێك لە عێراقدا لە حاڵەتی ئەوەدابێت هێرش بکاتە سەر کوردەکان.


***بە پێی پێشبینی و تێڕوانینەکانی ئێوە، تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەریان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی؟**

- رەنگە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پتر پەنا بۆ دیبلۆماسییەت ببات و گۆڕان لە خیتابی سیاسی بەدی بکرێت، بەڵام لە کێشە و مەسەلە بنەڕەتییەکاندا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بۆ نموونە هاوپەیمانێتی ئەمەریکا و ئیسرائیل، پەیوەندیی ئەمەریکا بە وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو و وڵاتانی ئەوروپاوە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، واتە چەند ناوچەیەکی گرنگ هەیە کە سیاسەتێکی درێژخایەنی ئەمەریکا و بەرژەوەندی درێژخایەنی ئەمەریکا هەبووە و بەردەوام دەبێت. رەنگە بەرەوپێشچوونێکی گەورە و چاوەڕوان نەکراو رووبدەن کە سیاسەتی ئەمەریکا بگۆڕن، بەڵام ئەوە مەسەلەیەکی جیاوازە.

**پرۆفیسۆر شیرین هەنتەر بەڕێوەبەری دیراساتی ئیسلامییە لە سەنتەری دیراساتی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) لە ئەمەریکا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە بواری ریفۆرمی ئایینی و دیالۆگی نێوان ئیسلام کریستیان، هەروەها پسپۆڕ و تایبەتمەندیشە لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی بە تایبەتی ناوچەکانی، ئێران، کەنداوی فارس، باشووری رۆژئاوای ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا و لە میدیاکانی ئەمەریکاشدا بەردەوام نووسین بڵاو دەکاتەوە وەك فۆرن ئەفێرز، فۆرن پۆلیس، میدل ئیست جۆرناڵ هەروەها لە رۆژنامە بەناوبانگەکانیش وەك لوس ئەنجلۆس تایمز و کریستیان سایتس مۆنیتەر.**

**بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لەدیدی رۆژهەڵاتییەکی بە رەگەز ئەمەریکییەوە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر هەنتەر کرد و بەڕێزی بەمجۆرە دیدی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

**چیتر ئۆباما رای ناگەیەنێت کە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەوا دەست بە جێ دەست بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات**



### بروس گرۆنبیك پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمەریكا بۆ گوڵان:

# حاڵی حازر كێشەی كورد بەشێك نییە لە گفتوگۆكانی رای گشتی ئەمەریكا

**پرۆفیسۆر بروس گرۆنبیك پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمەریكاو كتێبێكیشی هەر بەم ناونیشانە هەیە » هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی و وێنەكانی خودی ئەمەریكییەكان presidential Com paingns and American «self Images هەروەها پسپۆرە لە میدیاو سیاسەت، بەتایبەتی لە بواری تەلەفزیۆن و لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردنیش بەشدار دەبێت، سەبارەت بە رەوتی ئەم هەڵمەتانەی هەڵبژاردن و كاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا پرۆفیسۆر بروس گرۆنبیك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

### هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكا ئاستی كاندیدەكان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا دیاری دەكات

***سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا كاریگەری هەیە بە سەر تێكڕای سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، لەبەر ئەوەی ئەمەریكا بەهێزترین وڵاتی جیهانە، بەڵام لەكاتی هەڵبژاردنەكاندا ئەم كاریگەرییە رادەوەستێت، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا راوەستانی ئەم كاریگەرییە لە كات و ساتی هەڵبژاردنەكاندا كاریگەری و كاردانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی لە تێكڕای جیهاندا؟**

-من پێموایە سازدانی هەڵبژاردنەكان كاندیدەكان ناچار دەكات بیر لە سیاسەتی دەرەوە بكەنەوە، هەم بەشێوەیەكی گشتی و هەم بەشێوەیەكی تایبەتی، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەكان چەندین پرسیار لەخۆدەگرن بۆ پاڵێوراوەكانی سەرۆكایەتی، بۆ ئەوەی ئاستی شارەزاییان لە سیاسەتی دەرەوە و تێڕوانینیان بۆ ئایندەی ئەو سیاسەتە بۆ خەڵكی دەركەوێت. هەڵبژاردنەكان كات و ساتی ئەوەن ئەو پرسیارە گشتییە بكرێت كە پێگەی ئەمەریكا چییە لە جیهاندا و پرسیارێكی دیاریكراوتر بكرێت كە ئایا ئەمەریكا چ سیاسەتێكی دەبێت بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای رۆژهەڵات.

### عێراق گەورەترین مەسەلەیە لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكادا

***لە كاتی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكاندا، هەموو هەوڵەكان بە ئاڕاستەی جەختكردنەوە لەسەر سیاسەتی ناوخۆ چڕدەبنەوە، هەروەها هەوڵ دەدرێت سیاسەتی دەرەكی رەنگدانەوەی نەبێت لەسەر ئەم پرۆسەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئەمە كاریگەرییەكی خراپی دەبێت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریكا؟**

- لە راستیدا گەورەترین مەسەلەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكانی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پەیوەستە بە كێشەی عێراقەوە، مەبەستم لەوەیە گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەكرێت چ سیاسەتێك لە ئاست عێراقدا بگیرێتەبەر، لە هەمووشی گرنگتر ئایا كێشەی عێراق چ رەنگدانەوەیەكی هەیە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی ئەمەریكا. ئەم مەسەلەیەی دووەمیان هەر لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە دەستیپێكردووە، لە دوای داگیركردنی عێراق لە لایەن ئەمەریكاوە گفتوگۆ لە بارەی ئەوەوە دەكرێت ئایا كێشەی عێراق كاریگەرییەكی راستەوخۆی هەیە لەسەر ئاسایشی ئەمەریكا، یان مەسەلەیەكە پەیوەستە بە پێگەی ئەمەریكاوە لە جیهاندا، ئەم مشتومڕە لەوكاتەوە تا ئێستا بەردەوامە.

ئێستاش لەبەر ئەوەی هەردوو پاڵێوراو تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاوازییان هەیە بۆ كێشەی عێراق، سیناتۆر ئۆباما پێیوایە هەر لە بنەڕەتەوە شەڕەكە هەڵەیەك بوو، هەروەها نەدەبوو وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا هەڵبستێت بە داگیركردنی عێراق، لەبەر ئەوەی دەبێت لەو وڵاتە بكشێینەوە، بەڵام جۆن مەككاین پێیوایە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بكرێتەوە كە ئێستا چۆن كاردەكەین و تا چ رادەیەك سەركەوتووین. كەواتە یەكەمیان بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندە، دووەمیان جەخت لەسەر ئێستا دەكاتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر دوارۆژ. لە لایەكی ترەوە نازانرێت سیاسەتی راستەقینەی هەردووكیان چی دەبێت بەرامبەر عێراق، لەبەر ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی رەزامەندی رای گشتی دەدەن، ئۆباما كە رایگەیاندبوو دەبێت هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا پاشەكشەیان پێبكرێت، رای دەگەیەنێت كە رەنگە رەوتی ئەو كشانەوەیە بەو خێراییەی نەبێت كە پێشتر باسی لێوەدەكرد، مەككاینیش كە رای دەگەیاند پێویستە تا بەدەستهێنانی سەركەوتنی یەكجاری لە عێراقدا بمێنینەوە، ئێستا رای دەگەیەنێت كە ئەگەر بارودۆخەكە باشتر بوو، ئەوا رەنگە زووتر دەست بە كشانەوە بكرێت. لەبەر ئەوە هەردوولا دەستیان بە نەرمكردنی هەڵوێستەكانیان كردووە.

***عەرەبەكانی عێراق هەوڵ دەدەن هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكانی ئەمەریكا بەكار بهێنن بۆ پێداگیریكردن لەسەر دانانی كاتێكی دیاریكراو دەكەن بۆ كشاندنەوەی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراقدا، ئەم پێداگیرییە یەك دەگرێتەوە لەگەڵ هەڵوێستی سیناتۆر باراك ئۆباما، ئایا تا چەند ئەم فشار و پێداگیرییەی عەرەبی عێراق كاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریكا لە عێراقدا؟**

- من پێموایە كاریگەرییەكی گەورەی هەیە لەسەر دەزگاكانی راگەیاندنی ئەمەریكا، بەڵام نەك لەسەر رای گشتی ئەمەریكا، لەبەر ئەوەی رای گشتی ئەمەریكا وردە ئەو تێگەیشتن و باوەڕەی لا گەڵاڵە دەبێت ( ئیدی راست بێت یان هەڵە) كە هەر پاڵێوراوێك ببێتە سەرۆك ئەوا هەڵدەستێت بە كشانەوەی هێزەكانی

ئەمەریکا لە عێراقدا. ئێستا پتر جەخت لەسەر تەرخانکردن و ناردنی سەرباز و کەل و پێویست دەکرێتەوە بۆ ئەفغانستان، لەبەر ئەوەی رای گشتی پێیوایە ئەگەر ئەمەریکا دەست بە کشانەوە بکات لە عێراقدا، ئەوا دەتوانرێت لە ئاست پابەندبوونەکانیدا بێت بە شەڕی ئەفغانستانەوە.

***کوردستان کە هەرێمێکی ئارامە لە عێراقدا و بەشێکە لە سەرکەوتنی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا، بەڵام ئێستا لە لایەن عەرەبەکانی عێراقەوە هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئەم دەستکەوتەی ئەمەریکا هەیە لە عێراقدا، عەرەبەکانی عێراقیش ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکایان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بەم شێوەیە رەفتار بکەن، ئایا هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت، ئایا بێدەنگ دەبێت یان هەڵوێستێکی دیکەی دەبێت؟**

- حاڵی حازر کێشەی کورد لە عێراقدا بەشێك نییە لە گفتوگۆکانی رای گشتی ئەمەریکا، لە سەرەتادا رای گشتی ئەمەریکا پێی وابوو کوردەکان بەشێکن لە چارەسەر بۆ کێشەی عێراق و هەروەها لەو باوەڕەدا بوون کە پێش کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کێشەی کورد چارەسەر دەبێت. بەڵام لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق وردە وردە دەسەڵاتی زیاتر دەچەسپێت، ئەوا دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ و رەنگە بتوانێت کێشەی کوردیش لە وڵاتەکەیدا چارسەربکات. رەنگە ئەمەریکا گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانێت چارەسەرێك بەسەر عێراقدا بسەپێنێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتە، هەروەك چۆن لە دوای شەڕی ڤێتنامەوە کە کێشەی پاراستنی چەند کەمینەیەکی ڤێتنامی هەبوو، بەڵام دواتر ئەمەریکا بڕیاریدا کە ناتوانێت چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە ناوخۆییە بسەپێنێت، ئەوا رەنگە بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی کوردی عێراقدا بکات، یاخود رەنگە لەبەر گیرۆدەبوونی بەدەست چەندین کێشەوە نەتوانێت بپرژێتە سەر کێشەی کوردەکانی عێراق. حاڵی حازر لە مشتومڕ و گفتوگۆ سیاسییەکانی نێوان پاڵێوراوەکان بەشێوەیەکی گشتی باس لە عێراق دەکرێت، باس لەوە دەکرێت چۆن لەو وڵاتە بکشێینەوە، چۆن یارمەتی حکومەتی عێراق بدەین بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی بگرێتەئەستۆ، واتە باس لە هەرێمێکی ئارام، یان ناوچەیەکی پڕ لە گرژی و توندوتیژی ناکرێت، پێشتر سیاسەتی سەربازی هەبوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ناوچەیەکدا بەشێوەیەکی تایبەتی، ئێستا باس لە ستراتیژیەتێکی گشتی دەکرێت، رەنگە ئەمە ئاماژەی ئەوە بێت کە پاڵێوراوەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق کاری ئەوان نییە و پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە.

***کوردەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە عەرەبەکان رژێمێکی دیکەی چەشنی رژێمی سەدام حوسێن بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات، بارودۆخ و هەلومەرجی عێراقیش بە تەواوەتی پشت بە هێزەکانی ئەمەریکا دەبەستێت، ئایا لە کاتی سازدانی هەڵبژاردنەکاندا ئەگەر پێویست بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هەبوو، ئەمەریکا ئەو کارە دەکات؟**

- هەروەها پێشتر ئاماژەم پێکرد کێشەی کوردەکان لە گفتوگۆکانی رای گشتیدا باسی لێوەناکرێت، حاڵی حازر ئەو کێشەیە پشتگوێ خراوە لە گفتوگۆکاندا، لەسەرەتادا ئیدارەکەی سەرۆك بۆش سوودێکی زۆری لە کێشەی کوردەکان وەرگرت بۆ پاساودان بە شەرعییەتی هەڵمەتەکەی لە دژی سەدام حوسێن، باسی لە گازبارانکردنی کوردەکان و مەینەتییەکانی کوردەکانی دەکرد لەسەر دەستی سەدام حوسێن، دواتر ئێمە پێمان وابوو کە کوردەکان دەبنە بەشێك لە حکومەتی عێراقی و بەشدار دەبن لەو حکومەتەدا. بەڵام ئێستا باسی لێوەناکرێت و هەردوو پاڵێوراو بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بۆ ناکەن و گفتۆگانیان دەربارەی عێراق زۆر سادە دەکەنەوە و زۆر بە گشتی باسی لێوەدەکەن، رەنگە بۆ ئەوە بێت رای گشتی باشتر لێیان تێبگات، رەنگە بۆ ئەوەی بێت پرسیارێکی دیاری کراویان لێنەکرێت دەربارەی عێراق




***ئێوە وەك شارەزایەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا، تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە گشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی؟**

- من پێموایە هەر پاڵێوراوێك سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا گۆڕانکارییەکی گرنگ دێتە ئاراوە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا، لەبەر ئەوەی هەردوو پاڵێوراو کۆمەڵە راوێژکارێکی جیاواز بەکار دەهێنن بۆ پرس و راوێژکردن لە مەسەلەکانی سیاسەتی دەرەوەدا. چیتر ئەو موحافیزکارە نوێیانە نامێنن کە لە ئیدارەکەی سەرۆك بۆشدا سەنگ و دەستڕۆیشتوویيان هەبوو، مەککاین کەسێکی پراگماتیکییە و ئۆباما پشت بەو راوێژکارانە دەبەستێت کە شارەزاییەکی فراوانیان هەیە لە دیبلۆماسییەتی نێودەوڵەتیدا، بە کورتی سەرۆکێك نایەت کە تێڕوانینێکی ئیمپریالیانەی هەبێت لە ئاست جیهاندا، لەبەر ئەوەی پێموایە گۆڕانی گەورە و گرنگ دەبینین لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا.

●●●
**رای گشتی پێیوایە ئەگەر ئەمەریکا دەست بە کشانەوە بکات لە عێراقدا، ئەوا دەتوانرێت لە ئاست پابەندبوونەکانیدا بێت بە شەڕی ئەفغانستانەوە**
●●●

●●●
**ئێستا هەردوو پاڵێوراو بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی بۆ ناکەن و گفتوگانیان دەربارەی عێراق زۆر سادە دەکەنەوە**
●●●



## داڤید ڕێد لاوسک  پرۆفیسۆر و تایبەتمەندە لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەمریکییەکان تەنها ئەوەندە ئاگاداری بارودۆخی عێراقن کە لەمیدیاکانەوە دەیبینین

**پرۆ فیسۆر داڤید ڕێد لاوسك ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی لۆا Lowa و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کاریگەری دەنگدان لەسەر بڕیاری سیاسی ئەمەریکاو لەو بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**

**- ١کار یگەری زانیارییەکانی دەنگدەر فێربوونی بەشداریکردن لە هەڵمەتەکاندا.**

**-٢ئایا دەنگدەران چی بکەن؟! زانیاری دەنگدەر بۆ گەڕان بەدوای ستراتیژیدا.**

**-٣گەڕان بەدوای مۆدێلێکی دیکەی دەنگدانە.**

**پرۆفیسۆر ڕێد لاوسك خۆشی یەکێك بووە لەو کەسانەی کە بەشدار بووە لە بەڕێوبەری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکادا، سەبارەت بەم پرۆسەیە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

**ڕووسیا کەهێرش دەکاتە سەر جۆرجیا دەزانێت لەم کاتەدا کاردانەوەی ئەمریکا سنووردارە**

***ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا کۆشکی سپی لە کۆمارییەکان وەرگیرایەوە ئایا سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت؟**

- لە هەڵبژاردنێکدا کە دەزانین سەرۆکێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت، بە دڵنیاییەوە دەزانین ئەو سیاسەتە دەرەکییەی لە لایەن ئیدارەی ئێستاوە پیادە دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەمەش وادەکات کە چاودێرانی ئەمەریکا چاوەڕوانی ئیدارەی نوێ و سەرۆکی نوێ بکەن. یەکێکی دیکە لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە ئیدارەی ئێستا نەتوانێت بە شێوەیەکی کارا کاردانەوەی هەبێت، ئەمەش وا دەکات لایەنەکانی دیکە تا ڕادەیەك سڵ نەکەنەوە لە ئەنجامدانی کردەوەگەلێکی دیاری کراو، بۆ نموونە ئەو هێرشەی لە لایەن ڕووسیاوە دژی جۆرجیا دەکرێت کە ڕووسیا پێیوایە کاردانەوە و وەڵامدانەوەی ئەمەریکا سنوردار دەبێت.

*** ئێوە وەك شارەزایەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا، تا چ ڕادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەریان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە جیهاندا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی؟**

- من پێموایە بە چاوپۆشین لەوەی چ پاڵێوراوێك سەرکەوتوو دەبێت، ئەوا تا ڕادەیەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەگۆڕێت. ڕەنگە پتر بایەخ بە کێشە و مەسەلەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات، بۆ نموونە، ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا بەم دواییە هەوڵی جیددی خستەگەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە دڵنیاییەوە تێڕوانین و گۆشەنیگای هەردوو پاڵێوراو جیاوازە، بەڵام دەقا و دەق نازانین ئەو جیاوازیانە چین، لەبەر ئەوەی ڕاوێژکاری جیاوازی بواری سیاسەتی دەرەوە بەکاردەهێنن.

***ئەی سەبارەت بە کاریگەری سیاسەتی ناوخۆ لەسەر هەڵبژاردنەکان؟**

هەمیشە ئەوە ڕاست بووە کە دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان دەکەنەوە، بە تایبەتی ئابووری وڵاتەکە، ئەمە تەنانەت لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٤دا ڕاست بوو کە کێشەی عێراق لە ئارادا بوو، ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ئەوەی سیاسەتمەدار و سەرۆکەکانی ئەمەریکا باس لە کێشەکانی سیاسەتی دەرەوە بکەن، بەڵام پتر جەختیان لەسەر کێشە و مەسەلە ناوخۆییەکان کردۆتەوە کە بە لای ڕای گشتییەوە گرنگترن.

**جیاوازی نێوان هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراو لەسەر عێراق کەمبۆتەوە**

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەی عێراق وەك بەشێك لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا سەیر دەکرێت بەڵام لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکا کێشەیەکی گرنگە، ئایا باردۆخی عیراق لەم هەڵبژاردنانە تاچەند کاریگەری دەبێت؟**

- لە سەرەتای هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا عێراق کێشەی ژمارە یەك بوو، بە تایبەتی بۆ پاڵێوراوی دیموکراتەکان، بەڵام حاڵی حازر بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و داکشانی ئابووری و کێشەی بانقەکان لە ئەمەریکا گرنگی کێشەی عێراق پاشەکشەی کردووە، لە لایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لە گۆشەنیگای ئەمەریکاوە بارودۆخی عێراق بە ڕادەی پێشو خراپ و ئاڵۆز نییە، بە چەشنێك تەنانەت جۆن مەککاینیش باس لە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات. هەروەها حکومەتی عێراقیش باس لە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات. کەواتە جیاوازی نێوان هەڵوێست و تێڕوانینی هەردوو پاڵێوراوی دیموکرات و کۆمارییەکان کەم بۆتەوە، نە جۆن مەککەین باس لەوە دەکات کە بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا دەمێنینەوە، نە ئۆباما باس لەوە دەکات کە ئەو ڕۆژەی بەسەرۆك هەڵبژێردرا ئەوا هێزەکان لە عێراق دەکشێنێتەوە. لەو حاڵەتەشدا کە هەڵوێستی پارتەکان لەیەك نزیك دەبێتەوە، ئەوا نابێتە کێشەیەکی گەورە لە هەڵبژاردنەکاندا و زۆر زەق ناکرێتەوە.

***بەڵام عەرەبەکانی عێراق هەوڵدەدەن گوشارەکان زیاتر بکەن و باردۆخی عێراق بشێوێنن،ئایا تا چەند ئەم فشار و پێداگیرییەی عەرەبی عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- رەنگە رای گشتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە هەڵوێستەکەی باراك ئۆباما بکەن بۆ دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، رەنگە حکومەتی عێراقیش بەم ئاڕاستەیەدا فشاربکات و ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئەمە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەڵوێستی ئۆباما بۆ ئەوەی کۆمارییەکان ناچار بکات بەو ئاقارەدا بڕۆن.

*** بەڵام ئامانجی عەرەبەکانی عێراق لەمە زیاترەو ئێستا گوشارێکی گەورەش دەخەنە سەرکورد لە ناوخۆی عێراقدا، ئایا بە تێروانینی تۆ لەم کاتەدا هەڵوێستی ئیدارەی سەرۆك بوش چۆن دەبێت؟**

- جگە لە حکومەتی ئەمەریکا، بە شێوەیەکی گشتی ئەمەریکییەکان نازانن لە سەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا چی روودەدا، جگە لەو راپۆرتانە نەبێت کە لە دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکادا بڵاو دەکرێنەوە و زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە بەغدا روودەدات. زۆربەی ئەمەریکییەکان هۆشیار نین بە هەلومەرجی کوردستان و هۆشیارنین بەوەی کوردەکان چی دەکەن .هەربۆیە کێشەی کوردەکان رۆڵێکی گەورە نابینێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا. ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە هیچ رۆڵێکی نییە لە ستراتیجییەتی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا، من ئەمەیان نازانم، بەڵام ئەوە دەزانم کە لە گۆشەنیگای دەنگدەرانەوە کێشەی کوردەکان کاریگەری و رەنگدانەوەی نابێت لەسەر دەنگدانی ئەوان.

*** ئەگەر لە کاتی سازدانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمەریکادا، بارودۆخی عێراق بە چەشنێك هەڵکشا کە پێویستی بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی هەبوو، ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئامادە دەبێت ئەو کارە بکات؟**

- من پێموایە رای گشتی ئەمەریکا پشتگیری زیادکردنی چالاکییە سەربازیەکان ناکات، بە پێچەوانەوە ئەوان خوازیاری کەمکردنەوەی چالاکییە سەربازییەکانن، ئەوەی ئێستا ئیدارەی ئەمەریکای نیگەران کردووە، ئەو هەواڵە خراپانەیە کە لە ئەفغانستانەوە دێن. من پێموایە رای گشتی ئەمەریکا ئامادەی زیاتر نییە لەم رووەوە. مەبەستم ئەوەیە پاڵپشتی زیادکردنی جم و جوڵە سەربازییەکان ناکات.

*** بەڵام ئێمە وەك کورد مەترسی ئەوەمان هەیە کە عەرەبەکانی عێراق ماوەی هەڵبژاردنەکان بقۆزنەوەو رژێمێکی دیکەی چەشنی رژێمی سەددام حوسێن بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەگەر ئیدارەی ئێستا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا دووچاری مەترسی بوونەتەوە، ئەوا دەستەوەستان ناوەستێت، بە چاوپۆشین لەوەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێن یان نا، لەبەر ئەوەی هێشتا حکومەت هەیە و ئەم حکومەتەش ئەو هەنگاوانە دەگرێتەبەر کە پێویستن. لەسەرێکی دیکەوە ئیدارەکەی سەرۆك بۆش پێیوایە دەست واڵایە بۆ ئەوەی ئەو کردەوانە بگرێتەبەر کە پێیوایە پێویستن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی، هەروەها سەرۆك بۆش جارێکی دیکە هەڵنابژێردرێتەوە و لەم رووەوە هیچ نیگەرانیەکی نیە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێت چی روودەدات کاتێك سەرۆکێك لە کۆتایی ماوەی دەسەڵاتەکەیدایە.



**دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لەسەر مەسەلە ناوخۆییەکان دەکەنەوە، بە تایبەتی ئابووری وڵاتەکە**

**رەنگە رای گشتی ئەمەریکا بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لە هەڵوێستەکەی باراک ئۆباما بکەن بۆ دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا**

**کێشەی کوردەکان رۆڵێکی گەورە نابینێت لە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەدا**

# میكانیزمەكانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی لە گۆشەنیگای ئەمەریكاوە



پرۆفیسۆر مایكل هیرۆن *

هەڵبژاردنەكان رواڵەتێكی بەردەوامی ژیانی سیاسین لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا. لە سـەر ئاسـتی فیدراڵی یان نەتەوەیی، هەر دوو ساڵ جارێك هەڵبژاردنەكانـی ئەنجومەنی نوێنەران (٤٣٥ ئەنـدام) ئەنجام دەدرێت، هەر چوار سـاڵ جارێكیش هەڵبژاردنی سـەرۆكایەتی ئەنجام دەدرێت. هەروەها ئەمەریكیـەكان لە چەندین هەڵبژاردنی نا فیدراڵیدا دەنگ دەدەن. ئەمەریكا ٥٠ ویلایەت لە خۆ دەگرێت و لە چوارچێوەی هەر ویلایەتێكدا چەندین بەرپرس هەڵدەبژێردرێن. هەروەها وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دابەش بووە بەسـەر چەندین موقاتەعەدا_ _ژمارەیان چەندەها هەزارە_ _و چەندین بەرپرسـی ئەو موقاتەعانە هەڵدەبژێردرێن. هەمیشە هەڵبژاردنی ویلایەتەكان، بە هەمان شێوە، موقاتەعە، شار، ئەنجومەنی قوتابخانە و هەڵبژاردنی شارۆچكەكان لە كاتـی هەڵبژاردنە فیدراڵیەكاندا ئەنجام نادرێن. ئەوەی روونە، ئەمەریكیەكان بە بەردەوامی لە پرۆسـەی دەنگداندان وئەم حاڵەتە لە سـاڵێكدا چەند جار دووبارە دەبێتەوە.

زۆرێك لە ئەكادیمیەكان لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بایەخ بە لێكۆڵینەوە لـە میكانیزمەكانی هەڵبژاردن دەدەن، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت لێكۆڵینەوە لە ئیدارەی هەڵبژاردنەكان. ئەوەی ئەم لێكۆڵینەوەیە دەیگرێتەوە، بە شێوەیەكی بنەڕەتـی بریتیە لەو چۆنییەتی ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەكان و چۆنییەتـی ژماردنی دەنگەكان و هتد. ئیـدارەی هەڵبژاردنەكان پەیوەندی بـەوەوە نییە ئایا چۆن و بۆچـی دەنگدەران دەنگ بـە چ پاڵێوراوێك یان پاڵێوراوگەلێك دەدەن كە دەیانەوێت پشـتیوانی لێبكەن. بەڵكو، قوتابییەكانی بواری میكانیزمەكانی هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەكی ئەندازەیی لە هەڵبژاردنەكان دەكۆڵنـەوە كە تێیدا ئیختیـاری دەنگدەران لە پرۆسـەی دەنگداندا خۆی بەرجەستە دەكات و لە دەرئەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی پاڵێوراوێك سەركەوتن بەدەست بهێنێت. ئایا دەقا و دەق ئەم پرۆسەیە چۆن كار دەكات، هەروەها چۆن دەكرێت ئەم پرۆسـەیە دابڕێژرێت، هەموو ئەمانە بریتین لە بوارێكی چالاكی لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا.

لەم وتـارە كورتەدا من دوو بواری ئیـدارەی هەڵبژاردنەكان تاوتوێ دەكەم. هـەردوو ئەم بوارە پەیوەندیـان بە وولاتانی دیكەوە هەیـە، بە تایبەتی ئەو وڵاتانـەی تەنها لەم دواییدا رێگاچـارەی هەڵبژاردنەكانیـان گرتەبەر بۆ هەڵبژاردنی سەركردە و بەرپرسەكانی دیكەیان.

تۆماركردن. تۆماركردنی ناوی دەنگدەران جەخت لەسەر دەستنیشانكردنی ئەو دەكاتەوە كە كێ رێی پێ دەدرێت دەنگ بدات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو شـێوە رێكخستنەی لە وڵاتە یەكگرتوەكاندا هەیە--كە سیستمێكی فیدراڵیە وتێیدا ویلایەتەكان ئۆتۆنۆمیەكی بەرچاویان هەیە—ئەوا بە شـێوەیەكی سەرەكی پرۆسـەی تۆماركردن پەیوەستە بە ویلایەتەكانەوە. ئەمە بە مانای ئەوە دێت كـە هەر ویلایەتێك خۆی بڕیار دەدات چـۆن ناوی دەنگدەران تۆمار بكات، هەروەها دەكرێت هەر ویلایەتێك یاسای تایبەتی بە خۆی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو كەسە دەستنیشان بكات كە شایستەی دەنگدانە. بەڵام ئەگەرچی ویلایەتەكان مرونەتێكیان هەیە لە دارشتنی یاساكانی پەیوەست بە دەنگدانەوە، بەڵام دەبێت ئەو یاسایانە لەگەڵ دەستووری وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا بگونجێن. بۆ نموونـە، ویلایەتێك ناتوانێت بڕیاری ئەوە بدات كە دەبێت ئەو كەسـەی دەنگ دەدات تەمەنی ٢٥ سـاڵ بێت. لەبەر ئەوەی لە دەستوری ئەمەریكادا هاتووە كە نابێت هیچ كەسێك ١٨ ساڵی تەواو كردبێت یان تەمەنی زیاتر بێت مافی دەنگدانی لێ زەوت بكرێت.

یەكێـك لەو لایەنانەی كە ویلایەتەكان تێیدا جیـاوازن ئەوەیە ئایا رێگە بەوە دەدەن كـە پێی دەوترێت « هەمـان رۆژی تۆماركردنی دەنگدەر.» ئەگەر ویلایەتێـك رێگەی پێ بدات، ئەوا ئەو كاتە هـەر هاووڵاتیەكی ئەمەریكا كـە لەو ویلایەتەدا دەبێت و مەرجەكانی ( مەرجەكانی دەنگدان) تایبەت بەو ویلایەتەی تێدابێت، لەگەڵ مەرجـە فیدراڵیەكان ئەوا دەتوانێت ناوی خۆی تۆمار بكات بۆ ئەوەی لە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگ بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرێك لە ویلایەتـەكان رێگە بەمە نادەن. نیشـتەجێبوەكانی ئەم ویلایەتانە دەبێت پێشـتر، ٣٠ رۆژ پێش هەڵبژاردنەكان، نیازی خۆیان ئاشكرا بكەن بۆ دەنگدان.

ئایـا رەواترین رێگـە چیە بـۆ بەڕێوبردنی پرۆسـەی تۆماركردنی ناوی دەنگـدەران؟ ئایا دەبێت هەمو ویلایەتەكان رێگـە بە رێگاچارەی « هەمان رۆژی تۆماركردنـی دەنگدەر» بدەن؟ ئەگەر ئـەم رێگاچارەیە بگیرێتەبەر ئەوا دەنگدان ئاسـانتر دەبێت، بە تایبەتی بۆ هاووڵاتیانەی پێش پرۆسـەی هەڵبژاردنەكە هاتونەتە ویلایەتەكەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەركی ئیدارەكردنی هەڵبژاردنـەكان بۆ ویلایەتەكـە ئاڵۆزتر دەكات: كاتێـك ویلایەتەكە داوای مـاوەی ٣٠ رۆژ دەكات بۆ تۆماركردنی ناوی دەنگدەران، ئەوا مانگێك پێش هەڵبژاردنەكە دەتوانرێت گەورەترین رێژەی دەنگدەران دەستنیشـان بكرێت كە بـۆی هەیە روبكەنە بنكەكانی دەنگدان. ئەمەش پلاندانان بۆ هەڵبژاردنەكان ئاسانتر دەكات.

ئایا كێ شایسـتەی ئەوەیە دەنگ بدات؟ هەمووكەسـێك ١٨ سـاڵی تەواو كردبێت؟ ئایا بەندكراوەكان دەتوانن دەنگ بدەن؟ ئەی ئەو كەسانەی پێشتر لە زینداندا بوونە و ئێسـتا ئازادن؟ ئەی ئەو كەسانەی لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا گەشت دەكەن؟ هەموو ئەمانە پەیوەستن بە هەڵبژاردنەكانی ئەمەریكاوە و بە چڕی لێكۆڵینەوەیان لە بارەوە كراوە. حاڵی حازر بایەخێكی تایبەتی بە پرسی ئەو كەسـانە دەدرێت كە پێشـتر لە زینداندا بوونە و بایەخ بەوە دەدرێت ئایا دەبێت رێگەیان پێ بدرێت دەنگ بدەن. هەندێ لە ویلایەتەكان مافی دەنگدان بەو كەسـانە نادەن كە پێشـتر تاوانیان كردووە، بەڵام لە وڵاتەكەدا سیاسەتی یەكگرتوو نییە لەم بارەیەوە.

یەكێك لە كێشـەكانی تێكڕای سیسـتمەكانی تۆماركردن بریتیە لەوەی كە هەندێ جار هەڵە دەكەن. ئایا ئەو دەستەیەی سەرپەرشتی دەنگدانەكە دەكات چ هەڵوێستێكی دەبێت ئەگەر دەنگدەرێك هاتە بنكەی دەنگدان و بانگەشەی ئەوەی كرد كە ناوی تۆماركراوە، بەڵام دەركەوت كە ناوی تۆمار نەكراوە؟ ئـەوەی بە زۆری لەم حاڵەتەدا دەكرێت ئەوەیە كە ئەم كەسـە دەنگ دەدات بەڵام «دەنگدانێكی ماجدار»، ئەمـەش بە مانای ئەوە دێت كە ئەم دەنگە حسـێب ناكرێت تاوەكو باری یاسـای ئەم كەسـە یەكلادەكرێتەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەوە بدرێت ئایا لە رووی یاسـاییەوە دەنگدانەكەی دروستە یان نا، كە عادەتـەن چەند رۆژێك دوای كۆتای هاتنی هەڵبژاردنەكە ئەم كارە دەكرێت. هەرچەندە ئەمە سیستمێكی بێ كەموكورتی نییە، بەڵام یارمەتیدەر دەبێت لە زامنكردنی ئەوەی ئەو كەسانەی بە شێوەیەكی راست و دروست ناویان تۆمار كراوە دەرفەتی دەنگدانیان دەبێت ئەگەرچی كێشـەیەكی كاتی پەیوەست بە تۆماركردنیشەوە سەرهەڵبدات.

یەكێك لەو مەسەلانەی ئاڵۆزیان لێدەكەوێتەوە بریتییە لە نەبوونی ناسنامەیەكی نەتەوەی. كە ئەم شێوە ناسنامەیە لە ئەمەریكادا بوونی نییە (هەرچەند چەند كەسێك پێیان وایە دروست كردنی ئەم ناسنامەیە بیرۆكەیەكی باشە)، ئەمەش بـەو مانایە دێت كە جیاكردنەوەی ئەو كەسـەی شایسـتەی دەنگدانە لەو كەسـەی كە شایستە نییە ئەركێكی ئاسانە. ئایا چۆن بەرپرسی هەڵبژاردنی ویلایەتێك دەتوانێت لە راست و دروسـتی بانگەشەی كەسێك دڵنیابێت؟ ئەم پرسیارانە تەوەری سەرەكی پرۆسەی تۆماركردنی ناوی دەنگدەران و تەوەری لێكۆڵینەوەن لەسەر ئەم بابەتە.

بەكارهێنانی تەكنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا. كاتێك كەسێك دەگاتە بنكەی

* تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەنگدان بۆ ئەوەی دەنگ بدات، ئایا چۆن دەنگدانەکەی تۆمار دەکرێت؟ لە هەندێ شـوێنی ئەمەریکادا دەنگدەران لە ڕێی پڕکردنەوی کاغەزێکەوە ئەم کارە دەکەن، کە دواتر بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپوتەرەوە دەژمێردرێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ شوێنی دیکە دەنگدەران تەنها بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنی دەنـگ دەدەن و کاغەزی (وەرەقەی) دەنگدان بەکار ناهێنن. ئایا باشـترین ڕێگەی تۆمارکردنی ئیختیاری دەنگدەران چییە و ئایا ڕەواترین سیسـتمی ئەوەی پێی دەڵێن دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاوە چییە؟

حاڵی حازر مشـت و مڕێك هەیە لە ئەمەریـکا لە بارەی ئەوەی ئایا دەبێت هەمیشـە جۆرێك لە وەرەقەی دەنگدان بەکاربهێنرێت لە پرۆسەی دەنگداندا. لایەنی باشـی وەرەقەی دەنگدان ئەوەیە کە لەبەردەستدان و دەتوانرێت چەند جارێکی بژمێردرێنەوە ئەگەر پێویست بکات.

هەرچۆنێـك بێـت، وەرەقەکانی دەنگـدان قەبەن و هەندێ جار دەسـتەی سەرپەرشـتیاری دەنگدان ئەم وەرقانەیـان لێدەبڕێت. چەندین زمانە هەیە کە لە ئەمەریکا قسەیان پێدەکرێت، هەروەها ئەو دەستانەی سەرپەرشتی دەنگدان دەکـەن لە ئەمەریکا ئەم وەرقانە بـە چەندین زمان چاپ دەکەن. بەڵام چی دەکرێت ئەگەر تەنها ١٠ وەرەقە بە زمانی روسـی چاپ کرابوون، بەڵام ٢٠ کەس ئامادەبوون لە بنکەی دەنگدانەکە کە بە رووسی قسەیان دەکرد؟

بەدیلی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدان کە بە هۆی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە دەژمێردرێن بریتیە لە دەنگدانی ئەلەکترۆنی.

لە کاتی بەکارهێنانـی میکانیزمەکانی دەنگدانـی ئەلەکترۆنیدا وەرەقەی دەنگدان کەم ناکات، دەکرێت بەو شێوەیە پرۆگرامیان بۆ دابنرێت کە بە چەند زمانێك کاربکەن، دەکرێت بەو شـێوەیە بەرنامەڕێژبکرێن کە ئاسـانکاری بۆ ئەو کەسانە بکەن کە لە رووی بینابییەوە گرفتیان هەیە، هەروەها دەکرێت بەو شـێوەیە بەرنامەڕێژبکرێن کە ڕێگە لەوە بگرن کە دەنگدەر دەنگ بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێکی سـەرۆکایەتی بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، **دەنگدانی ئەلەکترۆنی بە هەمان شـێوەی ئەو دەنگدانە شەفاف نییە کە بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدانـەوە ئەنجام دەدرێت.** ئەمە لەبەر ئـەوەی لە دەنگدانی ئەلەکترۆنیدا، هیچ وەرەقەیەك نییـە کە ئیختیاری دەنگدەرانی لەسـەر تۆمارکرابێت. لە دەرئەنجامدا ئەگەر دەستەی سەرپەرشتیاری دەنگدانەکە پێویستیان بە دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان بوو ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بۆ پاڵێوراوەکان نزیك بوو لە یەکەوە، ئەوا هیچ ڕێگایەك نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ( دووبارەی ژماردنەوەی دەنگەکان). لەوە زیاتر، هەندێك کەس نیگەرانن لەوەی دەنگدانی ئەلەکترۆنی بـۆی هەیە بە هۆی هەڵەکردن لە بەرنامەسـازی کۆمپیوتەر و دەسـتکاریکردنی بە ئەنقەسـتەوە وا دەکات دەرئەنجامـی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامێکی ناشەرعی بن.

**ئایا ڕێگەی راسـت و دروست چییە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا؟ حاڵی حازر ئەمە جێی مشـت و مـڕە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریـکادا، هەروەها هۆکاری زۆرێك لەم مشـت و مـڕە بۆ دەرئەنجامە زۆر نزیکەکانی هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتی سـاڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە.** لەم هەڵبژاردنـەدا، ٥٣٧ دەنگ پاڵێوراوی سـەرکەوتوی ( جـۆرج بۆش) لە پاڵێـوراوی دۆڕاو ( ئالبێرت گۆر) جیاکردەوە لە ویلایەتی فلۆریدا. بە پێی یاساکانی هەڵبژاردنی ئەمەریکا، ئەم جیاوازیە زۆر کەمە بەس بوو بۆ ئەوەی سـەرۆکایەتی بدرێت بە جۆرج بۆش و ئالگۆر سـەرکەوتوو نەبێت. لەگەڵ ئەوەشـدا، لە ویلایەتی فلۆریدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەزارەها دەنگدەر هەبوون کە بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێکی سـەرۆکایەتی دەنگیاندا، ئەمەش پێی دەوترێت دەنگدانی زیاد لە پێویست.

دەنگـدان بـۆ زیاتر لـە پاڵێوراوێکی سـەرۆکایەتی دەبێتە هـۆی ئەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵبژاردنێکی ناڕەوا و نایاسایی بێت. بەو پێیە، ئەو دەنگدەرانەی لە کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیان دا، ئەوا بوونە هۆی ئەوەی دەنگەکانیان پشـتگوێ بخرێت. بەڵام ئایا ئەم دەنگدەرانە مەبەسـتیان بوو کە دەنگەکانیان پشـت گوێ بخرێت؟ ئەگەری زۆر ئەوەیە کە نەخێر ئەو مەبەسـتەیان نەبوو لێکۆڵینـەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە زۆرێك لەو کەسـانەی لە کاتی هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیاندا، هۆکارەکەی ئەوەبوو کە دووچاری شڵەژان هاتبوون.

ئەوەی جێی سـەرنجە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا زیاتر لە دەنگێکیاندا زۆر زۆر زیاتر بوون لە ٥٣٧ دەنگەکە.

**دەنگدانـی ئەلەکترۆنی ڕێگە لەوە دەگرێت دەنگ بـۆ زیاتر لە پاڵێوراوێك بدرێت، بەڵام دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەوە ڕێی لێ ناگرێت.**

ئەمەش پاسـاوی ئەوەیە کە پەنا بـۆ دەنگدانی ئەلەکترۆنی ببردرێت. لەبەر ئەوەی هەر کاتێـك میکانیزمەکانی ئەم دەنگدانە بەکارهێنرا ئەوا دەنگدەران ناتوانن دوبارە دەنگ بدەنەوە.

ئـەم دەنگدانە زیادەیە جۆرێکە لە هەڵـەی دەنگدەر ( تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بە مەبەست هەڵدەستن بە خەسـارکردنی دەنگەکانیان). هەروەها جۆری هەڵەی دیکە هەیە کە دووچـاری دەنگدەر دەبێت، بۆ نموونە ئامادەنەبوونی دەنگدەر لە کاتی دەنگداندا. ئایا دەبێت سیسـتمەکانی دەنگدان هەڵبستن بە ئاگادارکردنـەوەی دەنگدەران کاتێك دەنگ نـادەن؟ دەبێت ئاگادار بکرێنەوە بۆ ئەوەی دەنگدانەکەیان لە دەسـت نەچێت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا، بۆ نموونە هەڵبژاردنە تەشریعیە مەحەلیەکان کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دێن. لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە پێویسـت بەوە نەکات ئاگادار بکرێنەوە، ئەو دەنگدەرەی کە نایەوێت بەشـداری بکات، دەبێت ڕێگەی پێ بدرێت ئەم کارە بکات بێ ئەوەی هان بدرێت بۆ ئەوەی دەنگ بدات.

یەکێك لە مەسەلەکانی دەنگدانی ئەلەکترۆنی کە ئێستا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت ئەوەیە کە باشترین ڕێگەیە بۆ خستنەڕوی زانیاریەکان بۆ دەنگدەران. ئەمە مەسەلەیەکی ئالۆزترە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا هەڵبژاردن گەلێکی دوورودرێژن. بە پێی ویلایەتەکان، هەڵبژاردنەکانی تشـرینی دووەم ٣٠_٤٠ پێشبرکیی فەردی لە خۆدەگرن. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە هەندێ لە دەنگدەران، دوای چەند دەنگدانێك بەردەوام نابن لە دەنگدان، بەڵام ئەوانی دیکە لە هەموویاندا بەشـدار دەبن. ئایا دەبێت ریزبەندی (تەرتیبی) پاڵێوراوەکان لەسـەر وەرەقەکانی دەنگدان هاوشێوە بێت؟ ئەوەی روونە وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە بوونی ناوی پاڵێوارۆێك لە سـەرووی لیستەکەدا دەبێت هۆی بەدەسـت هێنانی دەنگێکە زۆرتر. بە گوزارشـتێکی دیکە، باشترە لە ناوت لە سـەرووی لیستەکەدا بێت، یەکەم کەسی لیسـتەکە بیت. بەو پێیە لە هەندێ شـوێنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەسەڵاتە یاسـاییەکان فەرمان بە گۆڕینی ڕیزبەندی پاڵێوراوەکان دەدەن.

لـەم وتـارەدا، هەوڵمداوە خوێنـەران لە هەنـدێ مەسـەلەکانی ئیدارەی هەڵبژاردنـەکان بەرچاوڕوان بکەمەوە کە حاڵی حازر لە ئەمەریکا مشـت و مڕی لە بارەوە دەکرێت. هەموو ئەم مەسـەلانە جێـی بایەخی دەنگدەران و پاڵێوراوەکانن، ئەوانەی خویازیاری ئەوەن هەڵبژاردنەکان هەڵبژاردنی رەوا بن، هەروەها جێی بایەخی ئەو کەسـانەن کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن، ئەوانەی خوازیـارن دەرئەنجامەکان جیی متمانەبـن و وەك دەرئەنجامێکی شەرعی لێیان بڕوانرێت.

ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی دوو سـەد سـاڵە بە شـێوەیەکی دەوری هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدا، بەڵام هێشـتا لە پرۆسـەی فێربووندایە دەربارەی ڕەواترین شـێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەرئەنجامـی هەڵبژاردنەکان جێ متمانەبن و وەك دەرئەنجامێکی شـەرعی سـەیریان بکرێـت. دەبێت ئەمە ئامانجـی تێکڕای دیموکراسـیەکان بێت، دیموکراسی نوێ بن یان دیموکراسیەکی دیرێن.

*** ئوستادی حکومەت لەزانکۆی دۆرتمۆس**

●●●

**دەنگدانی ئەلەکترۆنی بە هەمان شێوەی ئەو دەنگدانە شەفاف نییە کە بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەی دەنگدانەوە ئەنجام دەدرێت**

●●●

**ئایا ڕێگەی راست و دروست چییە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە پرۆسەی دەنگداندا؟ حاڵی حازر ئەمە جێی مشت و مڕە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، هەروەها هۆکاری زۆرێک لەم مشت و مڕە بۆ دەرئەنجامە زۆر نزیکەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێتەوە**

●●●

**دەنگدانی ئەلەکترۆنی ڕێگە لەوە دەگرێت دەنگ بۆ زیاتر لە پاڵێوراوێک بدرێت، بەڵام دەنگدان بە هۆی بەکارهێنانی وەرەقەوە ڕێی لێ ناگرێت**

●●●

**ئەمەریکا بۆ ماوەی دوو سەد ساڵە بە شێوەیەکی دەوری هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدا، بەڵام هێشتا لە پرۆسەی فێربووندایە دەربارەی ڕەواترین شێوەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێ متمانەبن و وەک دەرئەنجامێکی شەرعی سەیریان بکرێت**

●●●



# مەترسییەکانی ئەقلییەتی شۆڤینی و پارتە ئیسلام

پێکهاتەی سیاسی عێراق ئێستا بە دوو ئاراستە خەریکە یەکلایی دەبێتەوە لایەکیان هەڵکێشانی ئەقلییەتی شۆڤێنی عەرەبییە کە نوێنەرایەتی پاشماوەکانی بەعس دەکات و لایەکی دیکە هەڵکشانی رەووە و هێزە ئیسلامییەکانی شیعە و سوننەیە کە ئەمانیش لەگەڵ ئەوەی لە ناو خۆیاندا تا ئەوپەڕی دژی یەکترن بەڵام هەردووکیشیان پێکەوە لەسەر ماف و داواکارییەکانی کورد کۆکن و یەکدەگرنەوە.

مەترسی ئەم دوو ئاراستەیە بۆ سەر نەخشەی سیاسی ئایندەی عێراق مەترسییەکی تا بڵێی ترسناکە، بەتایبەتی کە هەردوو رەوتەکە لەگەڵ ئەو عێراقە پێچەوانە دەبنەوە کە لە دوای رژێمی سەدام حوسێن بڕیاربوو بوونیادبنرێتەوە.

هەر بۆیە کاتێك لەسەر ئەرزی واقیع سەیری نەخشەی سیاسی عێراق دەکەین دەبینین رۆژ لە دوای رۆژ لە دیموکراسی و فیدرالیزم دوور دەکەوینەوە و زیاتر بەرەو دووبارە گێڕانەوەی شۆڤینیزم و باڵادەستی پارتە ئیسلامییەکان نزیك دەبنەوە.

ئەوانەی بە شێوەیەك شرۆڤەی باڵا دەستی ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا دەکەن، لە روانگەی پارتی دادوگەشەپێدانی تورکیا مەترسییەکان بە ئاراستەی کەمبوونەوە شرۆڤەدەکەن، بەڵام ئەوە لەبەرچاو ناگرن کە لە بنەڕەتدا دروستبوونی پارتێکی سیاسی لە تورکیا کە ناوی ئیسلامی پێوە بێت قەدەغەیە و تەنانەت پارتی داد و گەشەپێدانیش کە هیچ ناوێکی ئیسلامی پێوەنییە، ماوەیەك لە مەوپێش دادگای تورکیا بەبیانووی ئەوەی




# ــییەکانی سووننە و شیعە لە سەر ئایندەی عێراق

هەڕەشەی لەسەر سکولاریزمی تورکیا دروستکردووە خەریك بوو فەرمانی داخستنی دەربكات.

لە عێراقدا وێنەكە تــەواو پێچەوانەیە بەر ئەوەی هەموو لایەنە سیاســـییەكانی عەرەبی عێراق بە ســـوننە و شیعەوە دەیانەوێت لە ریشـــەوە ئەو دەستوورە هەڵبتەكێنن كە عێراق لە چوارچێوەی سیستەمێكی پەرلەمانی و فرەیی و دیموكراسیدا رێكدەخاتەوە و لە ژێر ئەم سیستەمەدا هەوڵی پیادەكردنی سیاسەتی مەزهەبی و گێڕانەوەی ئەقڵییەتی شۆڤێنی دەدەن.

هەر بۆیە ئەگەر گریمانـــەی ئەوە بكەین ئایا لە عێراقدا تەنیا ئیسلامییەكان و شـــۆڤێنییە عەرەبەكان بوونیان هەیە؟ بێگومان دەڵێین نەخێر، بێجگە لەو پێكهاتانە، پێكهاتەی دیموكراسی دیكە و كوردیش هەن كە هەوڵی بوونیادنانەوەی عێراق لەسەر بنەمای دیموكراسی و فیدالیزم دەدەن بەڵام كێشەكە لێرەدا ئەوەیە كە ئەم هێزانە لە بەرامبەر ئەو هێزانەی دەیانەوێت عێراق بە ئاراستەكەی دیكە بەرن كەمینەن و ناتوانن بە ئاسانی پارسەنگی لاسەنگی عێراق راست بكەنەوە.

لـــەم قۆناغەدا كە تا چەند مانگی دادێش ئیدارەی ئەمەریكی ســـەرقاڵی هەڵبژاردنەكانی ســـەرۆكایەتی دەبێـــت، عێراق بە قۆناخێكی ســـەخت و ترســـناكدا هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش لەبـــەر ئەوەی ئیـــدارەی ئەمەریكا ناتوانێت وەك پێویســـت لەم ماوەیـــەدا هەموو بڕیارێك بدات، گۆڕانكاری لە بارودۆخەكەدا دروست بكات.

محەمەد حافیز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میسوری- کەتساس بۆ گوڵان:

# سەرکەوتن لە عێراق واتە سەرکەوتنی ئاشتەوایی سیاسیی نەک باش بوونی باری ئاسایشی

■■■

**پرۆفیسۆر محەمەد حافز کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی میسۆری - کەتساس لە ئەمەریکا، پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر ئیسلامی سیاسیی و بزوتنەوە ئیسلامیە توندڕەوەکان و لەم بوارەشدا چەندین کتێبی هەیە لەوانە:**


**١- یاخیبوونی ئیسلامییەکان: چەوسانەوە و یاخیبوون لە جیهانی ئیسلامیدا**

**٢-خۆکوژەکان: هۆکاری سیاسیی و بیروباوەڕ لە هەڵکشانی توندوتیژیدا.**

**ئەم کتێبە وەك پرۆژەیەك لەلایەن ئەنیستیۆتی، ئەمەریکا بۆ ئاشتی چاپ دەکرێت وبڵاودەکرێتەوە بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر هەڵکشانی رەوتی ئیسلامی سیاسیی لە عێراقدا پرۆفیسۆر حافیز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■■■

**لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ دەرفەتێک بۆ پارتە ئیسلامییەکانی دروست بوو کە رۆڵیکی گەورەتر لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بگێرن**



***پارتە ئیسلامییەکانی عێراق دوو جۆرن پارتە شیعەکان کە پتر پەیوەستن بە ئێرانەوە، هەروەها پارتە سوننییەکانیش کە سەر بە رێکخراوی ئیخوان موسلمینن، ئایا ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رووخاندنی دیکتاتۆرییەت بوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە لایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە حکومرانیتی بکرێت؟**

- بە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە رژێمێکی عەلمانی تاکرەو روخێنرا و بۆشایی و دەرفەتێك بۆ پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان دروست بوو بۆ ئەوەی رۆڵێکی گەورەتر ببینن لە ژیانی سیاسییدا، بەڵام ناکرێت بڵێین تێکرای شیعەکان وەلائیان هەیە بۆ ئێران و هیچ بایەخێك بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نادەن، لە هەمان کاتدا بەدەست هێنانی پاڵپشتی هەندێ لە دەوڵەتانی دراوسێ بە مانای ئەوە نایەت کە سوننەکان هیچ پەرۆشیەکیان نییە بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان لە عێراق و ئەجیندایەکی عێراقییان نییە. هەروەها وەسفکردنی بارودۆخەکە بەوەی دیکتاتۆرێکی عەلمانی لە دەسەڵات لابراوە و دیکتاتۆرێکی ئاینی جێی گرتۆتەوە وەسفێکی ووردی بارودۆخەکە نییە. پارتە ئیسلامییەکانی عێراقیش زیاتر نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمن دەکەن و بەشداری لە سیستەمە سیاسییەکەدا دەکەن، ئەمەش کارێکی باشە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی شەرعیەتدان بە پرۆسە سیاسییەکە و لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی پاڵپشتی سوننەکان بۆ ئەم سیستەمە.

**ئەگەر بمانەوێت ئایندەیەکی باش بنیات بنێین ئەوا دەبێت رابردوو تێپەڕێنین**

***عیراق لەسەر ئەرزی واقیع سێ بەشی جیاوازە و سێ سیستەمی جیاواز بەڕێوەی دەبات ئایا چۆن ئەم دابەشبوونە کۆدەکرێتەوە؟**

-کێشە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هۆی دابەشبوونی وڵاتەکە بۆ سێ دەوڵەتی جیاواز، ئەوەی پێویستە بوونی ئەجێندایەکی نەتەوەییە کە رەنگدانەوەی فرە نەتەوەیی و فرە ئیتنی وڵاتەکە بێت، واتە ناسنامەیەکی هەمەلایەن بنیات بنرێت، وەك ئەوەی لە ئەندەنوسیا هەیە، لە ئەمەریکا هەیە. بە چەشنێك هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەیەکان بدرێت، نەك تەنیا بەرژوەندی کورد، یان سوننە یاخود شیعەکان لەبەرچاو بگیرێت. رەنگە ئەمە ئەرکێکی سەخت بێت لەبەر ئەوەی بە درێژای مێژوو عێراق لە لایەن سوونەکانەوە حوکم کراوە کە پێکهاتەکانی دیکەی سەرکوتکردووە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت ئایندەییەکی باش بنیات بنێین، ئەوا دەبێت رابردوو تێپەڕێنین.

*** عیراق ئێستا لەبەردەم تەحدیەکی گەورەدایە ئایا لەو بڕوایەدایت بتوانرێت ئەو تەحدینە تێپەرێنرێت؟**

-من لە تەحەدداکانی عێراق تێدەگەم، لەبەر ئەوەی لە لایەك تورکیا بەرهەڵستی سەربەخۆبوون یان بەهێزبوونی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکات و لێرەشەوە هەوڵی دەستێوەردان دەدات لە کێشەی کەرکوکدا، لە لایەکی ترەوە ئێران هەست بە هەڕەشە دەکات لە لایەن ئەمەریکاوە، لەبەر ئەوە هەوڵدەدات عێراق سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینێت لە سایەی داگیرکاریی ئەمەریکادا، بە هەمان شێوە سعودیە و ئوردن نیگەرانن لە هەڵکشانی دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراقدا، کە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکەدا. من پێم وایە دەکرێت لە رێی گفتوگۆوە هەندێك لە کێشەکان چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا مرونەتی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت لە ئاست سوریا و ئێراندا و هەندێك لە نیگەرانییەکانیان بڕەوێنێتەوە، ئەوا ئەمە دەرئەنجامێکی باشی دەبێت. ئەوەی

پەیوەنـــدی بە تورکیاوە هەبێت دەکرێت لـــە ڕێی جەختکردنەوە لە ســـەر یەکپارچەیی خاکی عێراق نیگەرانییەکانی ئەم وڵاتە بڕەوێنرێتەوە. بە چەشنێك تورکیا مەترسی دابەشبوونی عێراقی نەمێنێت.

*** بەڵام هەمیشـــە ڕژێمە تاکڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ڕاســـپاردەیەیان هەبووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە ئەگەر ڕێگە بە پرۆســـەی دیموکراســـی بدرێت، ئەوا پارتە ئیسلامیەکان جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، ئایا سەرکەوتنی پارتە ئیســـلامییەکان لە عێراقدا بە مانای درێژەدان بە ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە؟**

- هۆکارگەلێکی زۆر هەن بۆ درێژەکێشـــانی دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتـــۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا، مـــن پێم وایە نیگەرانی ئەوەی لە حاڵەتی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکاندا پارتە ئیسلامییەکان ســـەرکەوتن بەدەست دەهێنن کە دژە عەلمانی و دژە ڕۆژئـــاوان نیگەرانییەکی ڕەوایـــە. هەرچەندە من پێم وایە دەکرێت ئیســـلامییەکان لە چوارچێوەی سیستەمەکەدا کاربکەن و هەوڵبدەن ئەو سیســـتەمە زیاتـــر دیموکراتی بێت. بۆ نموونە ئەو پارتە ئیســـلامییەی لە تورکیادا لە دەسەڵاتدایە، بە هەمان شـــێوە لە مەغریب پارتە ئیسلامییەکان لە چوارچێوەی ڕژێمی پاشایەتیدا کاردەکەن، لە ئوردنیش پارتە ئیسلامیەکان بەشداری لـــە پەرلەمـــان و حکومەتدا دەکـــەن، هەرچەنـــدە من ناڵێم ئەمانە بە چەشـــنی وڵاتانی ڕۆژئاوا دیموکراسین.

***هەر کە باس لە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا دەکرێت لە عێراقدا ئەوا بە باشـــترکردنی ڕەوشـــی ئەمنـــی وڵاتەکەوە گرێدەدرێتەوە، بـــەڵام ئەگەر دابینکردنـــی ئاســـایش تاقە پێوەری ســـەرکەوتن بێت ئەوا ســـەددام حوســـێن لە هەمووو کەس ســـەرکەوتوتربوو، لەبەر ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری پاراســـتبوو، تێڕوانیـــن و لێکدانەوەی ئێوە چیە؟**

- ســـەرکەوتن لە عێراقدا تەنیا پەیوەســـت نییە بە ئاسایشەوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاشتەوایی سیاسییەوە، بە چارەسەرکردنی کێشە جیددییەکانی وڵاتەکەوە وەك کێشـــەی کەرکـــووك، نوێنەرایەتـــی سیاســـیی، دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و سروشتی دەوڵەتی عێراقی، ئایـــا دەوڵەتێکـــی تائیفی دەبێت، یـــان دەوڵەتێکی یەکگرتوو. بەڵام ئاســـایش توخمێکی بنەڕەتیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشـــەی کەرکووك، بۆ بەدەست هێنانی گەشەکردنی ئابووری و ئاشـــتەوایی سیاسیی، ئەگەر ئاســـایش نەبوو شیعەکان پتر پەنا بۆ میلیشـــیاکانیان دەبەن، ئەگەر ئاسایش نەبوو کوردەکان پتر دەســـت بە هێزەکانـــی خۆیانەوە دەگرن و ســـازش لەگەڵ ســـوونەکاندا ناکەن، من ناڵێم هەر کە ئاسایش هەبوو، هەمووو ئەم کێشـــانە چارەسەر دەبن، بەڵام ئاسایش توخمێکی بنەڕەتییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە.

***بۆچی ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری کوردەکان ناکات، بۆ نموونە لە مەسەلەی کەرکووکدا؟**

- لـــە ڕووی مێژوویـــیـــەوە ئەمەریکا پشـــتگیری کوردەکانی کردووە، بە لای کەمەوە لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە دوای دانانی ناوچـــەی دژە فڕین، بەڵام ئەمەریکا دەبێت چەند ئیعتبارێکی دیکـــە لەبەرچاو بگرێت، بۆ نموونە دەبێـــت تیڕوانینی تورکیا لەبەرچاو بگرێت وەك هاوپەیمانێکی گرنگ و وەك ئەندامێکی ناتۆ، هەروەها ئەمەریکا دەیەوێت ئاشـــتەوایی لە نێوان شـــیعە و ســـوننەکاندا بکات، ئەمەش وا دەکات لە کێشە جیددیەکاندا بیروبۆچوونەکانییان وەربگرێت، وەك کێشەی کەرکووك، فیدراڵیزم و یاســـای نەوت و گاز. هەمیشـــە ئایدیۆلۆژیـــا و بەهاکان نابنە پاڵنەری سیاســـەتەکانی ئەمەریـــکا، بەڵکـــو زۆرجار بەرژەوەندییـــەکان تەحەکوم بە سیاسەتی ئەمەریکاوە دەکەن.



پێداگیـــری ئەمەریـــکاش لە سەر پاراســـتنی یەکپارچەیی عێراق بریتییە لە ئاکامەکانی دابەشبوونی ئەو وڵاتە. ئەگەر دەوڵەتێکـــی کوردی لە باکوور دروســـت بـــوو، ئـــەوا تورکیا دەســـتێوەردان دەکات. ئەگەر دەوڵەتێك لە باشـــوور دروست بـــوو ئەوا پتر پشـــت بە ئێران دەبەستێت، ئەگەر دەوڵەتێکیش لە ناوەڕاســـت دروست بوو ئەوا ســـوننەکان بەرهەڵستی دەکەن لەبەر ئـــەوەی لە ســـەرچاوە نەوتییەکانی وڵاتەکە بێ بەش دەبن. لە هەمان کاتدا من پێم وایە زۆرێك لـــە عێراقییەکان دابەشـــبوون ڕەت دەکەنـــەوە، ئەگـــەر ئەمەریـــکا کاری بۆ دابـــەش بوونی عێـــراق کرد ئـــەوا وا دەردەکەوێت کە داوا دیموکراسیەکانی عێراقییەکان ڕەت دەکاتەوە.

●●●
**پارتە ئیسلامییەکانی عێراقیش زیاتر نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ئیخوان موسلیمن دەکەن و بەشداری لە سیستەمە سیاسییەکەدا دەکەن**
●●●

●●●
**لە حاڵەتی هەڵبژاردنە دیموکراسییەکاندا پارتە ئیسلامییەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن کە دژە عەلمانی و دژە ڕۆژئاوان نیگەرانییەکی ڕەوایە**
●●●

●●●
**ئەمەریکا دەبێت تێڕوانینی تورکیا لەبەرچاو بگرێت وەک هاوپەیمانێکی گرنگ و وەک ئەندامێکی ناتۆ، هەمیشە ئایدیۆلۆژیا و بەهاکان نابنە پاڵنەری سیاسەتەکانی ئەمەریکا، بەڵکو زۆرجار بەرژەوەندییەکان تەحەکوم بە سیاسەتی ئەمەریکاوە دەکەن**
●●●

**پیتەر سلاگلیت ئوستادی مێژوو لە زانکۆی utan بۆ گوڵان:**

# لە کێشەی کەرکووکدا مەسەلەکە ئەوە نییە کێ ڕاستەو کێ هەڵەیە

**پرۆفیسۆر پیتەر سلاگلیت، ئوستادی مێژووی دەوڵەتانی عەرەبییە لە زانکۆی utan لە ئەمەریکاو پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر مێژووی عێراق بەتایبەتی عێراق لەسەردەمی ماندێتی بەریتانیادا، هەروەها بەڕێوەبەری دیراساتی مێژووە لە سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمەریکا.**
**پرۆفیسۆر سلاگلیت چەندین دیراساتی لەسەر عێراق هەیە بەتایبەتی لەوکاتەی لەژێر ئینتدابی بەریتانیا بووە.**
**سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق لە سایەی سیاسەتی ئەمەریکادا سلاگلیت بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**



**بۆشایی دەسەڵاتی عێراق**
**ئەو پارتە ئیسلامییانە**
**پڕیانکردەوە**
**کە لە دەرەوەی عێراق**
**گەڕانەوە**

***پارتە ئیسلامییەکانی عێراق دوو جۆرن پارتە شیعەکان کە پتر پەیوەستن بە ئێرانەوە، هەروەها پارتە سوونننییەکانیش کە سەر بە ڕێکخراوی ئیخوان موسلمینن، ئایا ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەت بوو بۆ ئەوەی وڵاتەکە لە لایەن پارتە ئیسلامییەکانەوە حکومڕانێتی بکرێت؟**

- من ناڵێم ئەمە ئامانج و مەبەستی ئەمەریکا بوو، بەڵام ئەوانەی پلانی داگیرکردنی عێراقیان دارشت، هیچ شتێکیان لەبارەی مێژووی عێراق و هەلومەرجی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە نەدەزانی، هەر بۆیە دەستێوەردان و داگیرکارییەکە بووە هۆی دروستبوونی دەرئەنجامێکی نەخوازراو، مەبەستم ئەوەیە لە کاتی دروستبوونی بۆشاییەکی گەورەی دەسەڵاتدا ئەو پارتانە پڕیانکردەوە کە لە تاراوگەدا بوون و لە ئێران و لەندەن و چەند شوێنێکی دیکە بوون، مەبەستم ئەوەیە کە تەنها پارتە ئیسلامییەکانی لە ڕووی سیاسییەوە ڕێکخرابوون، وەك حزبی دەعوە و پارتەکانی دیکە، ئەمە جگە لە کوردەکان، کە ئەمە مەسەلەیەکی جیاوازە. هەروەها ڕەوتی سەدریش توانیویەتی سوود لە خەڵکە هەژارەکەی شیعە وەربگرێت. ئەوەی پەیوەندی بە سوونەکانەوە هەبێت، ئەوا ئەمەریکا بە هەڵەداچوو کاتێك پێی وابوو لەبەر ئەوەی سەدام سوننە بوو ئەوا هەموو سوونەکان خراپ بوون، لەبەر ئەوەی سوونەکانیش دووچاری کوشتن و ستەم دەبوونەوە لەسەر دەستی سەدام. بەڵام ژمارەی کوژرا و ستەملێکراوی شیعەکان زیاتر بوو، لەبەر ئەوەی شیعەکان زۆرتر بوون لە وڵاتەکەدا.

***حاڵی حازر سێ سیستەمی جیاواز لە عێراقدا پیادە دەکرێت، ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بریتییە لە ئەزموونێکی دیموکراسی، لە ناوەڕاستی عێراقدا سیستەمێکی ئیسلامی باڵادەستە کە سوونەکان زاڵن بەسەریدا، هەروەها ئەو سیستەمە ئیسلامییەی لە لایەن شیعەکانی باشوورەوە پیادە دەکرێت، چۆن دەکرێت ئەم سێ سیستەمە جیاوازە پێکەوە بگونجێنرێت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت من پێموایە هەمیشە کوردەکان خوازیاری بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بوونە لە چوارچێوەی عێراقدا و دەبێت ئەم ئۆتۆنۆمییەشیان پێ بدرێت، ئەمە شتێکی حەتمییە، بەهۆی ئەو شێوە مامەڵەیەی لە لایەن سەدامەوە لەگەڵیانداکراوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی ناسنامەیەکی جیاوازیشییان هەیە، لەلایەکی ترەوە هەرچەند پێشبینی دەکرێت کوردەکان لە عێراق جیاببنەوە، بەڵام هێشتا ئەم جیابوونەوەیە ڕووی نەداوە، من پێموایە کوردەکان کارێکی ژیرانە ناکەن ئەگەر هەوڵی جیابوونەوە بدەن، لەبەر ئەوەی ئەمە کێشە و گرفتی زۆرتریان بۆ دەخوڵقێنێت. ئەوەی پەیوەندی بە سوونەکانەوە هەبێت، ئەوا ئەوان نیگەرانن لە ئایندە، هەروەها ئەوان هەوڵ دەدەن خۆیان پەیوەست بکەنەوە بە ڕەوتی نەتەوەگەرایی عەرەبەوە، کە ئەم ڕەوتەش کۆتایی هاتووە و هیچ ئایندەیەکی نییە. لە لایەکی ترەوە ناتوانین بڵێین شیعەکان یەك تێڕوانین و بیرکردنەوەیان هەیە، لە ڕاستیدا مەیل و ئاڕاستەی سیاسی جیاواز هەیە لە ناو شیعەکاندا، ئەو شەڕەی لە نیسان و ئایاردا ڕوویدا لە بەسرە لە نێوان ڕەوت و لایەنە شیعەکاندا بوو.

***سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دژی بەرژەوەندییەکانی دوژمنەکانی ئەمەریکایە، بۆ نموونە سوریا و ئێران، لە هەمانکاتدا دژی بەرژەوەندییەکانی دۆستەکانی ئەمەریکاشە، وەك سعودیە و تورکیا، چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانن هاوسەنگی ئەم هاوکێشەیە بپارێزێت؟**

- من پێموایە عێراقێکی ئاشتیخواز لە بەرژەوەندی هەموولایەکە، بە پێچەوانەوە ناسەقامگیری، نائارامی و خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی

سەرچاوەی مەترسییە بۆ سەر هەموولایەك. من پێموایە ئەگەر پاڵێوراوی دیموکراتەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا، کە من ئومێدەوارم سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا جۆرێك لە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا دەستپێدەکات، هەروەها گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر سیاسەتی ئەمەریکادا دەهێنێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە من هیوادارم ئەم گۆڕانکارییە رووبدات، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لە حاڵی حازردا بەدی دەکەین لە نێوان سوریا و لوبناندا ئاماژەیەکی باشە، لەبەر ئەوەی ئەگەر پەیوەندی دیبلۆماسی لە نێوان سوریا و ئوردندا دروست بێت ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە سوریا وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە لوبنان دەڕوانێت نەك وەك بەشێك لە سوریا. بە هەر حاڵ ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت دەبێت ئەوە بە روونی و راشکاوی رابگەیەنرێت کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا پاشەکشەیان پێدەکرێت، ئیتر گرنگ نییە ئەو کشانەوەیە دوو ساڵی دیکە یان چەند ساڵی دیکە جێبەجێ دەکرێت.

## شوێنکەوتوانی ئێستای موقتەدا سەدر پێشتر سەر بە حزبی شیوعی عێراقی بوون

***هەمیشە رژێمە تاکڕەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو راسپاردەیان هەبووە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە ئەگەر رێگە بە پرۆسەی دیموکراسی بدرێت، ئەوا پارتە ئیسلامییەکان جڵەوی دەسەڵات دەگرنەدەست، ئایا سەرکەوتنی پارتە ئیسلامییەکان لە عێراقدا بە مانای درێژەدان بە رژێمە دیکتاتۆرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە؟**

-من پێموایە دەبێت ئیسلامییەکان ئەو راستییە لەبەرچاو بگرن کە هەر کاتێك جڵەوی دەسەڵاتیان گرتەدەست، دەبێت ئەوە بزانن کە جیهانی راستەقینە بەو شێوەیە نییە کە ئەوان دەیخوازن، هەروەها دەبێت خۆیان لەگەڵ هەلومەرجە واقیعییەکەدا بگونجێنن. تا رادەیەك ئەمە لە ئوردندا بەدی دەکەین، هەروەها بەشێوەیەکی سەیریش لە ئێراندا، لەبەر ئەوەی سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ رژێمی ئیسلامی ئێراندا نین، بەڵام هاووڵاتییانی ئێران بە قووڵی بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکەدا دەکەن، هەروەها گفتوگۆیەکی بەرفراوان لە بارەی حکومەتی ویلایەتی فەقیهەوە دەکرێت، بۆ نموونە ئایەتوڵڵا مونتەزری بەرهەڵستی ئەم جۆرە سیستەمە دەکەن، بە هەمان شێوە سیستانی لە عێراق ئەم سیستەمە رەت دەکاتەوە. لە راستیدا سەرهەڵدانی پارتە ئیسلامییەکان بەهۆی ئەو بۆشاییەوە بوو کە تێکشاندن و لە رەگوریشە هەڵکێشانی پارتە کۆمۆنیستە چەپڕەوەکانەوە بوو لەلایەن لایەنگرانی ئەمەریکاوە لەم ناوچەیەدا لە ساڵانی پەنجا وشەست و حەفتاکاندا. تەنانەت شوێنکەوتووانی ئێستای موقتەدا سەدر سەر بە پارتە کۆمۆنیستییەکان بوون. هەروەها لە ساڵی ١٩٥٣دا ئەمەریکا هەڵسا بە تێکشکاندنی دیموکراتییەتی ئێرانی بە رووخاندنی رژێمی موسەدەق لە ئێران.

*** هەر کە باس لە سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا دەکرێت لە عێراقدا ئەوا بە باشترکردنی رەوشی ئەمنی وڵاتەکەوە گرێدەدرێتەوە، بەڵام ئەگەر دابینکردنی ئاسایش تاقە پێوەری سەرکەوتن بێت ئەوا سەدام حوسێن لە هەموو کەس سەرکەوتووتربوو، لەبەر ئەوەی ئاسایش و سەقامگیری پاراستبوو، تێڕوانین و لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا ژمارەیەکی زۆری سەربازی ئەمەریکی و خەڵکی مەدەنی عێراق دەبوونە قوربانی، بەڵام لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا بارودۆخی ئاسایش بەرەو باشتر چووە، ئەمەش وای لە ئەمەریکییەکان کردووە رایبگەیەنن سیاسەتەکەمان سەرکەوتوبووە لەبەر ئەوەی ژمارەی کوژراوەکان و شەڕی تائیفی پاشەکشەیان کردووە، بەڵام ئەمە کۆتایی پرۆسەکە نییە، بەڵکو سەرەتای پرۆسەکەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت سوود لەم کەشە ئەمنییە وەربگیرێت بۆ ئەوەی لایەنەکانی عێراق بگەنە رێککەوتنێکی سیاسی، بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن.

*** لە عێراقدا تەنها کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن، هەروەها ئەزموونی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، بۆچی ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری کوردەکان ناکات، بۆ نموونە لە مەسەلەی کەرکووکدا؟**

- من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پاڵپشتی کوردەکانی کردووە، بەڵام مەسەلەی کەرکووك مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی پەیوەست نییە بەوەی چ لایەك راستە و چ لایەك هەڵەیە، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتەوە، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی بە تورکیا و تورکمانەکانەوە هەیە، تورکیاش دۆست و هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکایە، ئەگەر تورکیا بەو دەرئەنجامە نائاسوودە بێت کە لە کێشەی کەرکووك دەکەوێتەوە، ئەوا ئەمەریکا دوودڵ دەبێت لە پشتگیریکردنی کوردەکان. ئەمەریکا جگە لە ئیسرائیل و سعودیە و ئوردن دۆست و هاوپەیمانی راستەقینەی نییە لە ناوچەکەدا، راستە کوردەکان پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا، بەڵام تورکیا وڵاتێکی گەورە و دانیشتوانێکی گەورەی هەیە و ئەمەریکا ناتوانێت زیاد لە سنووری خۆی تورکیا توڕە بکات، لەبەر ئەوەی تورکیا دەتوانێت کێشە و گیروگرفتی زۆر بۆ ئەمەریکا دروست بکات.

***هەندێ لە چاودێران پێیانوایە ئەگەر عێراق ناچار بکرێت بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا شایستەی ئەوە نییە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، لێدوانی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

ئەگەر من لە جێی کوردەکان بوومایە ئەوا بەم شێوەیە بیرم دەکردەوە، کوردستان خوازیاری جیابوونەوە و سەربەخۆییە، بەڵام هەلومەرجەکە رێگە بە ریگاچارەیەکی لەم چەشنە نادات، لەبەر ئەوەی جاڕدانی سەربەخۆیی لەم ساتەوەختەدا بیرۆکەیەکی باش نییە، کوردەکان لە ساڵی ١٩٩١ەوە خۆی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، ئاشتی و ئارامی و گەشەکردن لە کوردستاندا هەیە، با ئومێدی بەردەوامی بوونی ئەم بارودۆخە بکەین و کاری بۆ بکەین.

***ئایا گەشبینیت بە ئایندەی کوردستان؟**

بەڵی، هەروەها رەنگە لە ماوەی بیست ساڵی داهاتوودا هەلومەرجەکە لەبار بێت بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا.

●●●
**کوردەکان کارێکی ژیرانە ناکەن ئەگەر هەوڵی جیابوونەوە بدەن، لەبەر ئەوەی ئەمە کێشە و گرفتی زۆرتریان بۆ دەخوڵقێنێت**
●●●

●●●
**وای لە ئەمەریکییەکان کردووە رایبگەیەنن سیاسەتەکەمان سەرکەوتوبووە لەبەر ئەوەی ژمارەی کوژراوەکان و شەڕی تائیفی پاشەکشەیان کردووە، بەڵام ئەمە کۆتایی پرۆسەکە نییە، بەڵکو سەرەتای پرۆسەکەیە**
●●●

●●●
**مەسەلەی کەرکووک مەسەلەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەوەی پەیوەست نییە بەوەی چ لایەک راستە و چ لایەک هەڵەیە، بەڵکو پەیوەستە بە سیاسەتەوە، ئەگەر تورکیا بەو دەرئەنجامە نائاسوودە بێت کە لە کێشەی کەرکووک دەکەوێتەوە، ئەوا ئەمەریکا دوودڵ دەبێت لە پشتگیریکردنی کوردەکان. ئەمەریکا جگە لە ئیسرائیل و سعودیە و ئوردن دۆست و هاوپەیمانی راستەقینەی نییە لە ناوچەکەدا، راستە کوردەکان پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا، بەڵام تورکیا وڵاتێکی گەورە و دانیشتوانێکی گەورەی هەیە و ئەمەریکا ناتوانێت زیاد لە سنووری خۆی تورکیا توڕە بکات**
●●●

**جاسۆن کامپل پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر دۆسیێ عێراق لە ئامۆژگای برۆکینگز بۆ گوڵان:**

# دەبێت کێشە سەرەکییەکانی عێراق بە تەوافوقی گشتی چارەسەر بکرێن

**جاسۆن کامپل یەکێکە لە توێژەر و ناسراوەکانی ئامۆژگای برۆکینگز لەسەر دۆسیێ عێراق و شرۆڤەکارێکی سیاسی بارودۆخی عێراقیشە و بەردەوامیش لەسەر دۆسیێ عێراق لە ڕۆژنامەکان وەك نیۆیۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست وتار بڵاو دەکاتەوە و هەندێك دیراسەتیش بە هاوبەشی لەگەڵ توێژەری ناسراو لەسەر دۆسیێ عێراق مایکل ئۆهالون بڵاو دەکاتەوە.**

**سەبارەت بەو گیر و گرفتانەی ڕووبەڕووی عێراق دەبنەوە جاسۆن کەمپل بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



*** تێکڕای عەرەبەکانی عێراق لە دژی کورد بەرهەڵستی گەڕاندنەوەی کەرکوك دەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە مانای جێبەجێ نەکردنی دەستوور دێت، بە تایبەتی ماددەی ١٤٠، ئایا لەم حاڵەتەدا چ ڕێگاچارەیەك لە بەردەم کوردەکاندا دەمێنێتەوە؟**

- ئەمە یەکێکە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان کە پێوەی گرفتارین، لە راستیدا دەتوانین ئاماژە بە سەرکەوتنی ئەزموونی تێپەڕاندنی چەند یاسایەك بەسەر یەکەوە بکەین، کە دەرئەنجامی ڕێککەوتن و تەوافوقی گشتی نێوان پێکهاتە و لایەنەکانی پەرلەمان بوون، هەروەك ئەوەی لە سەرەتای ئەم ساڵدا بەدیمان کرد لە تێپەڕاندنی یاساکانی بودجە و یاسای لێبوردن و یاسای هەڵبژاردنەکاندا. بەڵام هێشتا مەسەلەی کەرکووك و یاسای نەوت و گاز یەکلانەکراونەتەوە کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، ڕەنگە ئەمە دەرفەتێك بێت بۆ ئەوەی ئەم کێشانە پێکەوە چارەسەر بکرێن، بۆ نموونە ئەگەر کوردەکان رازی بن لە سەر دابەشکردنی بەشێکی دەسەڵاتی کەرکووك، ئەوا ڕەنگە عەرەبەکانی عێراقیش هەڵوێستێکی نەرمتر بنوێنن. کاتێك باس لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکرا، ئەوا پێدەچوو کە هەرلایەك هێڵێکی سووری دانابێت کە نابێت ببەزێنرێت، بەڵام دەبێت کێشەکانی دیکەش لەبەرچاو بگرین کە کاریگەریان هەیە بەسەر کێشەی کەرکووکەوە بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە چارەسەریان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنیا جەخت لەسەر ماددەی ١٤٠ بکرێتەوە، ئەوا ڕەنگە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە زۆر زەحمەت بێت ئەگەر مەحاڵ نەبێت.

*** بەرای تۆ مەبەست لە جەختکردنە سەر کێشەکانی دیکە چین ؟**

- من پێموایە دەبێت سەرەتا عێراقیەکان هەڵبستن بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان، بۆ نموونە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە دواخراوە بۆ سەرەتای ساڵی نوێ، هەروەها دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانە، دواتر بیر لەوە بکەنەوە ئایا دەوڵەتە دراوسێکان بەرژەوەندییان هەیە لە ناسەقامگیری عێراقدا یاخود نا، واتە دەبێت عێراقییەکان هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخەکەیان و چارسەرکردنی ناکۆکییەکان و ئەمە بکەن بە ئەولەوییەت، ئەو کاتە لەوە بکۆڵنەوە ئایا دەوڵەتە دراوسێکان چ هەڵوێستێکیان دەبێت، بۆ نموونە ڕەنگە هێزە دەرەکییەکان کاریگەریان هەبێت بەسەر هەندێ لە لایەنەکانی عێراقەوە، بەڵام زۆرێك لە پارتە شیعەکانی باشوور و پارتەکانی باکوور سوودیان لە بەشداری نەکردنی سوننەکان وەرگرت لە هەڵبژاردنەکاندا، کە باش دەزانن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، لەبەر ئەوەی هەموو لایەك بەشداری دەکەن ئەوا هەندێك لە کاریگەرییەکانیان لە دەست دەدەن، هەر بۆیە ڕەنگە هەوڵی دواخستنی ئەو هەڵبژاردنانە بدەن.

*** لە عێراقدا تەنها کوردەکان خۆیان بە دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا دەزانن، هەروەها ئەزموونی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، بۆچی ئەمەریکا وەك پێویست پشتگیری کوردەکان ناکات، بۆ نموونە لە مەسەلەی کەرکووکدا؟**

- من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتگیری سەرکەوتنی کوردەکان دەکات، بەڵام ئەو کاتە ئەمەریکا گرفتاری بارودۆخێکی سیاسی سەخت دەبێت، ئەگەر هەندێ لە ناوچە کوردییەکان هەوڵی جیابوونەوەیاندا لە عێراق. ئەمەریکا پشتگیری لە کرانەوەی ئابووری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد دەکات. هەرێمی کوردستان ئارامە و ئەمەریکا خوازیارە ئەم ئارامی و ئاسایشە سەرتاسەری وڵاتەکە بگرێتەوە، نەك تەنها لە کوردستاندا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە بەهەڵەدادەچین ئەگەر پێمان وابێت ئەمەریکا پشتگیریان ناکات. بەڵام لە گۆشەنیگای

سیاسەتی ئەمەریکاوە دەبێت بایەخ بە تێکڕای عێراق بدرێت، نەك تەنها جەخت لەسەر ناوچەیەکی دیاری کراو بکرێتەوە.

*** ئێستا لە لای ئەمەریکا باش بوونی ڕەوشی ئاسایش بۆتە باشترین پێوەر بۆ پرۆسە سیاسییەکە، لە کاتێکدا پرۆسە سیاسییەکە لەوپەڕی مەترسیدایە ئایا هۆکاری ئەم پێوانە تازەیەی ئەمەریکا بۆ ڕەوشی عێراق چییە ؟**

- من پێموایە باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی لە وڵاتەکەدا هەنگاوی یەکەمە، بەڵام هەموو ئامانجەکە نییە، لەبەر ئەوەی نە باڵیۆز کرۆکەر، یان جەنەراڵ پاتریۆس رایان نەگەیاندووە کە سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە و با بگەڕێینەوە بۆ ووڵاتەکەمان، باشتربوونی بارودۆخی ئاسایش بناغەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر و بۆ دابینکردنی پێداویستی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان. بەڵام دەبێت ئەمە دەرفەتێك بێت بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە بواری سیاسیدا. ماوەی ساڵێکی کەمترە کە هەست بەم بەرەوپێشچوونە دەکرێت و ئێستا خەڵکی تەنها جگە لە دابینکردنی سەلامەتی داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سیاسییەکانی وڵاتەکەیان دەکەن، داوای ڕەخساندنی هەلی کاریان لێدەکەن، ئەمانەش ئاماژەگەلێکی ئیجابین.

*** هەندێ لە چاودێران پێیان وایە ئەگەر هەوڵبدرێت بەزۆر عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا شایستەی ئەوە نییە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، لێدوانی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من پێم وایە عێراقێکی یەکگرتوو لە عێراقێکی دابەشبوو بەهێزترە، لە لایەکی ترەوە لەبەر هۆکارە جیۆپۆلیتیکییەکان ئەوا دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە بەرهەڵستی دەکرێت، هەربۆیە دەبێت هاوسەنگییەك بەدی بهێنرێت لە نێوان مانەوەی کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا لە گەڵ ڕێزگرتن لەو ئۆتۆنۆمییەی کوردەکان لە ماوەی دەیەی رابردوودا بەدەستیان هێناوە.


***ئێستا لە عێراقدا پارتە ئیسلامییەکانی سوننەو شیعەو قەومییە شۆڤێنییەکانی عەرەب باڵا دەستن و نەخشەی سیاسیی ئایندەی عێراق دیای دەکەن، ئایا ئەم ئاراستەیە عێراق بەرەو کۆی دەبات ؟**

- دەبێت هاوسەنگییەك بپارێزرێت لە کاتی بنیاتنانی سیستمێکی یاسایدا کە لە بەشێکیدا لەسەر یاسای ئیسلامی بنیاتنرابێت، بەڵام ببێتە هۆی ئەوەی حکومڕانێتییەکی دیموکراسی پیادە بکرێت، بە چەشنێك هەڵبژاردنی ئازاد و خاوێن ئەنجام بدرێن بۆ دیاری کردنی لایەنی حکومڕان و هەمووانیش ڕێز لە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بگرن.

ڕەنگە هەندێ لە پارت و ڕەوتە شیعەکان کاریگەر بن بە پارت و بیرباوەڕی شیعییەکانی وڵاتانی دیکە، یاخود سوننەکانیش بکەونە ژێر کاریگەری ووڵاتانی سوننی دیکەوە، بەڵام ناکرێت گشتاندنێك بکرێت و ئەو حوکمە بدرێت کە تێکڕای شیعەکان وەلائیان بۆ عێراق نییە و نەتەوەپەروەر نین، یاخود هەموو سوننەکان درێژکراوەی ئیخوان موسلمینن و نەتەوەپەروەر نین، بەڵکو ئەوانیش وەلائیان بۆ عێراق هەیە و دلسۆزن بۆ وڵاتەکە. یاخود ناتوانرێت ئەوە ڕابگەیەنرێت کە تەنیا بەرژەوەندی شیعەکان یان سوننەکان لەبەرچاو گیراوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا بەرەوپێشچوون بەدەست هاتووە و زۆرێك لە لایەنەکان لە گەڵ ئەوەی ڕەنگە کاریگەر بن بە پارتەکانی دەرەوە بەڵام هەوڵ و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی تێکڕای نەتەوەکە بهێننەدی. هەروەها گرنگە پارت و لایەنەکان بەردەوام بن لە سەر پێکەوە کارکردن بۆ بەدیهێنان و پەرەپێدانی بەرژەوەندیە گشیەکان، نەك بەرژەوەندی شیعە، یان سوننە، یان کوردەکان بە تەنها.

***حاڵی حازر سێ سیستمی جیاواز لە عێراقدا پیادە دەکرێت، ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بریتییە لە ئەزموونێکی دیموکراسی، لە ناوەڕاستی عێراقدا سیستەمێکی ئیسلامی باڵادەستە کە سوونەکان زاڵن بەسەریدا، هەروەها ئەو سیستەمە ئیسلامییەی لە لایەن شیعەکانی باشوورەوە پیادە دەکرێت، چۆن دەکرێت ئەم سێ سیستەمە جیاوازە پێکەوە بگونجێنرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، لە هەندێ شوێنی وەك ئەنبار کە بە تەواوەتی سوونەنشینە، ئەگەر سەرکردە مەحەلییەکان سەر بە تائیفە یان ئیتنێکی دیاری کراوبن ئەوا ئەمە نابێتە هەڕەشە بۆ سەر سیاسەتی نەتەوەیی، هەروەها ڕەنگە لە ئایندەی نزیکدا زۆربەی سەرکردە مەحەلییەکانی ناوەڕاستی عێراق سوننە بن، سەرکردەکانی باشوور شیعە بن، هەروەها لە باکووردا کورد بن. بەڵام گرنگ ئەوەیە بتوانن لەسەر ئاستی نەتەوەی هەوڵی پێکەوە کارکردن بدەن بۆ ئەوەی بگەنە ریککەوتنێك بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەگەلێکی دیاریکراو و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لە وڵاتەکەدا.



**ئەگەر کوردەکان ڕازی بن لە سەر دابەشکردنی بەشێکی دەسەڵاتی کەرکووک، ئەوا ڕەنگە عەرەبەکانی عێراقیش هەڵوێستێکی نەرمتر بنوێنن**

**ئەمەریکا پشتگیری لە کرانەوەی ئابووری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد دەکات**